ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژماره ٨٢١ ▌ چوارشەممە ٣١ی خاکەلێوەی ١٤٠١ _ ٢٠ی ئاپریلی ٢٠٢٢

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## مستەفا مەولوودی: پرسی کورد هەم نێودەوڵەتییە و هەم پرسی نێوخۆیی چەند وڵاتە



– خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانن کە دروشم و ئامانجی سەرەکیی حیزبی دێموکرات دابینکردنی دەسەڵاتی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستانە، بۆیە هەمیشە پشتگیری و خاوەندارەتییان لەو حیزبە کردووە.

– دروشمی ستراتیژیی حیزب کە باس لە وەدیهاتنی مافی هەموو پێکهاتەکانی ئێران بۆ مانەوەی ئەو ئێرانە دەکا، زۆر واقعبینانە و کلیلی چارەسەری کێشەکانی هەنووکەی ئێرانیشە.

– ئێران لە مێژووی خۆیدا حکوومەتی دێموکراتیکی بەخۆیەوە نەدیوە، بەڵکوو ئەو وڵاتە هەمیشە بە دیکتاتۆری و سەرکوتکردنی نەتەوە و گەلانی ئێران بەڕێوە چووە، بۆیە کولتووری پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بە بەشداریی هەموو پێکهاتەکان هێشتا لەو وڵاتەدا دروست نەبووە.

– لەگەڵ ئەوەدا کە سیستەمی فیدراڵی پێناسەی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام مەرج نییە دەقاودەق فیدراڵیزم لە هەموو وڵاتاندا وەکوو یەک جێبەجێ بکرێ. هەلومەرجی ناوچەکە و وڵات، کولتووری جیاوازی پێکهاتەکان و لامەرکەزیی هەموویان دەور دەبینن، بەتایبەت لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کە ئەو جۆرە لە سیستەمی حکوومەتێکی ئەزموون نەکراوە.

– دروستکردنی نیزامی فیدراڵی لەنێو گەلان و پێکهاتەکاندا حەتمەن دەبێت ئارەزوومەندانە بێت. نیزامی فیدراڵی ئەگەر ئارەزوومەندانە نەبێت، هەر نایەتە ئاراوە و دروست نابێت.

(تەواوی وتووێژەکە لە لاپەڕەکانی ٢ و ٣دا بخوێننەوە)

# خەباتێکی ڕەوا و سەنگەرێکی ئاوەدان

سەروتار

## پاسداران سپایەک بۆ ئەرکی تێرۆریستی

**کەماڵ کەریمی**

دووی بانەمەڕ ڕۆژی دامەزرانی سپای پاسداران لە ئێرانە. لەم ڕۆژەدا و لە ساڵی ١٣٥٨ بە دوای دەستووری خومەینی بو مەبەستە تایبەتییەکانی ئاخوندەکان کە دواتر لە کار و کردەوەیدا دەرکەوت، بەڵام بە ناوی هێزێک بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی بەناو ئیسلامی دەست کرا بە کۆکردنەوەی کەسانی بێئەزموون و ئێحساسی کە باوەڕیان بە قسە و دروشمەکانی ئاخووندەکان هێنابوو و بێ هیچ بیرکردنەوەیەک لە پێناو فتواکانی ئەواندا خۆیان دەکردە قوربانی، ئەم ڕێکخراوە چەکدارییەیان ڕێکخست. هەر ئەوکات دیاربوو کە خومەینی و دارودەستەکەی مەبەستیان لە دروستکردنی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی، ڕێکخستنی هێزێکی ئیدئۆلۆژیکی گوێڕایەڵ بوو تەنیا بۆ پشتیوانیکردن لە بیرکردنەوەکانیان و گۆپاڵێک بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستەکانیان.

یەکەم هەنگاوی شەڕەنگێزانەی ئەم پاسدارانەی بەناو شۆڕش هێرشی بەربڵاوی ئەوان بۆ سەر شۆڕشگێڕانی کوردستان بە دوای فتوای خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ئەو ساڵەدا بۆ لە نێوبردنی وەک ئەو دەیگوت لەشکریانی کوفر بوو لە کوردستان. لەشکرکێشییەکی دەیان هەزار کەسی کە بە هۆی خۆڕاگریی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان دوای ٣ مانگ شکستی هێنا و خومەینی ناچار کرد پەیامی خەڵکخەڵەتێنانەی وەستانی شەڕ و برایەتی بڵاو بکاتەوە.

دیارە لایەنێکی دیکەی ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢



## پۆلێکی دی لە لاوانی کورد هاتنە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە

ڕۆژی دووشەممە ٢٩ی خاکەلێوە، بە کۆتاییهاتنی دەورەی ٢٤٦ی سەرەتایی پێشمەرگە پۆلێکی دیکە لە لاوانی بەهەست و نیشتمانپەروەری کورد بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەیان پۆشی و لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا سازمان دران.

لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆتایی ئەو دەورەیەدا کە بە سروودی نەتەوەیی و ڕێژەی بەشدارانی دەورە دەستی پێ کرد، کاک خدر پاکدامەن، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتارێکی پێشکێش کرد.

بەڕێزیان لە بەشێک لە قسەکانیدا ڕوو بە بەشداران گوتی لە ئێستا دا شعووری نەتەوەیی لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا لە لووتکە دایە. چ لەڕابردوو و چ لە ئێستا دا قورسایی باری خەبات و تێکۆشان لە ئەستۆی هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵی کوردوارییە و ئەگەر هاوکاری و بەپیرەوەهاتنی خەڵکی کوردستان نەبوایە بێگومان هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەروا بە ئاسانی نەیدەتوانی ئەم خەباتە ئیدامە بدا، کە وابوو دەتوانین بڵێین خەباتی ئێوە بۆ خەڵکی کوردستانە و خەڵکی کوردستانیش بەئەمەگناسیەوە لە نێو جەرگەی وڵات لە بەرانبەر دژمنێکی غەداری وەک کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستاون، دەکوژرێن، دەکەونە بەندیخانەکانی دوژمن، ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن، لە سێدارە دەدرێن بەڵام واز لە بیروباوەڕ و خەبات ناهێنن و بە هاوئاهەنگی هەموومان بەنەیارانی گەلەکەمان دەسەلمێنین کە ئێمە گەلێکی زیندووین و هیچ هەڕشەیەک نامانترسێنێ و لە ویست و داواکارییەکانمان پاشگەزمان ناکاتەوە.

خوێندنەوەی پەیامی بەشدارانی دەورە، ڕێزگرتن لە چەند پێشمەرگەیەکی سەرکەوتووی دەورە، پێشکێشکردنی گۆرانی و سروودێکی شۆڕشگێڕانە چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.




چەند وێستگەیەکی مێژوویی حیزبی دێموکرات لەدوای شۆڕشی ١٣٥٧ | ٤



میکۆنووس جینایەتێک کە نابێ لەبیر بچتەوە | ٥



دابڕانی پێکهاتەکانی کوردستان لە بەرژەوەندیی کێدایە؟ | ٦



بۆچی ڕووسیە ئەو جەنگە دەدۆڕێنێ؟ | ٨



شوێنی ئێران لە هاوکێشەکانی چین و ڕووسیەدا | ١٠

درێژەی سەروتار

## پاسداران سپایەک بۆ ئەرکی تێرۆریستیی

... دروستکردنی ئەم سپایە ترس و نیگەرانیی خومەینی و ئاخووندەکان بوو لە بوونی ئەرتەشێک لە ئێراندا کە بە هۆی جۆری پەروەردەیان لەگەڵ بیر و بۆچوونی دەسەڵاتخوازانەی ئەوان نەدەهاتەوە. لەگەڵ ئەوەی هەر لە یەکەم مانگەکانی دوای سەرکەوتنیان بە دەیان کەس لە فەرماندە پلە بەرزەکانی ئەرتەشیان گرت و ئێعدام کرد بەڵام ئەم نیگەرانییە نەڕەوییەوە و لاوازکردنی ئەرتەش و دروستکردنی جێگرەوەیەکی نیزامی بەهێزتر بوو بە مەبەستی سەرەکییان.

ئێستا کە ٤٣ ساڵ بەسەر دامەزرانی ئەم سپایەدا تێپەڕ دەبێ چاوخشاندنێکی سەرپێیی بە ئاکار و کردەوەکانیاندا جگە لە جینایەت و کوشتن و بەتاڵانبردنی ماڵ و سەرمایەی خەڵکی ئێران هیچ خزمەتێک لە کارنامەکەیدا نابینی. لە نێوخۆی وڵات سپای پاسداران لە تەواوی ئەو ساڵانەدا ئەرکی سەرکوتی هەر چەشنە هەوڵێکی ئازادیخوازانە و مافخوازانەی خەڵکی لەئەستۆ بووە و پاسدارە گوێلەمستەکان و فەرماندە مەسڵەحەتخوازەکانیان بەبێ بیرکردنەوە لە هیچ بەرژەوەندییەکی گشتی و تەنیا لە پێناو ڕازیکردنی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان دەستیان لە هیچ جنایەتێک نەپاراستوە. جگە لە جینایەتەکانی چوار دەیەی ڕابردوویان لە کوردستان، لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵکوژیی هەزاران کەس لە شارەکانی خووزستان، شیراز، بووشەهر، کەرەج و زۆر شوێنی دیکەی ئێران کە تەنیا داوای مافە خوراو و ونبووەکانیان دەکرد لە کەس شاراوە نییە. لە کاتێکدا فەرماندەکانی ئەم سپایە بەئاشکرا بە هەزاران میلیارد تمەنی سەرمایەی وڵاتیان دزیوە و بۆ خزمەتی کەسیی خۆیان بە کاری دێنن. جگە لەوەش ئاشکرابوونی دەستی تێرۆریستەکانی سپای پاسداران لە جینایەتەکانی ئوتریش، سویس، فەڕانسە، ئاڵمان، تورکییە، عێراق و زۆر شوێنی دیکەی جیهان لە تێرۆرکردنی ڕێبەران و چالاکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی دەری خست کە ئەوان تەنیا لە نێوخۆی وڵات لەدژی جیابیرانی خۆیان ناوەستنەوە بەڵکوو وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی نێودەوڵەتی لە ئاستی جیهاندا ڕووبەڕووی هەر چەشنە موخالیفەتێکدا بە تێرۆر وڵام دەدەنەوە.

دیارە ئەرکەکانی سپای پاسدارانی بەناو شۆڕش تەنیا لە نێوخۆی وڵات و تێرۆری دژبەرانی لە دەرەوەی وڵات قەتیس نەمایەوە. بەڵکوو بە دامەزراندنی لقی سپای قودس کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕێبەری ڕێژیمەوە سەرپەرشتی دەکرێ و لەژێر دروشمی ناردنەدەرەوەی شۆڕش و بە مەبەستی کاریگەرییان لە سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا، کردەوەی جینایەتکارانەی خۆیان گواستەوە بۆ وڵاتانی دیکە و ئەو وێرانکارییانەی لە لوبنان، فەلەستین، سووورییە و یەمەن دەبیندرێ هەوڵێک بووە هەرچەند شکستخواردوو، بۆ سەپاندنی بیر و دەسەڵاتی ئاخووندەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا. ئەوان بە پاڵپشتیی سپای قودس و بە پووڵ و سەرمایەی خەڵکی هەژارکراوی ئێران لە وڵاتانی دوور و نزیک و بۆ ئاژاوەنانەوە و ناسەقامگیری زۆر لەو وڵاتانە، هەوڵی دروستکردنی ڕێکخراوی تێرۆریستیی جۆراوجۆریان داوە. کێشەی زیاتر لەوەش ئێستا گومانی دەست تێدابوونی سپای قودس لە کارە تێرۆریستییەکانی لە ئارژانتین و تەقاندنەوەی ناوەندی جوولەکەکان لەو وڵاتە هاوکاری کۆماری ئیسلامی و ڕێکخراوی "ئەلقاعیدە" دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرایيل نەڕەوییوەتەوە. بەمجۆرە سپای پاسداران نەک وەک هێزێک نیزامی قبوولکراو بەڵکوو وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی نێودەوڵەتی پێناسە کراوە.

هەموو ئەم سیاسەت و کردەوانە بوو کە دوای ڕەدکردنەوەی ڕێککەوتنی بەرجام، دوناڵد ترامپ سەرۆکی پێشووی ئەمریکا بڕیاری بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی ئێرانی ڕاگەیاند. بەپێی ئەو بڕیارە سپای پاسداران کەوتە نێو لیستی گرووپە تێرۆریستییەکانی جیهان و کۆمەڵێک سزای هەروەک ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی دیکەی بەسەردا سەپا. دیارە بەدەر لەوەی کە ئەو سزایانە چەندە کاریگەریی لەسەر سیاسەتی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی و ئاکاری ئەو سپایە دانا، لەبەر ئەوەی ئە بڕیارە دانپێدانانێکی فەرمی بوو لەلایەن وڵاتێکی گەورە و خاوەن بڕیار لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، شوێنەواری لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی دانا. هەر لەبەر ئەوە ئەگەر ئێستا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران بیانەوێ یادی دامەزرانی ئەم سپایە بکەنەوە دەبێ بزانن کە هیچ کەس لە ئێران و جیهاندا شانازی بەم یادەوە ناکەن و خەڵکی ئێران ئەمە وەک بەشێک لە شانازییە نیشتمانییەکان نابینن. سپایەک کە لە بۆچوونی خەڵکدا لە ئێرانی داهاتوودا هیچ جێگە و پێگەیەکی نامێنێ و بێگومان خەڵک چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە دەکەن کە فەرمانەکانی سپا تاوانی جینایەتەکانی خۆیان بدەنەوە.

# مستەفا مەولوودی:

# نەخشەڕێی خەباتی حیزبی دێموکرات قەت ناتەبایی لەگەڵ ویستی خەڵکی کوردستان نەبووە

**وتوویژ: کاروان مێراوی**

**بەرایی: کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٧٦ ساڵ پێش، سەربەخۆیی خۆی و کۆماری کوردستانی ڕاگەیاندووە و دوای نسکۆی ڕووخانی کۆمار دەستی لە خەبات هەڵنەگرتووە. حیزبە سیاسییەکانی کوردستان پاش کۆماری سەربەخۆی کوردستان، بۆ دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە چوارچێوەی ئێرانی هەنووکەیی، دروشمی خودموختاری و دواتریش فیدراڵیزمیان دەستنیشان کردووە، ئەوە لە کاتێکدایە کە دەنگی سەربەخۆییخوازی لە کۆمەڵگەی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر و بەرزتر دەبێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم پرسە چۆن لێک دەداتەوە و چۆن لە داهاتووی سیاسیی ئێران دەڕوانێت؟ خوێندنەوەی بۆ ستراتیژیی هەنووکە و پرسی سەربەخۆیی چییە؟ "کوردستان" لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو بابەتەی تاوتوێ کردووە و سەرەنجتان بۆ خوێندنەوە ڕادەکێشین.**

***

**کاک مستەفا با باسەکەمان بەو پرسیارە دەست پێ بکەین؛ پاش ٧٦ ساڵ لە دامەزرانی حیزب، پێتان وایە کە دروشمی ستراتیژیی ئێستەی حیزب لەگەڵ ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگونجێت؟**

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەناوی کۆمەڵگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دامەزراوە و هەمیشە ویست و داخوازەکانی کۆمەڵگەی کوردیی پێش هەموو شتێک داناوە و مێژووش ئەوە شاهیدییەمان بۆ دەدات. ئەوەی کە بۆ حیزبی دێموکرات گرینگ و ئامانج بووە، بەدەستەوەگرتنی جڵەوی چارەنووسی کورد بە دەستی خۆی بووە. هەر لە سەرەتاشەوە کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەریی دوای قازی محەممەد لە حیزبی دێموکراتدا ئاگاداری ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و بۆ دەستەبەری ئامانجەکانی ئەم گەلە خەباتیان کردووە. بەو پێشەکییەوە دێمە سەر ئەو باسەی کە دروشمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی ئێستەدا بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی و ژێئۆپۆلێتیکی ناوچە و هەڵکەوتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ ژیرانە، واقعبینانە و بەرپرسانەیە. ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ستراتیژیی خۆی لەسەر ئەوە دادەنێت کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا خاوەنی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان بێت و خەڵکی کوردستان لە دەوڵەتی ناوەندییشدا بە ڕێژەی خۆی بەشداریی کارای لە بەڕێوەبردنی وڵاتی ئێراندا هەبێت، لە هەموو ئاستەکاندا ژیرانەیە.

من پێم وایە ئەو دروشمە ژیرانەیە جێگای پەسند و پشتگیریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشە، لەبەر ئەوەی کە هەلومەرجی ناوچە و ئێران لەچاو ٧٦ ساڵ لەوەپێش گۆڕانێکی ئەوتۆ و تایبەتی بەسەردا نەهاتووە. خەڵکی ئێران و کوردستانیش ئێستە زیاتر دەرک بە پێکەوەژیانی دێموکراسییانە دەکەن، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی کە ئەو دەنگە بەهێزە و کورد مافی خۆیەتی خاوەنی کیانی تایبەت بە خۆی بێت، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرکیان بەوە کردووە کە دروشمی حیزبی دێموکرات بۆ دابینکردنی دەسەڵاتی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستانە و هەر بۆیە لەو بارەوە نەک ڕوویان لە حیزب وەرنەگێڕاوە، بەڵکوو بۆ هێنانەدیی ئەو دروشمە گونجاوەی ئێستەی حیزب پشتگیریشی دەکەن.

**باشە، دروشمی ستراتیژیی حیزب چەندە لەگەڵ بارودۆخ و ڕەوشی نێوخۆی ئێران گونجاوە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەرە ناوچەیی و جیهانییەکان؟**

ئەو چەمکانە ڕێژەیین و دوگم نین، بەڵام ئەگەر وڵاتی ئێران وەکوو تابلۆیەک بێنینە بەرچاومان، دەبینین کە دروشمی ستراتیژی حیزبی دێموکرات زۆر بەرپرسانە و لەگەڵ ڕەوشی نێوخۆیی وڵات و ناوچەکە گونجاوە. ئێران وڵاتێکی پان و بەرینە، پێکهاتەی دانیشتووانی فرەچەشنە و پێکهاتەیەلی فرە نەتەوەیی، فرە ئایینی و تەنانەت فرە فەرهەنگیی هەیە؛ جیا لەوەش لە باری ژێئۆپۆلێتیکەوە ئێران لە ناوچەیەکی زۆر ستراتیژیی جیهان هەڵکەوتووە، دەوری وڵاتانی زلهێز ئێستەشی لەگەڵ بێت لەو وڵاتەدا حاشاهەڵنەگرە. هێزێکی سیاسیی کارای وەکوو حیزبی دێموکرات بە ئەزموونی ٧٦ ساڵ خەبات و تێکۆشان، ناکرێت ئەو فاکتەرانە و زۆر فاکتەری دیار و نادیاری دیکە بۆ پێکەوەژیانی خەڵکی ئێران لەبەرچاو نەگرێت و ستراتیژیی خۆی لەسەر دانەڕێژێت.

من پێم وایە ئەگەر بەبێ دەمارگرژیی دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران لەو ستراتیژییەی حیزبی دێموکرات بڕوانین و بەپێی ویستی گەلانی دیکە لەپێناو دەستەبەرکردی مافی بەرانبەر و وەک یەک بۆ هەمووان لە ئێراندا کاری بۆ بکرێت، وڵاتی ئێران لە زۆر قەیرانی گەورە ڕزگاری دەبێت؛ یەکەم، دێموکراسی لەو وڵاتە چێ دەبێت و خەڵک مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان وەدی دێن. دووهەم، ئەمنییەتی سیاسی و ئابووریی ئەو وڵاتە دەپارێزرێت و وڵاتی ئێران لە هەڕەشە و چاوی تەماحی نەیارانی پارێزراو دەبێت. سێهەم، جێگرتوویی و سەقامگیریی سیاسی، ئەمنییەتی و ئابووری بۆ خەڵکی ئێران دروست دەبێت. چوارەم، خەڵکی ئێران بەگشتی وەکوو هاووڵاتیی دڵسۆز و بەرپرس خۆیان لەو وڵاتەدا دەبیننەوە و بۆ گەشەی وڵات زیاتر تێ دەکۆشن و وڵاتەکە بە هی خۆیان دەزانن و دواجار حکوومەتی دێموکراتیکی ئێران دەبێتە حکوومەتی خاوەن کاریگەر لە ناوچەکەشدا. بۆیە دروشمی ستراتیژیی حیزب کە باس لە وەدیهاتنی مافی هەموو پێکهاتەکانی ئێران بۆ مانەوەی ئەو ئێرانە دەکات، زۆر واقعبینانە و کلیلی چارەسەری کێشەکانی هەنووکەی ئێرانیشە.

**تاکوو ئێستا چ هەنگاوێک بۆ تیۆریزەکردنی دروشمی ستراتیژیی حیزب هەڵگیراوە و ئەو فیدراڵیزمە کە حیزب کردوویەتی بە بنەمای ستراتیژیی خەباتەکەی، چییە و چۆنتان پێناسە کردوە؟**

سروشتییە هەر حیزبێکی سیاسی کە دروشمێک هەڵدەگرێت بۆ دەستەبەرکردنیشی تێ دەکۆشێت، حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە کارکردن بۆ ئەو دروشمە کەمتەرخەم نەبووە. ئەگەر سەیری ڕاگەیاندنەکانی حیزبی دێموکرات بکەین باشترمان بۆ دەردەکەوێت کە حیزب بۆ ئەو مەبەستە چەندە تێکۆشاوە و زۆر و کەم شوێندانەریشی هەبووە، ئەوەش هەست پێ دەکرێت. بەڵام دەزانین لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کارکردن بۆ دروشمی لەو چەشنە چەندە دژوارە.

ئێران لە مێژووی خۆیدا حکوومەتی دێموکراتیکی بەخۆیەوە نەدیوە، بەڵکوو ئەو وڵاتە هەمیشە بە دیکتاتۆری و سەرکوتکردنی نەتەوە و گەلانی ئێران بەڕێوە چووە، بۆیە کار بۆ کولتووری پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بە بەشداریی هەموو پێکهاتەکان نەکراوە. لە نیزامی پەهلەوی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هیچ بەستێنێکی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بە دێموکراسی دروست نەکراوە، بەڵکوو پڕۆپاگەندەی ئەوان بە جۆرێک بووە کە ئەگەر دەرفەت بە پێکهاتەکان بدرێت ئێران دەبێتە ئێرانستان. ئەوە لەنێو خەڵکی ئاسایی و تەنانەت لەنێو بژاردەی کۆمەڵگەی ئێرانیدا بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت، بۆیە ئەو ڕوانگەیە لەنێو خەڵکی جیا لە پێکهاتەکاندا لە ئێران دروست بووە کە دەوڵەتی بەهێز و ناوەندگەرا دەتوانێت ئەو وڵاتە بە یەکپارچەیی بپارێزێت. بەڵام کار و تێکۆشانی هێزە سیاسییە دێموکراتیکەکان کە یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانە، گۆڕانی بەرچاوی لە خوێندنەوەی خەڵکدا دروست کردووە کە باوەڕیان بە نیزامی دێموکراتیک هەبێت و ئەوەش وای کردووە کە لە ئێستەدا کەم نەبن ئەو هێزە سیاسییانەی کە سەقامگیریی وڵاتی ئێران لە نیزامی فیدراڵیدا دەبینن. ئەگەر ڕوونتر بڵێم؛ فیدراڵیزمێک کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئێران خوازیاریەتی، زۆر ڕوونە. پێکهاتەکان لە هەرێمی خۆیان خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەریی بن و لە دەسەڵاتی سیاسیی ناوەندیدا لە هەموو جومگەکان و وەکوو یاسای کارگێڕی، دادوەری، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بەشداریی کارایان هەبێت کە ئەوە دەبێت لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا بە ڕوونی دیاریکراو بێت.

خۆتان دەزانن دوو حەوتوو لەوەپێش ناوەندی ڕاپرسیی "گمان" ئەنجامی ڕاپرسییەکی بڵاو کردەوە کە لەودا لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا ٢٠ هەزار ئێرانی (کە نیزیک بە ١٧ هەزار کەسیان لە نێوخۆی وڵات بوون) بەشدار بوون و لەو ڕاپرسییەدا ١٢ لەسەد لە خەڵکی ئێران خوازیاری سیستەمی فیدراڵی بوون بۆ وڵاتەکەیان. ئەمە ئەگەر بەگشتی وەڵامی تەواو و بارتەقای خەبات بۆ دێموکراسی لەو وڵاتە دیکتاتۆرییەدا نییە، بەڵام ئەو پەیامە ڕوونەشی تێدایە کە ئەگەر هەلومەرج گونجاو بێت، ئەو ئامادەییە لەنێو خەڵکی ئێران بۆ جێگیرکردنی نیزامی فیدراڵی لەو وڵاتەدا هەیە.

**هێزە کوردییەکان و یەک لەوان حیزبی دێموکرات لە چەند هاوپەیمانی و بەرەدا بەشدارن کە ئامانجەکەی ئێرانی فیدراڵە، تاکوو چەند لایەنە سیاسییە فارسەکان بۆ ئەو ئامانجە هاتوونەتە پێش؟**

من پێم وایە ئەگەر دەرفەت هەبێت و حکوومەتێکی دێموکراتیک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، زۆربەی دانیشتووانی ئێران خوازیاری ئەوەن کە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا بەیەکەوە وڵاتی ئێران بەڕێوە بەرن، بەڵام ئەگەر بە ڕوونی وەڵامی پرسیاری ئێوە بدەمەوە، حیزبی دێموکرات لە هاوپەیمانیی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" و "شۆرای دێموکراسیخوازان" و "همبستگی برای آزادی و برابری در ایران" ئەندامە و لەو هاوپەیمانییانەدا بەشدارە. لەنێو ئەو هاوپەیمانییانەدا ڕێکخراو و کەسایەتیی جۆراوجۆری تێدایە بە فارسەکانیشەوە، جیا لەوانە زۆر کەسایەتی و ڕێکخراوی سەرانسەریی ئێرانی هەیە، وەکوو هاوپەیمانی حیزب لەگەڵیان لە هاوپەیمانییەکی دیاردا نییە، بەڵام کە تەرجەمەی سیاسەت و تێڕوانینیان دەکەی بۆ داهاتووی ئێران، ئەوانیش تێ دەکۆشن لە ئێرانی داهاتوودا سیستەمی بەڕێوەبەریی دێموکراتیک و لامەرکەزیی هەبێت و پێکهاتەکانی ئێران لە بەڕێوەبردنی وڵات و ناوچەی خۆیاندا بەشداریی کارایان هەبێت، ئەوەش هەرچەندە خواستی هەموو پێکهاتەکانی وڵات دابین ناکات، بەڵام خۆی هەنگاوێکی ئەرێنییە بۆ ئێرانی داهاتوو. هەروەها لەگەڵ ئەوەدا کە سیستەمی فیدراڵی خۆی پێناسەی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام مەرج نییە دەقاودەق فیدراڵیزم لە هەموو وڵاتان وەکوو یەک جێبەجێ بکرێت. هەلومەرجی ناوچەکە و وڵات، کولتووری جیاوازی پێکهاتەکان و لامەرکەزیی هەموویان دەور دەبینن، بەتایبەت لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کە ئەو جۆرە لە سیستەمی حکوومەتێکی ئەزموون نەکراوە و خەڵکی ئەو وڵاتە پێی ڕانەهاتوون. بۆیە نابێت یەک ڕۆژە چاوەڕوان بین باشترین نیزامی فیدراڵی لەو وڵاتە جێگیر بکرێت، بەڵکوو پێویستە کاری بۆ بکرێت، کاتی بدرێتێ و فەرهەنگسازیی بۆ بکرێت.

**ئەو یەکیەتییەی لەو ڕێککەوتن و هاوپەیمانییانەدا باسی لێ کراوە و بناغەی ئێرانی فیدراڵی داهاتووی لەسەر داڕێژراوە، ئایا یەکیەتییەکی ئارەزوومەندانەیە؟ چ گەرەنتییەک هەیە کە ئەگەر هەر کام لە نەتەوەکان بیهەوێ داوای سەربەخۆیی بکات، هێرش نەکرێتە سەری؟**

دروستکردنی نیزامی فیدراڵی لەنێو گەلان و پێکهاتەکاندا حەتمەن دەبێت ئارەزوومەندانە بێت. نیزامی فیدراڵی ئەگەر ئارەزوومەندانە نەبێت، هەر نایەتە ئاراوە و دروست نابێت. هەر سیستەمێکی فیدراڵی بەپێی یاسای بنەڕەتی کە دەنووسرێتەوە، چوارچێوەی نیزامی فیدراڵ و مافی پێکهاتەکانی لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دیاری دەکات، هەروەها نەخش و دەور و کاریگەریی پێکهاتەکان لە ئیدارە و بەڕێوەبەریی هەرێمی خۆیان لە دەوڵەتی فیدراڵی یان بەشداریان لە دەوڵەتی ناوەندیدا بەتەواوی ڕوون دەکاتەوە و وەک گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نێوان خەڵک، پێکهاتەکان و دەوڵەت لە چوارچێوەی نیزامی فیدراڵیدا دەنووسرێتەوە. ئەگەر هەموو پێکهاتەکان پابەندی ماددە و بەندەکانی یاسای بنەڕەتی بن، یاسا وەک ئەوەی کە هەیە و لە سەری ڕێک کەوتوون جێبەجێ بکرێت، ئەمن پێم وایە ئەو گریمانانە دەڕەونەوە، چونکە لەڕاستیدا نیزامی فیدراڵی بۆ بەیەکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی پێکهاتەکانە؛ نەک بۆ دابڕان و لێک جیابوونەوە.

بەڵام بۆ ئەوە کە چ گەرەنتییەک هەیە، لە ڕوانگەی منەوە تەنیا گەرەنتی پێبەندبوون بە یاسای بنەڕەتیی وڵات، بە ڕەچاوکردنی مافی هەموو پێکهاتەکانە، ئەگەر ئەوە ڕەچاو بکرێت، ڕەنگە شتی وا ڕوو نەدات. بەڵام بۆ حاڵەتی وا دروستە لە یاسای بنەڕەتیدا ئەوە ڕەچاو بکرێت، ئەگەر بە هەر هۆیەک پێکهاتەیەک یان چەند پێکهاتە ئارەزوویان کرد کیانی سیاسیی سەربەخۆیان هەبێت بە یاسای بنەڕەتی و بەپێی مێکانیزمی دێموکراتیک دەبێت ڕێگەپێدراو بن. بەڵام لەڕاستدا من ئەو ئامادەییە لە حاڵەتی ئێستەدا بۆ پێکهاتەکانی ئێران زۆر بە زەحمەت دەبینم، بەڵام سروشتییە نەتەوەیەک ئەگەر لە نیزامێکی سیاسیدا وستەکانی نەیەتە دی، خەباتی بۆ دەکات.

**هتا دێ پرسی سەربەخۆییخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆخ و تۆختر دەبێتەوە و نەک هەر لەنێو توێژی ڕووناکبیر، بەڵکوو لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا پەرەی سەندووە؛ ئەگەر ویستی سەرەکیی خەڵک لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا سەربەخۆیی بێت، حیزبی دێموکرات چ پلانێکی بۆ ئەو ویستە دەبێ و ئەو هەلە چۆن دەقۆزێتەوە؟**

ئەوەی کە لەنێو خەڵکی کوردستان و بەتایبەت خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسی سەربەخۆییخوازی تۆخ و تۆختر دەبێت ئەوە شتێکی زۆر سروشتییە و لە مێژووشدا خەڵکی کوردستان بۆ سەربەستی خەباتی کردووە. من لام وایە هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بەتایبەت هێزێکی شوێندانەری وەک حیزبی دێموکرات بەتەواوی دەرکی بەوە کردووە. ئەگەر سەرنج بدەینە

**پرسی کورد بە دوو خوێندنەوە دەتوانێ پرسێکی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی بێ، هەروەها دەتوانێت پرسی نێوخۆی وڵاتێک دیاریکراویش بێت. بۆ؟ یەکەم؛ کوردستان و خەڵکی کوردستان بەداخەوە بەبێ ئیرادەی خۆی بە سەر چوار وڵات و زیاتریشدا دابەش کراوە، بەو خوێندنەوەیە کە نەتەوەیەک لەنێو چوار وڵاتدا بەش کراوە پرسێکی نێونەتەوەیییە و مادام لەنێو چوار دەوڵەتی قانوونیدایە پرسێکی نێو دەوڵەتانیشە. بۆیەشە هەر بزووتنەوە و چالاکی لەنێو ئەو نەتەوەیەدا لەنێو ئەو دەوڵەتانە بێتە ئاراوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی و بەتایبەت لە باری سیاسی و ئەمنییەتی و کۆمەڵایەتی و کولتووریشی لە ناوچەکەدا لێ دەکەوێتەوە، هەر ئەوەش بەداخەوە پرسی کورد زۆر پێچەڵاوپێچ و ئاڵۆز کردوە.**

ئامانجی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەڵێت ئامانجی ئەو حیزبە بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ ئەگەر وایە ئەوە بە هیچ جۆرێک لە خوێندنەوە و ڕوانگەی حیزبدا ون و شاراوە نەبووە و نییە.

سروشتییە هەر حیزبێکی سیاسی لە گۆڕەپانی خەبات و سیاسەتکردندا یەکێک لە گرینگترین فاکتۆرەکانی بایەخدان بە ڕوانگە و ویستی خەڵکە. ئەگەر وا نەبێت ناتوانێت گەشە بکات و ببێتە حیزبی خەڵکی و جەماوەری، بەڵام خۆ حیزبی سیاسی هەر ئەرکی ئەوە نییە تەنیا گرینگی بە ویست و ئارەزووکانی خەڵک بدات؛ بەڵکوو پێویستە لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بڕوانێتە بابەتەکان و حیساب بۆ ژئۆپۆلێتیک و هەلومەرجی سیاسیی ناوچە و هەرێم و ئەو وڵاتەش بکات کە چالاکی تێدا ئەنجام دەدا، خوێندنەوەی واقعبینانەی بۆ زەرفییەتەکان و دەرفەتەکان و تواناکان هەبێت، ئەوەش بە وردی بۆ خەڵکی ڕوون بکاتەوە.

**بە ڕوونـی حیزبی دێموکرات چۆن لە بابەتە دەڕوانێت؟**

من پێم وایە حیزبی دێموکرات لەو بارەوە کەمیی نەهێناوە، لەگەڵ ئەوەی دانی بە مافی ڕەوای خەڵکی کوردستاندا هێناوە، بە پیرۆزیشی دەزانێت. ئەوە لە سیاسەتی فەرمیی حیزبدا بە ڕوونـی دیـار و حاشا هەڵنەگرە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ناوچە، زەرفییەت و دەرفەت و تواناکانی ئەو حیزبە هاتووە بۆ بەدەستهێنانی مافی خەڵکی کوردستان دروشمێکی واقعبینانەی هەڵگرتووە و ستراتیژیی دروستی داڕشتوە. هەر بۆیە خەڵکی کوردستان لە هەموو چین و توێژەکان لە دەوری حیزبی دێموکرات کۆ بوونەوە و تێچووی ئەو خەبات و تێکۆشانەشیان گرتووەتە ئەستۆی خۆیان. ئەمن لام وایە هیچ کات جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان ویستی سەرەکیی خەڵکی کوردستان و ستراتیژی و دروشمی حیزبی دێموکرات نایەتە ئاراوە؛ حیزبی دێموکرات ئەو باگگراوند و زەرفیەتەی هەیە و ئەگەر هەلومەرجی وا بێتە ئاراوە بە جۆرێک ستراتیژیی خۆی دادەڕێژێت کە جێگەی پەسن و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بێت و لەوە سڵ ناکاتەوە. بە واتایەکی دی نەخشەڕێی خەباتی حیزبی دێموکرات قەت ناتەبایی لەگەڵ ویستی خەڵکی کوردستان نەبووە، بۆ نموونە هەمووومان دەزانین کە هەتا ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی، دروشمی حیزبی دێموکرات، دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بوو و لە کۆنگرەی ١٣ی حیزب ئەو دروشمە گۆڕاوە بە دامەزرانی سیستەمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی ئێراندا.



**د. قاسملوو نزیک بە سێ دەیە پێش لە وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیم و لە زۆر وتووێژی دیکەشدا دوتوویەتی؛ "گەرەنتیی ئەوە ناکرێ کە نەوەکانی داهاتوو خۆدموختارییان بوێت و داوای سەربەخۆیی نەکەن". پێتان وا نییە ئێستە کاتی ئەوە هاتووە کە ئاڵوگۆڕ بەسەر دروشمی ستراتیژیی حیزبدا بێنن؟**

دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی سیاسیی شارەزا و کۆمەڵناسێکی وردبین بوو و لەسەر ئەرزی واقع سیاسەتی کردووە. ئەو کات کە ستراتیژیی سیاسیی حیزبی داڕشتووە و ئەوە دروشمەی بۆ حیزبی دێموکرات دەستنیشان کردووە، زۆر بە جوانی دەرکی بە ڕاستییەکان کردووە. بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێران و کوردستان، سیاسەتی بۆ نەوەی ئەو سەردەمە کردووە و لەگەڵ ئەوەی کە باوەڕی بە مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بە شێوەی کیانێکی سەربەخۆ و تەواو هەبووە. ئەوەش کە وتوویەتی گەرەنتیی ئەوە ناکرێت کە نەوەکانی داهاتوو خودموختارییان بوێت و داوای سەربەخۆیی نەکەن هەر لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت. دوکتور قاسملوو کەسایەتیی سیاسیی سەردەمێک بووە و وای لێک داوەتەوە کە دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بۆ ئەو کات گونجاو بووە، بەڵام مەرج نییە بۆ نەوەکانی داهاتووش گونجاو بێت، بەتایبەت بەڕێزیان زۆر باش دەرکی بەوە دەکرد کە دنیا لە گۆڕانکاریدایە و ئەو ئیمکانە بەهێزە لە داهاتوودا زەرفییەتەکان و دەرفەتەکان و تواناکان بگۆڕدرێن و هەلومەرج بە جۆرێک بێت کە کورد بتوانێت یان بیهەوێ بە شێوەیەکی دیکە چارەنووسی سیاسیی خۆی دیاری بکات. ئەوە هەر لە حیزبەکەی دوکتور قاسملوودا ڕووی داوە و ئەگەر بۆ ماوەی نیزیک بە سی ساڵ دروشمی حیزبی دێموکرات "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" بوو، بەڵام لە ساڵی ١٣٨٣ی هەتاویدا حیزبی دێموکرات ئەو دروشمەی گۆڕی. جیا لە حیزبی دێموکرات، چەند حیزبی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت پێکهاتەکانی دیکەی ئێران ئێستە ئەو دروشمەیان بەرز کردووەتەوە و هیچ دوور نییە لە داهاتوودا گۆڕان لەو دروشمەشدا بێتە ئاراوە.

**هەر وەک دەزانـن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا فیدراڵیزم بە پرسی نێوخۆیی وڵاتـان دادەنرێت و پرسی کوردیش بەپێی پێوەرە نەتەوەییەکان، پرسێکی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییە. بە بۆچوونی بەڕێزتان بە مەبەستی ڕاکێشانی پاڵپشتیی بەرفراوانی نێودەوڵەتی بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات، باشتر نییە لەباتی فیدراڵیزم مافی دیاریکردنی چارەنووس بکرێت بە بنەمای ستراتیژیی خەباتی حیزب و بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بەگشتی؟**

پرسی کورد بە دوو خوێندنەوە دەتوانێت پرسێکی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی بێت، هەروەها دەتوانێت پرسی نێوخۆی وڵاتێک دیاریکراویش بێت. بۆ؟ یەکەم؛ کوردستان و خەڵکی کوردستان بەداخەوە بەبێ ئیرادەی خۆی بە سەر چوار وڵات و زیاتریشدا دابەش کراوە، نەتەوەیەکی خاوەن نیشتمان و بە ڕادەیەکی زۆر دابەش دابەش کراوە، بەو خوێندنەوەیە کە نەتەوەیەک لەنێو چوار وڵاتدا بەش کراوە پرسێکی نێونەتەوەیییە و مادام لەنێو چوار دەوڵەتی قانوونیدایە پرسێکی نێو دەوڵەتانیشە. بۆیەشە هەر بزووتنەوە و چالاکی لەنێو ئەو نەتەوەیەدا لەنێو ئەو دەوڵەتانە بێتە ئاراوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی و بەتایبەت لە باری سیاسی و ئەمنییەتی و کۆمەڵایەتی و کولتووریشی لە ناوچەکەدا لێ دەکەوێتەوە، هەر ئەوەش بەداخەوە پرسی کورد زۆر پێچەڵاوپێچ و ئاڵۆز کردووە. بەڵام بە خوێندنەوەی قانوونی دەبێت پرسی کورد لە هەر کام لە وڵاتەکان بە جیا و وەکوو پرسی سەربەخۆی کورد لەو وڵاتە ئەژمار بکرێت و خوێندنەوە بۆ بکرێت و پرسی گەلی جۆراوجۆری خەڵکی ئەو وڵاتەش لەسەر پرسی کورد کاریگەریی هەیە. لەبەر ئەوەی پرسە جۆراوجۆرەکانی سیستەمی حکوومەتی لەو وڵاتانە و پێوەندیی کۆمەڵایەتی لەنێو پێکهاتەکان لەنێو ئەو وڵاتانە و بەیەکەوەیە. بۆیە لێرەدا واقعبینانە دەبێت پرسەکەدا ببینین و سەیری بکەین. خوێندنەوە لە سیاسەتی حیزبەکانی شوێندانەر کە پرسی کوردیش لە هەموو بەشەکان هەر بەو جۆرەیە و کەوتوونە نێو گەمە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەوە، حیزبی دێموکراتیش بە دروشمەکەیەوە دیارە هەر وای سیاسەت کردووە و دەیهەوێت لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا چارەسەری پرسی کورد بکرێت.

ئەمن لام وایە لە هەلومەرجی ئێستەدا ئەو ڕێگایەی گیراوەتە بەر دروستە کە کورد لە هەر کام لە بەشەکان کار و تێکۆشانی سیاسی دەکات بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان لەو بەشەدا، جا بە هەر جۆرێک هەلومەرج دەرفەتی پێ بدات، بەو شێوەیە ویستەکانی داوا دەکات لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا کە ئێستە تێیدا دەژی، جا بە شێوەی لامەرکەزی بێت، خودموختاری و ئۆتۆنۆمی بێت یان فیدراڵی و کۆنفیدراڵی. بۆ ئەوەش دەکرێت هەرێمی کوردستان لە باشوور وەکوو نموونە بهێنینەوە کە تەنانەت بیر لەوە کراوەتەوە لە ڕێگەی ڕاپرسی و ڕیفراندۆمیشەوە بە ئاشتییانە بە سەربەخۆیی سیاسیی تەواوی خۆیان بگەن، بەڵام ئەگەر لە ئێستەدا کورد لە هەموو بەشەکان بۆ ئەو ویستە خەبات بکات ڕەوایە، حەقە، بەڵام لام وایە چالنج و کۆسپی زۆر دێتە سەر ڕێگە و ڕەنگە لەبەری دەرنەچێت، جیا لەوەش هەلومەرجی نێودەوڵەتی و هەرێمیش بۆ ئەوە وەکوو پێویست گونجاو و ئامادە نییە.

**لە فەسڵی یەکەمی بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی حیزبدا ئاماژە بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک – فیدراڵدا کـراوە، چۆن دەکرێت حکوومەتێکی کۆماری لە چوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵدا پێک بهێندرێت؟**

ئەو دروشمە لە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتدا پەسند کراوە. لە ڕوانگەی منەوە مادام لە چوارچێوەی سیستمی فیدراڵیدا شکڵ و شێوەی حکوومەتی هەرێم لە کوردستان پێناسە دەکات کێشەیەکی یاسایی و حقووقی دروست ناکات، لەبەر ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەی پەسندی کردووە لە چوارچێوەی نیزامێکی فیدراڵیدا دەستنیشانی شکڵی حکوومەتی کوردستان دەکات لە شێوەی کۆماریدا، ئەوەش لە دەورانێک لە مێژوودا لە کاتی یەکیەتیی سۆڤییەتدا نموونەی هەبوو و لە چوارچێوەی فیدراسیۆنی یەکیەتیی سۆڤییەتدا ١٥ کۆماری خودموختار هەبوون و کێشەیەکی سیاسی و حقوقیشی بۆ ئەو وڵاتە دروست نەکردبوو. یانێ یەکیەتیی سۆڤییەت بەپێی یاسای نێودەوڵەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو و لە نەتەوە یەکگرتوویەکاندا یەک نوێنەری فەرمیی هەبوو، بەڵام لە نێوخۆیدا ١٥ کۆماری هەبووە و لەنێو ئەو کۆمارانەدا ناوچە و هەرێمی خودموختار و خۆبەڕێوەبەری دیکەش هەبوون. کەوایە ئەوە شتێکی ئەزموونکراوە و هیچ کێشەیەکی حقوقی دروست ناکات.

**کاک مستەفا وەک پرسار کۆتایی؛ بەپێی ڕەوتی ڕووداوەکـان و گۆڕانکارییەکانی بـەردەم، ئاسۆی پرسی کورد لە ئێرانی داهاتوو چۆن دەبینن؟**

مـێـژووی کـورد پێمـان دەڵـێ کـە بـە درێژاییی مێژوو کورد بۆ مافەکانی خۆی خەباتی کردووە و ئەو نەتەوەیە سـەرەڕای هەموو کەند و کۆسپێک لە تێکۆشان نەوەستاوە، ئاکامی ئەو خەبات و تێکۆشانە سـەرەڕای هـەموو دژوارییـەکان سەلماندنی کورد و خـەبات و ویستە ڕەواکـەی بـووە. پرسی کورد لە ئێستەدا لە هەموو کات زیاتر وەکـوو بابەتێکی هەستیار لە ناوچەکەدا وەک فاکتەرێکی بەرچاو خۆی دەرخستووە و لە هەموو بەشەکاندا بزووتنەوەی ڕەسەن و هەمەچەشنی کورد لە ئارادایە. لە بەشێکی کوردستان واتـە لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان بابەتە زۆر دیار و هەستیارە، بە جۆرێک پێوەندی پەیدا کردووە بە بابەتە گرینگ و هەستیارەکانی وڵاتی عیراق و سووریيە و لەنێو دەوڵەتەکان و تەنانەت هاوپەیمانان کـاری لـەسـەر دەکـەن. لـە بـاکـوور و ڕۆژهـەڵاتـی کوردستانیش بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئاستی دیار و بەرچاو لە ئارادایە.

خۆ ئـەگەر بە ڕوونییش بێینە سـەر ڕۆژهـەڵاتی کوردستان بە چەند هۆکار پرسەکە هەستیارتر و دیارترە. خەڵکی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر لە خەباتدان و ئەو خەباتەش هەمەچەشنە، بەتایبەت خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات پڕ دیارە. کورد ئێستە خاوەنی هێزی سیاسیی بەئەزموون و بەتوانا و بە بەرنامەیە کە یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانە، هەر ئەوە وای کردووە و ئەو ڕاستیە بۆ زۆر لایەن دەرکـەوتـووە کـە خەڵکی ڕۆژهـەڵاتـی کـوردسـتـان سیاسیتر و بەرچاوڕوونتر بۆ داهاتوو دەڕوانن. بێجگە لـەوەش هەلومەرجی ئێران زۆر هەستیار و قابیلی گۆڕانە، بۆیە ئومید زیاترە لە جاران بە ئەوەی کورد لە ئەنجامی تێکۆشانی بەردەوامی خۆی بە ئامانجەکانی بگات کە هیوادارم هەرچی زووتر خەباتی پڕتێچووی کوردستان بە ئامانجەکانی خۆی بگات.

**کاک مستەفا زۆر سپاس کە سەرەڕای پڕکارییەکانی ڕۆژانەتان کاتتان بۆ ئەو وتووێژە تەرخان کرد.**

دەستی ئێوەش خۆش بێت و ماندوو نەبن.

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەبۆنەی ٧٩ەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی لاوان

**لاوانـی خەباتگێڕ و نیشتمانپەروەری کـورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

**ئەندامان، لایەنگران و ئۆگرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

بەبۆنەی ٧٩ساڵەی دامەزرانی ڕێکخراوەکەتان، یەکەم ڕێکخـراوی تایبەت بە لاوانـی کـورد لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردستان پیرۆزباییتان لێ دەکەین و ئاواتەخوازین شێلگیرتر و پێداگرتر لە پێشوو لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجە پیشەیی و نەتەوەییەکانتاندا تێبکۆشن.

دامەزرانی "سازمانی جەوانانی کورد" لەژێر کاریگەری و لـە سێبەری کۆمـەڵـەی ژیـانـەوەی کـورد لـە ٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٢٢ی هەتاوی لە شاری مەهاباد، سەرەتای قۆناغێکی درەوشاوەیە لە کولتووری چالاکیی بەکۆمەڵ و ڕێکخراوەیی لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لاوانی کورد لەو سەردەمدا لەژێر کاریگەریی گوتاری نەتەوەیی و تێگەیشتن لە زەروورەتـی ڕێکخستن و پێویستیی کاری ڕێکخراوەیی و هەروەها بە مەبەستی خۆتەرخان کردن بۆ وەدیهێنانی ویستە گشتییەکانی کۆمەڵگە لە لایەک و، هەوڵدان بۆ کۆکردنەوە و ئاراستە کردنی تواناکانی لاوان لە لایەکی تر، بوونە پێشەنگی خوڵقێنەرانی مێژوویەکی پڕ سـەرەوەری لە خەبات و تێکۆشان، کە تا ئێستاش بەردەوامە.

دامـەزرانـی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژێ-کاف و دوای ماوەیەکی کورت پێکهێنانی کـۆمـاری کوردسـتان، دەرفەتێکی لەباری بۆ چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و یەک لەوان توێژی لاوان ڕەخساند کە بە گوڕوتینێکی زیاترەوە پەرە بە کولتووری کاری ڕێکخراوەیی خۆیان بدەن و ببنە هێزێکی کارا لە سەرجەم جومگەکانی ژیانی بەڕێوەبەری لە دامەزراوە جیاوازەکانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان‌دا. ئەو میراتە پڕ لە سەروەری و دەسکەوتە وای کردوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بڕوا و متمانەی کۆمەڵگەی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک بـەڕابـردووتـریـن و بـەئـەزموونـتـریـن حیزبی خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆرترین قوربانیی لەپێناو ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد داوە، بە وزە و پوتانسیەلی لاوان زیاتر و پتەوتر بێ. هەر ئەوەش وای کردوە بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهـەڵات کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزە شۆڕشگێڕەکانی تر، زۆرترین هێز و وزەی خۆیان لە لاوان وەرگـرن. پەیوەستبوونی بەردەوامی کوڕانی و کچانی لاو بە ڕیزەکانی حیزبەکانی گۆڕەپانی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەلمێنەری ئەو باوەڕە نەگۆڕەیە کە لاوان لە ڕیزی هەرە پێشەوەی خەبات و بەرەنگاری دژی دیکتاتۆڕی و چەوسانەوەن لە هەموو شکڵ و شێوازەکانیدا.

**لاوانی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

بـەشـداریـی دیـار و بـەرفـراوانـی ئێوە لـە ڕێکخستنە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەدا، هـەر لـە کـۆڕ و کۆمەڵە ئـەدەبی و فەرهەنگییەکان، ڕێکخـراوە ژینگەپارێزییەکان، نـاوەنـدە خوێندکاری و ڕووناکبـیـریـیـەکـان و چـالاکـیـیـە هـونـەری و کولتوورییەکانەوە بگرە تا حوزووری پێشمەرگانە لە ڕیزی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان، سـەرمایەیەکی مەعنەوی و پڕبایەخی نەتەوەکەمانن کە مایەی پێزانینن. ئێوە بە تایبەت لە چەند دەیەی ڕابردوودا سەلماندووتانە کە بە ئیلهاموەرگرتن لە مێژووی پڕ لە سـەروەری و قوربانیدانی یەکەمین ڕێکخستنی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، بە کەڵکوەرگرتن لە وشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆتان و لە هەمان کاتدا بە هەست بە بەرپرسیارەتی کردن بەرامبەر پرسە گشتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان ئەرکی سەرشانتان بەرانبەر بە نیشتمان جێبەجێ بکەن. هاوکات دەبینین کە کۆماری ئیسلامییش بە گرتنەبەری سیاسەتی جۆراوجۆری وەک پەرەپێدانی بێهیوایی، ئێعتیاد بە مادە سڕکەرەکان، قووڵکردنەوەی قەیرانی بێکاری و نواندنی زەبرو زەنگ بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە ڕوحی نەسرەوتووی لاوانی شۆڕشگێڕی کورد داگیر بکا و لە هەر چەشنە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییان دابماڵێ. ئەو سیاسەتە کە هـەر لە سـەرەتـای هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمەوە پـەیـڕەو کـراوە، نەتەنیا نەیتوانیوە لاوانی کورد لە خواستە مێژوویی و ڕەواکانی نەتەوەکەیان دوور بخاتەوە، بەڵکوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە ئیمانی پتەوتر بە حەقانیەتی مافە زەوتکراوەکانیان، ڕیزەکانیان بۆ بـەرەنـگاربـوونـەوەی هـەر چەشنە خۆسەپێنی و پاوانخوازییەک پتر ڕێکخستوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای بەرزنرخاندنی خەبات و تێکۆشانی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێ لەسەر پشتیوانیی خۆی لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک یەکەم ڕێکخراوی لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەگرێتەوە و لە هەمان کاتدا لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دڵنیا دەکاتەوە کە داری خەبات و قوربانیدانیان بەر دەگرێ و ئازادی و سەربەستیی کوردستانی لێ بەرهەم دێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٢ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی**

# چەند وێستگەیەکی مێژوویی حیزبی دێموکرات لەدوای شۆڕشی ١٣٥٧

**(٣-٣)**





پێشەوا عەلیپوور

**حیزبی دێموکرات و پێوەندی لەگەڵ موجاهیدینی خەڵق و شوڕای میللی بەرگری**

ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، هەر بەوە ئۆقرەی نەگرت کە کوردستان خەڵتانی خوێن بکا و دەنگی ئازادیخوازنی کوردستان کپ بکا، بەڵکوو لە تارانیش ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵقەی دەسەڵاتی بچووک دەکردەوە و هەر کەس و لایەنێک کە بەجۆرێک باسی لە دێموکراسی و سێکۆلاریزم و مافی نەتەوەکان دەکرد، لەلایەن دەسەڵاتی پاوانخوازەوە دەخرایە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات.

موجاهیدینی خەڵق یەکێک لەو ڕێکخراوانە بوو کە لە سەرخستنی شۆڕشدا دەوری بەرچاوی گێڕا، بەڵام دواتر کەوتە بەر تیغی غەزەبی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی. موجاهیدینی خەڵق کە ئیتر وەک نەتەوەی کورد ماهییەتی کۆماری ئیسلامی ناسیبوو، لە کۆماری ئیسلامی کەوتە نەبان و دەستی دۆستایەتیی بۆ لای حیزبی دێموکرات درێژ کرد.

مجاهیدین سەرەتا بە دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ دوکتور قاسملوو لە ڕۆژنامەی "مجاهد" کە ئۆرگانی ئەو سازمانە بوو، ویست و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد و نێوەرۆکی ئاشتیخوازانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران ناساند. ئەم چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییە پێشی بە زۆر چەواشەکاریی ڕێژیم لەدژی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد گرت.

هێزە ڕزگاریخوازەکان بۆ وەلانانی ڕێژیمی خومەینی لەسەراسەری ئێران دەبوا لە دەوری یەکتری کۆ ببنەوە، ئەمەش بوو بە هەوێنی دامەزرانی شوڕای میلیی بەرگری.

مەسعودی ڕەجەوی بەمەبەستی بەشداریکردنی حیزبی دێموکرات لەو شوڕایەدا کە دەیویست ببێتە بەدیلی کۆماری ئیسلامی، ڕۆژی ٣ی خەزەڵوەری ١٣٦٠، وێنەیەکی ڕوونووسی بەرنامەی شوڕای میللی بەرگری بۆ حیزبی دێموکرات نارد، حیزبی دێموکرات دوای وتووێژی چڕ لەگەڵ موجاهیدینی خەڵق، ڕۆژی ٥ی خەزەڵوەری ١٣٦٠ وەڵامی نامەکەی دایەوە و بەفەرمی چوونی خۆی بۆ نێو شوڕای میللیی بەرگری ڕاگەیاند.

لە درێژەی هاوکاری و پێوەندی لایەنە ئێرانییەکان و حیزبی دێموکرات لەو شوڕایەدا، ئەندامانی شوڕا لەسەر تەفسیری هەڵە لە بەندێکی پێڕەوی نێوخۆی ئەم شوڕایەدا، لە هەوڵێکی دوور لە ئەساسنامەییدا ئەندامەتی حیزبی دێموکراتیان خستە ژێر پرسیار!

حیزبی دێموکرات وێڕای هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی یەکیەتیی نێوان ئەندامانی شوڕا، ئەم هەوڵەی ئەندامانی شوڕای پێ نایاسایی و دوور لە پرەنسیپە پەسەندکراوەکانی شۆڕا دەدی، هەربۆیە لەکۆتاییدا ١٠ی بانەمەڕی ١٣٦٤ کشانەوەی خۆی لە شوڕای میللیی بەرگری ڕاگەیاند.

**تاقمی حەوت کەسی و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات**

حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی خەبات بۆ وەدیهێنانی مافی چارەنووسی کورد، لەلایەک دەبوا ڕوو بە دەوڵەتی ناوەندی قایموقۆڵ ڕابوەستێ و، لەلایەکیش لە کوردستان بەردەوام تووشی تەنگوچەڵەمەی زۆر دەبۆوە و سەرئێشەیان بۆ ئەو حیزبە دروست دەکرد.

حیزبی توودە کە لە نێوەرۆکدا بەتاڵ ببۆوە و خاوەنی تەشکیلاتێکی هەرۆڵ بوو، کاتێک کە بێهیوا بوو لەوەیکە حیزبی دێموکرات بخاتە ژێر فەرمانی خۆی، دەستی بە ئاژاوەگێڕی و بنکۆڵکردنی حیزب کرد. دوای ڕازیکردن و هەڵخەڵەتاندنی ٧ کەس لە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، بەیاننامەیەکیان پێ بڵاو کردنەوە و حیزبی دێموکراتیان تاوانبار کرد بەوەیکە شەڕخوازە و نایهەوێ پرسی کورد لە ڕێگای ئاشتیانەوە چارەسەر بکا و گرێدراوی دەوڵەتی عێراقە!

تاقمی حەوت کەسی کە پێیان وابوو کلیلی چارەسەری پرسی کورد بەدەست ئەوانە، پاش ڕوونبوونەوەی نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی و دیتنی ئەو هەموو جینایەتەش، بڕیاریان دابوو کە بگەڕێنەوە نێو باوەشی ڕێژیم! لەبەرامبەردا پەیام و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات کە لەلایەن خەڵکەوە پشتیوانی لێ دەکرا، زۆر دەقیق و ڕوون بوو. هەر بۆیە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات کردەوەی تاقمی حەوت کەسی بە خیانەت ناوبرد و بڕیاری دا لەقاویان بدا.

خەڵکی مەهاباد لەسەر داوای حیزبی دێموکرات لە چەشنی میتینگی ١١ی ڕەشەمە جارێکی دیکە کۆ بوونەوە. دەرزیت هەڵاویشتبا وەعەرز نەدەکەوت، دوکتور قاسملوو لە سەرشاخان (بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات)ڕا هاتبۆوە نێو شار و وتارێکی پێشکەش کرد کە تێیدا نێورۆکی ئەم تاقمە و سیاسەتەکانی پشت ئەم کارەی بۆ خەڵک شی کردەوە.

**شەڕی ئێران و عێراق و هەڵوێستی حیزب بەنیسبەت ئێران، پێوەندی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ڕێژیمی عێراق**

ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو وەها لە خەیاڵپڵاوەکانی خۆیدا نغرۆ ببوو کە لەلایەک دەستی لە سەرکوتی نەتەوەکانی ئێران نەدەپاراست و لەلایەکیش دەرگای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بە هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئامریکا لەخۆی داخستبوو، ئەمجارەیان پێشنوێژەکانی نوێژی هەینی لە تاران پێیان ئەسپێردرابوو کە لە وتارەکانی نوێژی هەینیدا، باس لە ڕزگارکردنی عێراق بکەن لە دەست بەعس و دەیانگوت کە ڕێگای قودس بە کەربەلا دایە!

دیارە کێشەی نێوان عێراق و ئێران تازە نەبوو و میراتی هەردوو ڕێژیمی پاشایەتیی پالەوی و ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، هەروەها جوابکردنی خومەینی لە نەجەف لەلایەن دەسەڵاتی ئەوکاتی عێراق بیانوو بوو بۆ پەرەپێدان بەو دوژمنکارییە لەلایەن ئێرانەوە و لە ئەنجامی تۆپباران کردنی پاسگاکانی عێراق لەلایەن ئێرانەوە، سەدام تووڕە بوو و لە بەرچاوی بیروڕای گشتی، ڕێکەوتننامەی ئەلجەزایری دڕاند و ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩، هێرشی بۆسەر خاکی ئێران دەست پێ کرد.

حیزبی دێموکرات ئەوکات وێڕای هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، ڕەزبەری ١٣٥٩ لە پەیامێکدا دەستدرێژیی دەوڵەتی عێراق بۆسەر خاکی ئێرانی مەحکووم کرد و ڕایگەیاند کە ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی داخوازییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان بە ڕەسمی بناسێ، حیزبی دێموکرات ئامادەیە تەواوی هێزی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلاماری ئەرتەشی عێراق وەکار بخا.

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا کە بۆ لێفێربوون دەبێ، ئەوەبوو کە بە پێچەوانەی زۆر کەسایەتیی ئێرانی و تەنانەت باشووری کوردستانیش، بەرپرسانی حیزبی دێموکرات هەرگیز هەڵپەی دەرکەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق و هیچ داگیرکەرێکی کوردستانیان نەبووە، هەروەها حیزبی دێموکرات هەرگیز داوای دەوڵەتی عێراقی سەبارەت بە دژایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی باشوور قەبووڵ نەکردوە. گەورەترین شانازی حیزبی دێموکرات ئەویە کە خاڵی ڕەشی لە کارنامەی پێوەندی لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکدا نییە و لەسەر حیسابی تێکدانی خەبات و تێکۆشانی هیچ پارچەیەک، خەباتی خۆی درێژە پێ نەداوە.

مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە سیاسەتمەدار و ئەدیبی بەناوبانگی گەلی کورد لە کتێبی "حەقیقەتی مێژوو"دا لەبارەی پێوەندی دوکتور قاسملوو و سەدام حوسێندا دەڵێ: "سەدام حوسێن مرد، قاسملوو حازر نەبوو بیبینێ و لە تەلەفزیۆن دەگەڵی دەرکەوێ. زۆرجار بەیەکەوە دانیشتوون بە تایبەتی لە جەریانی ئەو موفاوەزاتەی کە لە نێوان دەوڵەتی عێراق و یەکیەتیی نیشتمانیدا هەبوو، بەڵام ئامادە نەبوو لە تەلەفزیۆن دەربکەوێ. قاسملوو دەیگوت: "چۆن دەکرێ ئەمن لە تەلەفزیۆن دەربکەوم و کوردی عێراقیش هەموو ڕۆژێ جەنازەی بۆ بێتەوە!؟"

هەروەها دوکتور مەحمود عوسمان، سیاسەتمەداری کوردی باشووری کوردستان، سەبارەت بە ڕابردووی پێوەندی حیزبی دێموکرات و دەوڵەتی عێراق پەردە لەسەر زۆر ڕاستی هەڵدەداتەوە کە لە ئارشیوی موخابەراتی عێراقدا دەست کەوتبوون و بە ئاماژە بە ڕابردووی پاک و بێگەردی حیزبی دێموکرات دەڵێ: "ئەوەی گرنگە شێوازی هەڵسوکەوتی دێموکرات لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بوو، ئەوکاتە ئێمە لە بەر سنوورەکە پێوەندیمان لەگەڵ ئێران هەبوو و ئەوانیش لەگەڵ عێراق بەڵام هیچ وەختێک شتێکیان لەگەڵ حکوومەتی سەدام و عێراق نەکردوە کە زەرەری بۆ کوردی عێراق هەبێ، ئەوە زۆر موهیمە. بیرم دێتەوە دوکتور قاسملوو بەڕەحمەت بێ زۆر ئەهات و ئەچوو دەیانەویست لە بەغدا تەرتیبی چاوپێکەوتنێکی بۆ بکەن لەگەڵ سەدام، چەند جارێک خۆی لێ دزیەوە، نەیدەویست تێکەڵاو بێ و ئەیوت من ئەگەر سەددام ببینم لە تەلەڤیزیون دەرئەچێ و ئەویش ئەیهەوێ مەدحی بکەین، منیش ناتوانم ئەوە بکەم. کەم هەیە سەرکردەی کورد بەو شێوەیە فکر بکاتەوە، ئەو دەیتوانی زیاتر کەڵک وەربگرێ، دەیانتوانی چەک وەربگرن، پارە وەرگرن بەڵام قەت نەیانویست بچنە ئەو خانەیە کە بە زەرەری کوردی عێراق بێ، ئەوە شتێکی گرینگە بە قەناعەتی من لەبەر ئەوە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕژێمی بەعس و لە گەڵ سەددام کەم بوو بچووک ببوو، دەسکەوتی کەم بوو، بەڵام گوێیان نەئەدایە. ئەوە کارێکی نیشتمانپەروەرانە و باشە. حیزبی دێموکرات نەیویستووە دەسکەوتێکیان هەبێ لەسەر حیسابی کوردی پارچەیەکی تر. بمانهەوێ و نەمانهەوێ جوغرافیا وای کردوە کوردی عێراق دەبێ پەیوەندیی بە ئێران و تورکیە هەبێ، کوردی ئێران لەگەڵ عێراقی هەبێ و ئەویتر لەگەڵ ئەوەیتر، جوغرافیاکەمان وایە، بەڵام ئەو پەیوەندییانە دەبێ بە شێوەیەک بێ لەسەر حیسابی کوردی ئەو پارچەیە نەبێ. ئێستا ئێمە پەیوەندی بە ئێرانەوە دەکەین نابێ لەسەر حیسابی کوردی ئێران بێ و زەرەر بە کوردی ئێران بگەیەنین و تورکیەش عەینی شت. حیزبی دێموکرات ڕەچاوی ئەوەیان کردوە و توانیویانە لەو پەیوەندییە کە هەیانە ئەو باڵانسە ڕابگرن. ئەوە گرینگە، حیزبی تر هەبوو لە کوردستانی عێراق ئەو باڵانسەیان ڕانەگرتوە، نەیانتوانیوە ڕایبگرن، لەبەر ئەوە بە ڕەئیی من ئەو کارەی حیزبی دێموکرات یەکێکە لە خاڵە گرینگەکان و خاڵە ئەرێنیەکانی ئەو حیزبە، ئەوەش لە خەباتدا جێگای تەقدیرە."

سەرباری ئەمەش حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو دەوری باشیان گێڕا لە سەرخستنی موفاوەزاتی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی باشوور و دەوڵەتی عێراق.

**مانگی دیفاع لە ئازادی**

هێشتا دوو ساڵ بەسەر دەسپێکی شەڕی نگریسی نێوان ئێران و عێراق تێنەپەڕیبوو کە ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بەردەوام بوو لە هێرش بۆ سەر کوردستان. لەونێوەدا ڕێگای نێوان سەردەشت-پیرانشار بایەخێکی ستراتێژیکی هەبوو بۆ گەیاندنی یارمەتی و تەداروکات بۆ هێزی پێشمەرگە، هەربۆیە ڕێژیم دەیهەویست دەستی بەسەردا بگرێ. ئەوکات حیزبی دێموکرات لەپەیامێکدا بۆ دەفتەری سیاسیی یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان داوای هێزی یارمەتی دەکا بۆ پاراستنی ئەو جادەیە. لەوەڵامی ئەو داوایەی حیزبی دێموکرات یەکیەتیی نیشتمانی ١٥٠٠ پێشمەرگەی خۆی بۆ ئەو ناوچەیە ڕەوانە کرد و لەژێر ناوی هێزی پشتیوان قارەمانەتیی زۆریان نواند.

هێرشەکانی ڕێژیم بۆسەر کوردستان دڕندانە بوو و پێویست بوو کە کۆمەڵانی خەڵک بۆ دیفاع لە ماف و ئازادییەکانیان هەڵوێست بگرن. هەربۆیە دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزب لەپەیامیکی ڕادیۆییدا ماوەی ٢٠ی خەرمانان تاکوو ٢٠ی ڕەزبەری ١٣٦١ی، وەک "مانگی دیفاع لە ئازادی و مەوجودییەتی گەلی کورد" ڕاگەیاند.

دوکتور قاسملوو داوای لە کۆمەڵانی خەڵک کرد کە لە هەموو ناوچەکان بۆ دیفاع لە ئازادی و شەرەفی خۆیان وەکار کەون و " کچ و کوڕ و ژن و پیاو و گەنج و پیر لەو دیفاعەدا بەشدار بن".

لەو پەیامەدا دوکتور قاسملوو ئەرکەکانی کۆمەڵانی خەڵک، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێزی بەرگریی میللی و بەرپرسان و ئەندامانی حیزبی بە وردی دەستنیشان کردبوو.

هەر لەو پەیامەدا دوکتور قاسملوو ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی ئەرکدار کرد کە پەیوەستی هێزی پێشمەرگە بن و چەکی دیفاع لە خاک و خەڵکی کوردستان هەڵبگرن: "هەموو شتێک بۆ جەبهە، هەموو ئیمکانێک بۆ سەنگەر" ببوو بە دروشمی گشتیی خەڵک لەبەرگری ڕەوادا.

**بەشداری و ئەندامەتی لە ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیستدا**

حیزبی دێموکرات وێڕای تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد، بەردەوام هەوڵی دەدا کە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان لە دۆخی کورد ئاگادار بکاتەوە، لەم پێوەندییەشدا دوکتور قاسملوو بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی و هەروەها بە کەڵکوەرگرتن لە پاشخانی دۆستایەتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ حیزبە سوسیالیست و سۆسیال دێموکراتەکانی ئورووپا، دەرگای ڕێکخراوی جیهانی "ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست"ی بە ڕووی کورد و حیزبی دێموکراتدا کردەوە و بۆ یەکەم جار دوکتور قاسملوو لە ساڵی ١٣٦٥ وەک نوێنەری حیزبی دێموکرات لە حەڤدەهەمین کۆنگرەی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست، لە لیمای پایتختی وڵاتی پێرۆ بەشدار بوو.

لەدرێژەی ئەو هەوڵ و تێکۆشانە و بەشداریی بەردەوامی حیزبی دێموکرات لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەم ڕێکخراوە جیهانییە، سەرەنجام ساڵی ١٣٧٥ لە بیستەمین کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوەدا کە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرکی ئامریکا پێکهاتبوو، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستیی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە بانگهێشت دەکرێن و حیزبی دێموکرات لەو کۆنگرەیەدا بە ئەندامی چاودێر وەردەگیرێ و هەنووکە ئەندامی ئەسڵییە لەو ڕێکخراوە جیهانییە.

بەشداریی حیزبی دێموکرات لە وەها ڕێکخراوێکی جیهانیدا کە حیزب و لایەنە پێشکەوتووخوازەکانی دنیا و بە تایبەت ئورووپای لە خۆیدا کۆکردبۆوە، ئەوکات و ئێستاش پڕبایەخە، بەتایبەت ئێستا کە کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت لە نەتەوەیەکگرتووەکان نوێنەری نییە، ئەوا ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست باشترین دەرفەت و سەکۆیە بۆ ناساندن و پەیداکردنی دۆست بۆ دۆزی ڕەوای کورد.

**بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە و هەڵوێستی حیزب**

لە گەرمەی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتدا کە هەردوو ڕێژیمی ئێران و عێراق لە شەڕدابوون، خاکی کوردستانیان کردبوو بە مەیدانی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە، کە دەکرێ بڵێین شەڕی ئێران و عێراق لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بە یەکێک لە پڕخەسارترین شەڕەکان هەژمار دەکرا.


لەکاتێکدا کە بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە ڕاگیرانی شەڕ دەرچووبوو، بەڵام هەردوو ڕێژیم بەردەوام بوون لە شەڕ و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ و شیمیایی لە دژی یەکتر. بێ فەرق و جیاوازی، هەردوولا ئەو چەکانەیان بەسەر خەڵکی کورددا دەباراند.

هەڵەبجە و سەردەشت و زەردەی داڵاهۆ، ئەو ناوچانەن کە ڕێژیمی عێراق بە چەکی

درێژە بۆ لاپەڕەی ١١

# میکۆنووس، جینایەتێک کە نابێ لەبیر بچتەوە





عومەر باڵەکی

٢١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی (١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧م) دادگای میکۆنووس کە لە شاری برلین پێتەختی ئاڵمان بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەسەر پەروەندی تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، فەتاح عەبدولی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و هومایونی ئەردەڵان، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئاڵمان و نوری دێهکوردی، دۆستی حیزب و یەک لە ئەندامانی چالاکی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی پێک هاتبوو، دوای نزیک بە سێ ساڵ کاری بەردەوام لەو ڕۆژەدا حوکمی کۆتایی خۆی ڕاگەیاند. لەو حوکمەدا هاتبوو کە نیزامی دەسەڵاتدارەتی ئێران نیزامێکی "جینایەتکار"ە و ڕێبەرانی ئەو نیزامە لە "نزمترین پلەی ئەخلاقدا" هەڵسوکەوت دەکەن.

پاش تێپەڕینی ٢٥ ساڵ بەسەر مەحکومکرانی کۆماری ئیسلامی، چ ئەوکات و چ هەتا ئێستاش دەرچوونی ئەو حوکمە لە دادگایەکی سەربەخۆدا و بە تاوانبار ناساندنی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە بکەری سەرەکیی تێرۆری میکۆنووس، هەم بۆ حیزبی دێموکرات و گەلی کورد و هەم بۆ ئۆپۆزیسیونی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران دەسکەوتێکی گەورە بوو. ئەم بڕیارە مێژووییە ڕوخساری ڕاستەقینەی ڕێژیمی تێرۆریست و تێرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامیی بە دنیای دەرەوە ناساند و غەدرلێکراوی و مافپێشێلکراوی گەلی کوردی لە ئێران بۆ دنیای پێشکەوتوو سەلماند. لە هەمان کاتدا ئەو بڕیارە بۆ وڵاتانی ئورووپاییش دەسکەوتێکی گەورە بوو، و بوو بە هۆکارێک کە ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی کە نیزیک بە ١٥ ساڵ بوو بۆ کوشتنی دژبەران و ئۆپۆزیسیۆنی خۆی تەڕاتێنی لە خاکی ئورووپادا دەکرد، بۆ ماوەی ساڵانێک بوەستێندرێ.

پاش ٢٥ ساڵ لە دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنووس ئەگەر بمانەوێ هەڵسەنگاندنێک بۆ کاریگەری و شوێنەواری ئەو حوکمە بکەین، بەر لە هەموو شتێک بەو ئاکامە دەگەین کە ئەگەر وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەتایبەتی ئورووپاییەکان زووتر لەهەمبەر کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لەنێو خاکی ئورووپادا هەڵوێستێکی وەک دەزگای قەزایی ئاڵمانیان گرتبایە و حوکمێکی وەک دادگای میکۆنووس لەدژی تیمە تێرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی دەرچووبا و بە خەمساری لە تەنیشت کردەوە تێرۆریستییەکانی دەسەڵاتدارانی تاران تێنەپەڕیبان و کاردانەوەی توندوخێرایان بە دەستدرێژییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەبا؛ بە ئەگەری زۆر بەشی هەرەزۆری ئەو تێرۆرانەی پێش تێرۆری میکۆنووس لەسەر دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە خاکی ئورووپادا کران، نەدەکران و تەنانەت تێرۆری میکۆنووسیش ڕووی نەدەدا. چونکە حوکمی دادگای میکۆنووس سەلماندی کە بێتوو دەوڵەتەکان و بە تایبەتی زلهێزەکان بیانەوێ و ئیرادە بکەن، دەکرێ و دەتوانن هەر بە ڕێی قانوونی و دیپلۆماسی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێش بە سەرەڕۆیی ڕێژیمەکانی وەک کۆماری ئیسلامی بگرن، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆش لەگەڵیان تووشی شەڕ و لێکدان بن.

لە ڕەوتی بەڕێوەچوونی دادگای مێکونووس و دوای دەرچوونی ئەو حوکمە زۆر باس لەوە کرا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران پێش کارەساتی تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ڕێستورانتی میکۆنووس، لانی کەم شەش تێرۆری دیکەی لە دژبەرانی خۆی لە خاکی ئاڵماندا کردبوو، و لێکۆڵینەوەکانی دەزگای ئەمنییەتی و پۆلیسی ئاڵمان بەو ئاکامە گەیشتبوون کە ئەو شەش تێرۆرە یا ڕاستەوخۆ بەهۆی دامودەزگای ئەمنییەتیی ڕێژیمەوە، یا بە هاریکاریی حیزبوڵڵای لوبنان (بە شێوەی نیابەتی بۆ ئێران) کراون؛ بەڵام بەداخەوە ئیدارەی فیدراڵی پارێزگاری لە قانوونی ئەساسیی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەوەدا ڕاپۆرتی هەموو لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس و دەزگای ئەمنییەتیی ئەو وڵاتەی لەسەر شێوازی جێبەجێکردن و سەرکەوتنی ئەو تێرۆرانە بەدەست گەیشتبوو، هیچ کات بڕیار یا فەرمانێکی ئیجرایی بۆ پۆلیس و دەزگای ئەمنی ئەو وڵاتە دەرنەکرد. هەروەها کار و کردەوەکانی دەزگای ئەمنییەتی و تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی نەخرانە ژێر چاوەدێری تا لە کاتی پێویستدا دژکردەوەیان هەبێ و ئیزن نەدەن تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئێران خاکی ئاڵمان بۆ کردەوە تێرۆریستییەکانیان بەکار بێنن.

ئەگەرچی تا پێش دەرچوونی بڕیاری دادگای مێکونووس لە کەس شاراوە نەبوو کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لەپێناو هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیدا سپۆنسەریی هەموو ئەو گرووپ و تاقمە توندئاژۆیانەی سەرانسەری جیهان دەکا، بەڵام دادگای میکۆنووس لەو بابەتەشدا سیاسەتی دەسەڵاتدارانی تارانی لەقاو دا. لە حوکمی دادگادا هاتبوو کە پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لەو گرووپانە بە مەبەستی پێکانی ئامانجەکانی خۆیەتی، واتا ئەو گرووپانە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا وەک ئامراز بەکار دێنێ. کاتێک ئەو بابەتە بەتەواوی ڕوون دەبێتەوە کە دەبینین لە پێنج تاوانباری سەرەکیی تێرۆری میکۆنووس چواریان هاووڵاتی لوبنانین و لە هەموو ڕەوتی دادگادا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەوڵیان دا خۆ لەو کەسانە بێبەری بکەن.

لە هەمان کاتدا بەپێچەوانەی لێدوانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی خودی ڕێبەری ئەو نیزامە کە لە لێدوانەکانی خۆیاندا هەوڵیان دەدا حوکمی دادگای میکۆنووس کەمبایەخ بکەن، بەڵام ئەو بڕیارە لە هاکێشە نێوخۆییەکانی ئێرانیشدا زۆرترین کاریگەریی دانا. هەر ئەوەش ئەو دەرفەتەی بۆ محەممەد خاتەمی (پاڵێوراوی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری) دروست کرد هەتا بە دروشمی ڕیفۆرمخوازی و گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەدا گرەوی هەڵبژاردنەکان لە ناتقی نووری، پاڵێوراوی ئەسڵیی بازنەی دەسەڵات بباتەوە. بە واتایەکی دی بڕیاری دادگای مێکونووس بوو بە هۆکارێکی گرینگ کە هەتا ڕادەیەک فەزای سیاسیی ئێران بەناچار بکرێتەوە. دوای دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنووس زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی پێوەندیی سیاسی و دیپلۆماتیکی خۆیان بۆ ماوەی حەوت مانگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ڕاگرت و ئەو قەیرانە دیپلۆماتیکەی ڕێژیم تووشی ببوو، پەیامێکی ڕوون بوو کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بیروڕای گشتی خەڵکی ئێرانیش دانا. بۆیە کۆماری ئیسلامی ناچار بوو هەتا ڕادەیەک لەژێر چەتری ڕیفۆرمخوازەکاندا فەزای سیاسیی نێوخۆی ئێران بکاتەوە و لە هەمان کاتدا هەوڵ بدا لەسەر بنەمای بەڵێندان بە ڕاگرتنی کردەوە تێرۆریستییەکانی لە خاکی ئورووپادا، پێوەندییەکانی لەگەڵ ئورووپا ئاسایی بکاتەوە.

کۆماری ئیسلامی یەک لەو حکومەت و ڕێژیمە سیاسییانەیە کە لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵاتی وڵات لە چەکی تێرۆر و تێرۆریزم وەک کەرەسەیەکی کاریگەر بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی بە شێوەیەکی بەربەرین چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات کەلکی وەرگرت. تێرۆریزم لە چوار دەیەی ڕابردوودا بۆتە بەشێک لە جەستەی ئەو نیزامە بە چەشنێک کە بە فتوای دینیی ڕێبەری نیزام، تێرۆرکردنی دژبەران و تەنانەت ئەو هونەرمە نوسەر و جیابیرانەی کە بەدڵی دەسەڵاتدارانی نیزام نانووسن، ناجووڵێنەوە و بیر ناکەنەوە؛ ئەرکێکی شەرعی و دینییە و ئەنجامدانی وەک ئەرک و ئیلتیزامی دینی خراوەتە سەر شانی تاکی باوەڕدار بەنیزامی کۆماری ئیسلامی. بەڵام تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ڕێستورانتی میکۆنووس لەگەڵ ئەوەدا کە خەسارێکی گەورە بوو بۆ جووڵانەوەی کورد بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، بوو بە هۆی ئەوەی کە چیدی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیتسلامیی ئێران وەک جاری جاران نەتوانن بەئاسانی بۆی دەربچن. بەمجۆرە تێرۆری میکۆنووس بوو بە مەیدانی دادگاییکردنی ئەو نیزامە لەسەر کردەوە تێرۆریستییەکانی و بۆ یەکەم جار لە دادگایەکی دادپەروەردا پەردە لەسەر کردەوە تێرۆریستییەکانی دەسەڵاتدارانی تاران هەڵدەرایەوە و ڕوخساری ڕاستەقینەی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کۆمەڵگەی جیهانی دەرخرا و بڕیاری لەسەر درا.

لە ساڵیادی دەرچوونی ئەو بڕیارە ئازایانەدا دەبێ بڵێین کە حوکمی دادگای مێکونووس لاپەڕەیەکی زێرینی لە مێژووی دادوەری و دادپەروەری لەم جیهانە ئاڵۆزەدا تۆمارکرد. ڕاستە ئەنجامدەرانی ڕاستەوخۆی کردەوە تێرۆریستییەکەی مێکونووس سزای خۆیان وەرگرت و بە زیندان مەحکووم کران، بەڵام ئەو پەروەندەیە هەتا ئێستا دانەخراوە و نەگەیشتۆتە دواقۆناغی خۆی؛ چونکە بڕیاردەرانی ئەو کردەوە تێرۆریستیە کە لە حوکمی دادگادا ناویان هاتوە، لە بەردەم دادگادا ئامادە نەبوون و هێشتا سزای خۆیان وە نەگرتوە. لە هەمان کاتدا دادگا هێشتا ئەو بەڵگانەی نەخستۆتە ڕوو کە چ کەس یا کەسانێک زانیاریی ئاوا ڕوون و دەقیقیان لەسەر شوێنی کۆبوونەوەی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و بەشێک لە ئوپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی هەبووە هەتا پیلانی تێرۆرەکەی لەسەر دابڕێژرێ؟ ئەوەش ئەرک دەخاتە سەرشانی تێکۆشەرانی دێموکرات و هەموو ئازادیخوازانی ئێران و کوردستان کە نابێ ئێزن بدەن کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لەبیر بچنەوە. پێویستە بەدایمە کار بۆ ئەوە بکرێ کە ئەو کردەوە تێرۆریستیانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بیر وزینی گەلانی ئێران و گەلی کورد و بیروڕای جیهاندا بەزیندووی بمێننەوە و تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی پتر و پتر لەقاو بدرێ.

# کاریگەریی میکۆنووس لەسەر سیاسەتی نێوخۆی ئێران و ڕەوتی ٢ی جۆزەردان

هێمن سەیدی




٢٥ ساڵ لە دەرکردنی بڕیارە مێژووییەکەی دادگای میکۆنۆس تێپەڕی. ڕۆژی ٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ پاش ٥ ساڵ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و پێکهێنانی ٢٥٠ کۆبوونەوەی دادگا، دادگای میکۆنووس تیمی تێرۆری سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران و یەک لەوان کازم دارابیی بە تاوانبارانی سەرەکیی تێرۆری دوکتور سادقی شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێیانی ناساند. ئەم دادگایە هەروەها ڕێبەر و سەرۆککۆمار و وەزیری ئیتلاعات و وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی ئێرانی بە نەخشەدارێژ و بڕیاردەرانی ئەم تێرۆرە ناو برد و حوکمی دەسبەسەرکرانی نێودەوڵەتیی بۆ عەلی فەلاحیان دەرکرد. ئەوکات هەم دەوڵەتی ئێران و هەم دەوڵەتی ئاڵمان هەوڵی زۆریان دا کە کار و بڕیاری دادگا بوەستێنن، بەڵام دادوەری بوێری بەرلین لە هەمبەر هەموو ئەم گوشارانە خۆڕاگریی کرد و بڕیارێکی مێژوویی لەمەڕ تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرکرد.

ئەم ڕووداوە ئورووپاییەکانی ناچار کرد مل بۆ ڕاستییەکان ڕاکێشن و لەگەڵ ئەمری واقع بەرەڕوو ببنەوە. لە ئەنجامدا هەموو ئەندامانی یەکیەتیی ئورووپا باڵوێزەکانی خۆیان لە تاران کشاندەوە و ئێران لە دوای بارمتەگرییەکەی باڵوێزخانەی ئەمریکاوە بەرەوڕووی گەورەترین قەیرانی دیپلوماتیکی ژیانی خۆی بۆوە. ئەم قەیرانە هاوکات لەسەر بارودۆخی نێوخۆی ئێرانیش کاریگەریی زۆری هەبوو بەڵام کە هەتا ئێستا کەمتر باس کراوە.

قەیرانی میکۆنووس لەکاتێکدا بەرۆکی ئێرانی گرت کە کەمتر لە ٢ مانگی دی دەبوا هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری لە جۆزەردانی ١٣٧٦دا بەڕێوە بچن. ئەوکات ناتقی نوری زۆرترین شانسی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا هەبوو، چونکی هەم سەرۆکی مەجلیسی ئەوکاتی ئێران بوو، هاوکات لەلایەن ڕەفسەنجانی و خامنەییشەوە پشتیوانیی لێدەکرا، بەڵام لە پاش بڕیاری دادگای میکۆنۆس وردە وردە وێژمان و دیسکۆرسی هەڵسوکەوت لەگەڵ دونیای دەرەوە، پێویستیی یاسامەندی، چاوەدێریی پتر بە سەر ناوەندە ئەمنییەتییەکان، بایەخی کۆمەڵگەی مەدەنی و... کە پێشتر پشتگوێ خرابوون، بوو بە وێژمانی سەرەکی و بنێشتەخۆشکەی سەر زاران. هەر بۆیە خۆڕانان بەم ئاڵوگۆڕە پێویستی بەڕێوبەرێکی کارامە هەبوو بۆ جێبەجێکردنی بە سەلماندنی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بوو لە ڕەفتاری تاکوو ئێستای کۆماری ئیسلامیدا و ناتقی نووری کارەکتەرێکی گونجاو نەبوو بۆ ئەم ڕوخسار گۆڕینە؛ چونکوو ئەو هێما و نوێنەری بارودۆخی ئارایی ڕژێم بوو. ئەوە بوو کە پاڵێوراوێکی نەناسراو بە ناوی محەممەد خاتەمی کە کەس پێشبینیی نەدەکرد خۆی لە دەوری دووهەمیشدا ببینێتەوە، بە هێنانەوەی بیست میلیون دەنگ هەر لە خولی یەکەمدا گرەوی هەڵبژاردنەکانی ٢ی جۆزەردانی بردەوە. هێشتا چەند مانگێک لە هاتنەسەرکاری خاتەمی تێنەپەڕیبوو کە زۆربەی وڵاتە ئورووپاییەکان ئامادەیی خۆیان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران ڕاگەیاند، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە سیگناڵی ئاڵوگۆڕەکانیان لە کۆماری ئیسلامیدا پێ گەیشتبوو.

بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو لە ئارادا نییە بیسەلمێنێ کە ئەم گۆڕانکارییانە لە کۆماری ئیسلامیدا بڕیارێکی پێشوەختە بووبێ و لە ژووری بڕیاردانەکانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بەم ئاکامە گەیشتبێتن کە ناڕاستەوخۆ خەڵک بۆ ئەم مەبەستە بانگهێشت بکەن. بەڵام ئاشکرایە کۆماری ئیسلامی بەبێ ئەم بڕیارە توانای مانەوەی لە گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانیدا نەبوو. لەلایەک ئورووپا لە بایکوتکردنی ئێراندا ڕەگەڵ ئامریکا کەوتبوو، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو حەز و تاسە شۆڕشگێڕییەی سەردەمی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئامریکا لە ئێراندا نەمابوو. هەربۆیە ڕەفسەنجانی پێشتریش سیاسەتی خۆگونجاندنی ئابووریی لەگەڵ دنیای دەرەوە گرتبووە بەر.

ئەو شتەی تا ڕادەیەکی زۆر سەلمێنەری ئەم شیمانەیەیە، سەرلەنوێ مەهەندیسیکردنی هەڵبژاردنەکانی ١٦ ساڵ دەاتر و دەستنیشانکردنی حەسەن ڕوحانی بوو بۆ ئاڵوگۆڕێکی دیکە لە ڕەفتار و سیاسەتی دەرەکیی ئێراندا.

لە هەڵبژاردنەکانی ١٣٩٢دا سەرەڕای ئەوەی بڕیاری وتوویژ لەگەڵ ئامریکا پێشتر درابوو و کاریشی لەسەر کرابوو، تەنیا حەوجێ بە بەڕێوبەرێکی کارامە هەبوو بۆ جێبەجێکردنی ڕێکوپێکی پلان و بەرنامەداڕێژراوەکان. بۆیە نەتەنیا وردەکاریی وتووێژەکانی عەمان و بەڵێنیی کۆکردنەوەی سانتریفیوژەکان بەتەواوی لە نهێنیدا ڕاگیرابوو، تەنانەت لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکاندا وایان دەنواند و جێیان دەخست کە ڕەنگە ڕوحانی بەپێچەوانەی قوڵی دەسەڵات شێلگیرترین پاڵێوراوێکە کە مژاری وتووێژە ئەتومییەکانی ئێران لەگەڵ ڕۆژاوای لە سەرووی لیستی پلانەکانی خۆیدا داناوە. دواتر باس لەوە دەکرا کە کاتێک عەلیئەکبەر ساڵحی، وەزیری دەرەوەی پێشووی ئێران فایلی وتووێژەکانی ڕادەستی ڕوحانی کردووە، بە دیتنی ڕادەی پێشکەوتنەکان سەری سوڕماوە.

لە هەرحاڵدا لەپاش قەیران و کارەساتەکەی میکۆنووس و هەڵبژاردنەکانی ٢ی جۆزەردان، ئاڵوگۆڕێکی ڕواڵەتی لە سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامیدا ڕووی دا، بەڵام مۆرە سەرەکییەکان و قەوارەی حکوومەت هەر لەجێی خۆیان مانەوە. لەو چوار تۆمەتبارەی ڕێژیم تەنیا فەلاحیان لە پۆست و پایە هەستیارەکانی بەڕێوەبەرایەتی و بەیتی ڕێبەری وەلا نرا. خامنەیی لە پاش ٢٥ ساڵ هێشتا لە ڕێبەریی کۆماری ئیسلامیدا ماوەتەوە، ویلایەتی ڕاوێژکاری باڵای ڕێبەرە لە کاروباری نێودەوڵەتیدا، ڕەفسەنجانیش تا کاتی مردنەکەی بەشێکی گرینگ لە پێکهاتەی دەسەڵات بوو. دوای بڕیاری دادگای مێکونووس وا وێدەچوو کە سنوورەکانی تێرۆر و سیاسەتی دەستێوەردانی ڕێژیم لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی جیهانی سێهەمدا بەرتەسک کرایەوە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا تۆڕ و گرووپە تێرۆریستییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە ئورووپا و تەنانەت ئامریکاش سەرلەنوێ دەستیان بە چالاکی کردوە. لەم نیوەدا کۆماری ئیسلامی ٢٥ ساڵی کات بۆخۆی و پلانە ستراتیژییەژانی دەست کەوت.

***

* وەرگێڕان لە فارسییەوە: هێمن تەرواڵ

## مین

# بکوژی گەورە و بچووک لە کوردستان

لە ساڵی ڕابـردوودا (١٤٠٠) تەقینەوەی مین لە کوردستان لانیکەم ١١ کەسی کوشت و ٢٥ کەسی دیکەی بریندار کرد. پارێزگای ئیلام بە ٥ کـوژراو و ١٢ بریندار لە ڕیزی سـەرەوەی قوربانییانی ناوچە مینڕێژکراوەکانی کوردستاندایە و هەروەها پارێزگاکانی کرماشان بە چوار کوژراو و هەشت بریندار و سنە بە دو کوژراو و سێ بریندار لە پلەکانی دواتردا جێ دەگرن. لە ورمێ، پارێزگاکەی دیکەی کوردستانیشدا ساڵی ڕابردوو برینداربوونی دوو کەس بە هۆی تەقینەوەی مین تۆمار کراوە. هەر لەجێدا دەبێ بگوترێ کە ئامارە تۆمارکراو و ڕاگەیەندراوەکان زۆر کەمتر لە ئامـاری ڕاستەقینەی قوربانییانی تەقینەوەی مین لە کوردستانن و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان زانیاریی زیاتر لە ئامارە ڕەسمییەکانی کۆماری ئیسلامییان لەلایە.

کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارێکدا ڕۆژی چوارەمی ئاوریلی (١٥ی خاکەلێوەی) بە ڕۆژی جیهانیی وریاکردنەوە لە ڕووداوەکـانی مین و یارمەتیدان بە زیانلێکەوتووان دیـاری کردوە. مەبەست لەو کـارەش وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و هـەروەها هاندانی وڵاتان بۆ هەڵگرتنەوەی مین لە ناوچە مینڕێژکراوەکان و بەهاناوەچوونی قوربانییان دیاری کراوە.

بێهنام سادقی، ڕاهێنەری کۆکرنەوە و پووچەڵکردنەوەی مین لەسەر ئەو بڕوایەیە کە لە چەندین ساڵی ڕابردوودا هەموو ساڵێک نیزیکەی ٢٥ تا ٣٠ کەس لە خەڵکی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان لە کاتی هاتوچۆدا، مین لەبن پێیاندا دەتەقێتەوە و بەو هۆیەوە گیانیان لە دەست دەدەن، یان بریندار دەبن. بەپێی قسەکانی ئەو ڕاهێنەر و چالاکی بواری کۆکردنەوە و نەهێشتنی مین، پارێزگای ئیلام یەکێک لە پارێزگاکانە کە زۆرترین مین و تەقەمەنیی لە پانتاییەکی زۆردا کە بەرهەمی سەردەمی شەڕە، تێدا بەجێ ماوە. هەروەها بەپێی لێکۆڵینەوەکانی کەمپەینی نێونەتەوەیی قەدغەکردنی مین، دوای تەواوبوونی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێڕاق و هەتا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ لە ئێران، لانیکەم ٢٨٠٠ کەس بە هۆی تەقینەوەی مین و جۆرەها تەقەمەنیی دیکەی پووچەڵنەکراوەوە گیانیان لەدەست داوە و زیاتر لە ٧٠٠٠ کەسیش بریندار بوون.

### ڕاگرتنی کۆرسەکانی فێرکاری و وشیارکردنەوە لە زیانەکانی تەقەمەنی و مین

بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێران لەنێو ٧٠ وڵاتی دونیادا بە دوهەمین وڵاتی ئالوودە بە مین ناسراوە و بە میلیۆن مینی پووچەڵنەکراوەی لەکارنەخراو، ڕۆژانە بە تایبەت لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان گیانی خەڵکی ئەو شوێنانەیان خستۆتە مەترسییەوە.

بێهنام سادقی لەسەر ئەو بڕوایەیەکە لەوەها بارودۆخێکدا کەچی دوو ساڵە پرسی وشیارکردنەوە و فێرکاری لەسەر مەترسییەکانی مین بۆ خەڵکی ناوچە مینڕێژکراوەکان بە بڕیاری لایەنە بڕیاردەرەکانی حکومەتی ئێران ڕاگیراوە. ئەو ولەم بارەیەوە دەڵێ لە ساڵانی ڕابردوودا ناوەندی کۆکردنەوە و نەهێشتنی مینە پووچەڵنەکراوەکان لە ئێران بەرپرسیارەتیی ئەم ئەرکەیان خستبووە ئەستۆی دوو ڕێکخراوی "بێهزیستی" و "هیلالی ئەحمەر"، بەڵام ئەم دوو ناوەندە لە دوو ساڵی ڕابـردوودا کۆرسەکانی ڕاهێنان و وشیارکردنەوە لە مەترسییەکانی مینیان ڕاگرتوە. سادقی دەڵێ لەو سۆنگەیەوە ئاماری قوربانییانی تەقینەوەی مین بـەردەوام دەچێتە سەرێ و، پێویستە ناوەندی هەڵگرتنەوە و پووچەڵکردنەوەی تەقەمەنی و مین، لایەنی بەرپرسیار لەو ئەرکە دەستنیشان بکا، چونکی لانیکەم ئەم ناوەندە دەتوانێ پێوەندی و ڕێککەوتنی لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ناوچە مینڕێژکراوەکان هەبێ و ئەوان کۆکوپۆشتە بکا و ئاسانکاریی ئەوەیان بۆ بکا لەپێناو پاراستنی گیانی خەڵکدا لە کۆرسە فێرکارییەکان بەردەوام بن.

وڵاتی ئێران دوای تێپەڕینی ٣٣ ساڵ لە کۆتایی شەڕ لەگەڵ عێڕاق ئێستاکەش دووهەمین وڵاتی چێندراو بە مین و تەقەمەنییە و بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان پلەی زۆرترین قوربانییانی تەقینەوەی مینی دژەکـەس و تەقەمەنیی جۆراوجۆری دیکەی شەڕی لە ئاستی دنیادا هەیە. سەرباقی ئەوە ناوەندە حکومییەکان لە ساڵانی ڕابردوودا نەک هەر پێشیان لە پێکهاتنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان گرتوە و کاری ڕێکخراوەیی و هاوکاریکردنی قوربانییانی مینیان لێ قەدەغە کردوون، بەڵکوو بە پاوانکردنی پڕۆژەکانی کۆکردنەوە و پووچەڵکردنەوەی مین و تەقەمەنی و پەیوەستنەبوون بە کۆنڤانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان هیچ هەنگاوێکی ئەرێنی و بنەڕەتییان بۆ پاراستنی گیانی خەڵکی ئەو ناوچانە هەڵنەگرتوە.

### قورسایی لاوازیی مودیرییەت بەسەر لاوازیی تیکنیکیدا

بێهنام سادقی لەسەر ئەم بڕوایەیە کە ئێران لە بواری تێکنۆلۆژی و هەروەها لە هەمبەر هەبوونی هێزی پسپۆڕ بۆ خاوێنکردنەوەی ناوچە مینڕێژکراوەکان لـە مین و تەقەمەنی کەمی ناهێنێ. بـەڵام کێشە و کۆسپی بنەڕەتی لەپێناو ئەو ئەرکەدا لاوازیی مودیرییەت و ڕێکخستنی کاروبارەکانە. ئەو دەڵێ لاوازییەکە لە پێکهاتە و ڕێوشوێنەکانی ناوەندی کۆکردنەوە و نەهێشتنی مینە پووچەڵنەکراوەکاندا نییە، کێشە ئەوەیە کە پڕۆژەکانی ئەم ناوەندە هیچ بودجەیەکی بۆ تەرخان ناکرێ و ناوەندەکە و ئەرکەکانی پشتگوێ دەخرێ. ئەو دەڵێ دەوڵەتەکان نەک هەر بودجەی پێویست بارتەقای کێشەی ناوچە مینڕێژکراوەکان بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە تەرخان ناکەن، بەڵکوو ئەم بڕە کەمە بودجەیەش کە لە ڕەدیفی بودجەدا و لەسەر کاغەز دەنووسرێ ناگاتە ناوەندی کۆکردنەوە و نەهێشتنی مینە پووچەڵنەکراوەکان.

سارا فەلاحی نوێنەری شارەکانی ئیلام، ئەیوان، چەرداول، سیروان، مەلەکشایی و مێهران لە مەجلیس لە مانگی بەفرانباری ساڵی ڕابردوود لە بابەت کەمیی بودجەی دیاریکراو بۆ ناوەندەکانی هەڵگرتنەوەی مین لە گەلاڵەی بودجەی دەوڵەتی ئیبراهیم ڕەئیسیدا گوتبووی: لەگەڵ ئەوەیکە ئەم ناوەندە بۆ ساڵی ١٤٠١ پێویستیی بە ٢٠٠ ملیارد تمەن ئیعتبار هەیە، بەڵام لە لایحەی بودجەدا تەنیا ٦٠ ملیارد تمەنی بۆ تەرخان کراوە و ڕوونیش نییە لەوەندە بودجە تەرخانکراوەش چەندی وەدی دێ و دەگاتە دەستیان؟ ئەو نوێنەرە کوردەی مەجلیسی ئێران دەڵێ لە ئێستادا کاروباری ناوەندی کۆکردنەوە و نەهێشتنی مینە پووچەڵنەکراوەکان لە پارێزگای ئیلام لەبەر پشتگوێخران و تەرخاننەکردنی بودجەوە بەکردەوە ڕاگیراوە.

**جەواد عەباسی – ڕادیۆ زەمانە**

**و: چیا شنۆیی**

# دابڕانی پێکهاتەکانی کوردستان لە بەرژەوەندیی کێدایە؟



شەهریار تەهماسبی

لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوو و لە ناوچەکانی کرماشان، ئیلام و لوڕستاندا کۆمەڵێک ناو و دەستەواژەی نوێی دیاریکراو بەر گوێ دەکەون، کە ناوگەلێکی لەمێژینە، ڕەسـەن و کۆن نین، بەڵکوو کۆمـەڵـە ناوێکی دەستکردن و تـازە هاتوونەتە نێو زار و زمانان. هەروەها سیستماتیک کـار بۆ جێخستنی پتر و گـەورەکردنـەوەیان دەدرێ کە مەبەست لەو کـارەش لێکترازان و دابڕانی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی ئەو ناوچانە لە یەکترییە. هەر ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە بۆ یەکپارچەیی و یەکڕیزیی پێکهاتەیی نەتەوەی کورد بەتایبەت لـەو ناوچـانـەدا و، ئـەم هەوڵە مەترسیدارانە کورد و بەتایبەت ئەو ناوچەگەلە بـەرەو قـەیـران و دابڕانگەلێکی قووڵتر دەبا. پرسـیـاری سـەرەکـی ئـەمـەیـە کـە ئـەو نـاو و دەستەواژانە بۆچی گەورە دەکرێنەوە و خەتی خوار لە بن سەری کێدایە و ئەم ڕەوتە لە قازانج و بەرژەوەندیی کێ دەشکێتەوە؟

و تۆمارکردنی سیمبۆلە کوردییەکان وەکوو سیمبۆل و هێماگەلێکی قەومی و تایبەت، تەنیا لەپێناو دابڕانی زیاتر لەنێو نەتەوەی کورددایە. بۆ نموونەی ئەم باسانەش دەتوانین ئاماژە بە تۆمارکردنی شێوەزار لەکی لە کوردیی خوارێ بکەین کـە وەکـوو زمانێکی سەربەخۆ تۆمار کراوە، یان تۆمارکردنی "گوڵوەنی" وەکوو هێما و سیمبۆلی لوڕ، ئەگەرچی ئەو تۆمارکراوانەی کە ئاماژەمان پێیان کردووە، نالۆژیکیە و بەبێ بەڵگە و فاکتی زمانناسی و کۆمەڵناسی کراون

### پرسیاری دووهـەم ئـەوەیـە کە هۆکاری نیگەرانیی ئێمە چین؟

ئێمـە لـە نـاوچـەیـەکـی فرەدیالێکتیکی و فرەپێکهاتەییدا دەژین، ئەو ناوچەیەش بە درێژاییی مێژوو بوونی هەبووە و خەڵک و پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیە لەژێر ناوێکی هاوبەشدا (کوردبوون) پێکەوە ژیاون و هاودڵ بوون و بەو هۆوییەتەش



**هەوڵەکانی ڕێژیمی داگیرکەر بۆ دابڕانی نەتەوەیی و دروستکردنی قەیرانی شوناس و بەفەرمی ناسینی شێوەزار و لکەزارەکانی زمانی کوردی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات وەکوو زمانگەلێکی جیاواز و تۆمارکردنی سیمبۆلە کوردییەکان وەکوو سیمبۆل و هێماگەلێکی قەومی و تایبەت، تەنیا لەپێناو دابڕانی زیاتر لەنێو نەتەوەی کورددایە**

لەکستان، هەورامانستان، کەڵهۆڕستان و ...هتد ناوگەلێکن کە ڕاستە لەنێو خەڵکدا باو بوون، بەڵام وەکوو هەنووکە بە مەبەست و ئامانجی دیاریکراو سنووری جوگرافیاییان بۆ دیـاری نـەکراوە. لەڕاستیدا لەمێژ ساڵە باو بووە کە ئاخێوەرانی شێوەزار و بنزارە جۆراوجۆرەکان لە ناوچە جیاوازەکاندا دەستەواژەی "ستان"یان پێ دەدرا و ئەمەش زیاتر وەکـوو وێژەیەکی زارەکییە، بـەڵام ئـەوەی ئێستا جێی مەترسی و نیگەرانییە ئـەوەیـە کـە هـەوڵێکی چڕوپڕ بـۆ دیـاریـکـردنـی سنوورگەلێکی دەستکرد و ئامانجدار بە مەبەستی لێکدابڕانی پێکهاتەیی و ئاژاوەگێڕییەکی مەبەستدار لە ئارادایە. هاوکات لە کوردستان لەگەڵ دابەشکردنی ناوچەکانی کرماشان و ئیلام و لوڕستان بەسەر چەند بەشی پاژ و بچووکدا، لە هەوڵی ئەوەش دان کە ئاژاوە و ڕەق و کینە لەنێوان ناوچە دابەشکراوەکانیشدا دروست بکەن و بۆ ئەم وابێژییەش نموونە و ئەزموونی مێژوویی لوڕستان و بەختیارییەکان هەیە کە نیگەرانییەکانی ئێمە زۆرتر و زیاتر دەکا.

پرسیارێکی تر کە لێرەدا لەسەر ئەو مەترسی و نیگەرانییە دێتە ئاراوە، ئەوەیە کە چ کەسانێک لەو دابڕانە کەڵک وەردەگرن یان بە واتایەکی تر ئەو دابڕانە لە قازانج و بەرژەوەندیی چ کەس یان لایەنێکدایە؟ وەڵامەکەش ڕوونە و، بێگومان ئامانجەکان لە هەوڵە چڕوپڕانە بۆ دروستکردنی دابڕان و کەلێنەکان لەو ناوچانە لە ژوورە فکری و پلانداناڕێژییەکانی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە دادەڕێژرێ، بەڵام بۆ؟ کە ناوی ناوەندە ئەمنییەتییەکان دێنین، بە دڵنیاییەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم وابێژییانە لەخۆڕا و بەبێ بەڵگە نییە، چونکی هەوڵەکانی ڕێژیمی داگیرکەر بۆ پەرەپێدانی ئـەم هـەوڵانـە و بەفەرمی ناسینی شـێـوەزار و لـکـەزارەکـانـی زمـانـی کـوردی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات وەکوو زمانگەلێکی جیاواز

خۆیانیان پێناسە کـردوە. لەو کۆمەڵگەیەدا کە دەکـرێ بە کۆمەڵگەیەکی فرەپێکهاتە دابندرێ، خـاڵـی هـاوبـەشـی پـێـکـەوەژیـان لـەژێـر ناوێکی هاوبەشدا بووە و ئەمەش خاڵە هاوبەشەکانی تریشی کەمڕەنگ کردۆتەوە و هەوڵی کۆمەڵانی ئـەو کـۆمـەڵـگـەیـەش لـەپـێـنـاو پـێـکـەوەژیـان و لێکنزیکبوونەوە بووە و ئەم هەوڵانەش لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە جیاوازییەکانی یەکتر بووە. بەڵام هەنووکە دەسەڵاتی نگریس و بەڕێوەبەریی ڕێژیمی داگیرکەر خەریکە ئەو جیاوازییانەی کۆمەڵگەی کوردستان کە خۆمان وەکوو بنەمای خـاڵـی هـاوبـەش لـەبـەرچـاوی دەگـریـن، زەق دەکاتەوە و بە دروستکردنی کەلێن و دابڕان لە شوناسی ئەو خەڵکەدا، دەیـەوێ ئـەوان لە کوردبوون و چەمکی کوردایەتی دابماڵێ.

لـە وەهـا بـارودۆخـێـکـی زۆر هـەسـتـیـاردا ناوچەکانی خوارووی کوردستان بەو کێشەیەوە سـەرقـاڵ کـراون و ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ ئـەم کێشەیەش زیاتر و زیاتر پـەرەی پێ دەدرێ، کەچی بەداخەوە ناوچەی ئێمە زۆر دێر بەم دیاردەیەمان زانیوە، بۆیەش ئەوان دەیانهەوێ ئەم کێشانە لەو ناوچەیەش بە شێوەیەکی خێراتر بگاتە لووتکە، ئەم ڕوانگەیەش ڕێکارێکە بۆ دابڕان و جیاکردنەوەی ناوچەکانی کوردستان وەکوو دۆڕگەگەلێکی جیاواز لە یەکتر. ئەم پیلانەش لەسەر بنەمایەک داڕێژراوە کە ئەگەر تەنانەت هـەر تاکەکەسێکیش لە دۆڕگـەیـەک پێ بنێتە نێو ئەو دۆڕگەکەی تـرەوە، دەبێتە تێپەڕاندنی سنووری یەکتر و واتای ئەویە کە لە ناوچەکاندا یەکتر وەکوو بێگانەیەک سەیر بکرێن.

بەڵام بەداخەوە کێشەکە تەنیا بە دروستکردنی ئاژاوە و دووبەرکێ لەنێوان پێکهاتەکانی ئەو ناوچانەدا کۆتایی نایە و ئێستا ئیدی باس لە خودموختاریی پێکهاتە و عەشیرە جیاوازەکان دەکرێ و، وێستگەی دواتری ئەم ڕوانگە و وێژمانە،

داوای سەربەخۆیی هەر تایەفە و عەشیرەیەکە و دواتریش ئەم داخوازییە شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو بنەماڵە و تاکەکەسەکان و لە ئاکامیشدا دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵگەی کوردستان؛ سیناریۆکە و ئامانجی بنەڕەتی ئەمەیە! بەو خێراییە کە نـاوچـەگـەرایـی هـەیـەتی، ئینتیمای عەشیرەیی و قەومی لە کۆمەڵگەی فرەپێکهاتە و فرەڕەنگی ئێمەدا مەترسییەکی زۆر بۆ کۆمەڵگە و بەها لەمێژینەکانمانە و هەر وەکوو گوتمان ئەو هەوڵانە خەریکن کۆمەڵگە بەرەو هەڵوەشانەوە و لێکترازان ببەن. هەروەها زۆر بە خێراییش خەریکن بە پەرەپێدانی ئێلگەرایی نەتەوەخوازی بخەنە پـەراوێـزەوە، واتـە دەگـاتـە ئاستێک کە لـە مـاوەی دە سـاڵـی داهـاتـوودا ئیتر ڕێگەی گەڕانەوەمان بۆ نەمێنێ، واتـە بگەینە ئاستێک کە چاوەڕێی ئەوە بکەین کە هەر تاکێک لەنێو کۆمەڵێکدا خۆی بتەقێنێتەوە تاکوو بیسەلمێنێ کە بەهێزترین و دڵسۆزترین نوێنەری ڕەوا و مێژوویی خوا (واتـە خۆی) لەسەر زەوییە، مەبەست لەمەش تیرۆریستێکی تاکەکەسییە نەک گرووپی و بەکۆمەڵ و ئیدئۆلۆژیک. ئەو کات دەبینین کە کۆمەڵگەیەکی لەڕادەبەدەر ترسناکمان هەیە و خۆمان خەریکی وێرانکردنی کۆمەڵگەی خۆمانین و خۆمان سەرقاڵی لەنێوبردنی یەکتری، واتە خۆمانین.

ئـەو بـارودۆخـە بـە جۆرێـک لـە کۆمەڵگەدا گەمژەیی و ساویلکەیی جێ خستووە، کە وا وێنا دەکرێ هەوڵدان بۆ دروستکردنی ناو و شوناسێکی ساختە و درۆیین لە سێبەری ئەو دواکەوتووییەدا، هونەر و زانست و فەلسەفە ورت و وێـران بکرێ. ئـەو کەسانە بـاوەڕیـان دەرخـــوارد دەدرێ و دوای ئـــەوەش ئیدی پێویستیان بە هیچ شتێکی تر نییە. لەوانەیە ئەگەر ئەم ڕوانگە و وێژمانە ڕەوایی پێ نەدرایە، بـەرە بـەرە وزە و هێزی ئـەوان بتوایاتەوە و بەتەواوەتی لەنێو چووبان، بەڵام ڕەواییدان و پەرەپێدانی ئەم ناو و هەوڵانە لەلایەن ناوەندە فەرمییەکانی دەسەڵاتەوە هەموو شتێکی ئاڵۆز و تێکەڵپێکەڵ کردوە.

بەفەرمیناسین و ڕواییدان و ناوهێنانی ئەو ناو و هێما و سیمبۆلانە لەلایەن دەسەڵاتەوە بە شێوەی فەرمی و لەلایەن ناوەندە فەرمییەکانی دەسەڵاتەوە، ئێمە دڵنیا دەکاتەوە کە دەستگەلێکی پشـتپـەردە لـە پـەرەپـێـدان و بـڵاوبـوونـەوەی ئـەم پـرسـەدا هـەیـە. زۆر جـار دیکتاتۆرەکان نایانهەوێ بارودۆخەکە بەو شێوەیە بێ کە هەیە، بەڵکوو گەرەکیانە بەو شێوەیە ببێ کە ئەوان دەخـوازن و بیری لێ دەکەنەوە. دیکتاتۆرەکان هەر ئەوەندە کە بزانن بەهێزن، ئەگەر هەموو کەرەستە و کەلوپەلی جیهانیشیان هەبێ بەڵام نەبیندرێن، بە هیچ شێوەیەک لە دۆخی خۆیان ڕازی نین، "پان"ەکان و چەقبەستووەکانیش ڕێک بەم شێوەیەن و بۆیان گرنگ نییە ژیرانە بیر بکەنەوە یان بدوێن و هەڵسوکەوت بکەن، بەڵکوو ئەوەی کە گرنگە ببیندرێن و بزانن هێزیان هەیە و بەهێزن، ئـەوان خـاوەنـی بڕیار نەبن، نابێ چاوەڕوانی خێری ئاوەز و ژیرانەبێژی بین.

ئەوان لە باتی ئەوەی کە خەریکی داهێنان و ئافراندن بن، دواکەوتوویی و سـواوی بەسەر جوانیناسیی ناوچەکەدا دەسەپێنن و دەبێژن: "ئـەوەی کۆنتر بێ، ڕەواتـر و جوانترە". بێتوو ڕۆژێکیش هەستی جوانیناسیی گشت ناوچەکە بە لاڕێ سەرقاڵی ئەو کێشەیە بێت، بە دڵنیاییەوە تیرۆریزمی قەومی، تایفەیی و عەشیرەیی سەر هەڵدەدات.

هـەمـوو ئـەو خـاڵانـەی کـە ئـامـاژەمـان پێ کـرد، سەلمێنەری ئـەوەن کـە وەسـتـانـەوە و بەرەنگاربوونەوەی ئەو پلان و پیلانگەلە زۆر گرینگ و پێویستە، ئەوەمدە گرینگ و پێویست کە تاک بە تاکی کۆمەڵگە بۆ پاراستنی ئاکار و ڕەوشتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە، بێنە نێو ئەم پرۆسەی بەرگری و بەرپرچدانەوەیەوە.

***

# کۆمەڵگەی مەدەنی

## (چەمک، پڕۆسەی مێژوویی، پێشمەرج و بناخەکانی)

## (٢-٢)

**شاهۆ مەتین**

### چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی

پڕۆسەی مێژوویی، ڕوانگەکان و تێگەیشتنە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەی مەدەنی، پێناسەی جۆراوجۆریان پێ بەخشیوە .

کۆمەڵگەی مەدەنی "civil society" لە بێژەدا، پێکهاتووە لە کۆمەڵگە و مەدەنیبوون. کۆمەڵگە، کۆمەڵێک لە تاکەکانە کە پەیوەندیی واتادار و کردەوەی دوولایەنە لە نێوانیاندا دێنێتە ئاراوە و بە هەر کۆمەڵێک ناگوترێ کۆمەڵگە. مەدەنییش، ڕیشەی لە مەدەنییەت و شارنشینیدا هەیە و بە شێوەی گشتی ژیانی کۆمەڵایەتیی شار هاوکات لەگەڵ شارەستانییەت دێنێتە بەرچاو. بەڵام لە مانادا چوار پێناسە لە کۆمەڵگەی مەدەنی خۆیان بەرجەستە دەکەن.

١- کۆمەڵگەی مەدەنی بەستێنێکی گشتیی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتییە و هەروەها لەم بەستێنە ئەوە بەکارهێنانی هێز لە ڕێگای شارۆمەندانە کە جێبەجێبوونی ئەم دوو جەمسەرە (کۆمەڵگە و دەوڵەت) و ڕێسا و یاساکان دەستنیشان دەکا و هەر تاکێک لە کۆمەڵگە بە مەرجی پاراستنی یاسا، ئیمتیاز و مافی خۆی بە تاک یا گرووپێکیتر دەسپێرێ.

٢- کۆمەڵگەی مەدەنی سنووری نێوان چوار بەشی سەرەکیی کۆمەڵگەیە، کە بریتیین لە (ئابووری، سیاسەت، فەرهەنگ و جڤات) کە لەواندا ئەنجوومەنەکانی خۆبەخش، حیزبەکان و گرووپەکان ڕۆڵی بنیاتنەرانەیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتیدا. هەیە.

٣- کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەقداربوون و ئازادبوونی خەڵک دەست پێ دەکا و بە جیابوونەوەی دەسەڵاتەکان شکڵ دەگرێ و پاشان بە پلۆرالیزم لە کۆمەڵگەدا تەواو دەبێت.

٤- کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆمەڵەیەک لە دامەزراوەکانی چالاک و ڕێکخراوەی سینفی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی یاسامەند و سەربەخۆیە کە ڕوانگەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە نیزامی سیاسیی دەسەڵاتدارە و نێوەندگیری دەوڵەت و خەڵکە. بەمجۆرە کۆمەڵگەی مەدەنی، بەستێنێک بۆ ڕێکخستن و ئاسانکاریی پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەیە، کە لەلایەک ڕوانگەی خەڵک بۆ دەوڵەت دەگوازێتەوە و لەلایەکی تریش بەرپرسیارێتی و کارکردی شیاوی چاوەڕوانیی دەوڵەت بۆ کۆمەڵگە شۆڕ دەکاتەوە.

### قۆناغەکانی دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی

پاش ئەوەی کە مرۆڤ لە وەحشیگەری و ژیانی کێوی هاتەدەر و بە هەر هۆکارێک کۆمەڵگەی ئینسانیی دامەزراند، بەرەبەرە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە تیۆریی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەلسەفیی مرۆڤدا هاتە ئارا و بەردەوام خوێندنەوەی تایبەت و تێگەیشتنی نوێی لێ کراوە و جۆرێک هێرمۆنۆتیک لە ڕاڤەی پڕۆسەی مێژوویی ئەم هزرە دەبینێ و ئێمە بەو شێوەیە شرۆڤەی چۆنیەتیی شکڵگرتنی ئەم قۆناغە مێژووییە دەکەین:

### بەرەنجامگیری جیاواز لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنی

١- کۆمەڵگەی مەدەنی وەکوو فەرهەنگێکە. ئەم تێگەیشتنە دوای ڕێنسانس لە ڕۆژئاوا ڕمێنی پەیدا کرد و کۆمەڵگەی مەدەنی وەکوو کۆمەڵگەیەک سەیر دەکرا کە هەڵگری دابونەریت، دامەزراوە، بایەخ و ئانۆمیی تایبەت بە خۆیەتی و هەر کەس و لایەنێک بیهەوێ بەشێک بێت لەو کۆمەڵگەیە، دەبێ پێبەند بە جێبەجێ کردن ئەم دابونەریتانە بێت.

٢- کۆمەڵگەی مەدەنی وەکوو ئیدۆلۆژییەکە. لەم ڕوانگەیەدا کۆمەڵگەی مەدەنی لە دۆخی فەرهەنگی دێتەدەر و تیۆری و هزری گشتی کە پێویستی و بناخەی تایبەتیی هەیە و، ئارمانج و مەبەست و ئیلهام بە تاکەکانی کۆمەڵگە دەبەخشێ. لەو پێناسەیەدا کۆمەڵگەی مەدەنی بەمجۆرە دەخوێندرێتەوە کە: بەختەوەری و پێشکەوتنی کۆمەڵگە لەسەر دەستی هزری کۆمەڵگەی مەدەنی دەستەبەر دەبێ.

٣- کۆمەڵگەی مەدەنی وەکوو یەک مێتۆد. لەم ڕوانگەیەدا کە لە ئێستاشدا جێگای مشتومڕە، کۆمەڵگەی مەدەنی مێتۆدی حکوومەتکردنە و هەر کۆمەڵگەیەک دەتوانێ لە مێتۆدی کۆمەڵگەی مەدەنی کەڵک وەرگرێ و لە ڕاستای گەیشتن بە مەبەست و ئارمانجە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی و هە وەها بە لەبەرچاو گرتنی ئیدئۆلۆژی ئەو کۆمەڵگەیە کەڵکی پێویست و گونجاوی لێ وەرگرێ.

### پڕۆسەی مێژوویی هزری کۆمەڵگەی مەدەنی

بە درێژایی مێژوو کۆمەڵگەی مەدەنی لە سێ قۆناغ و بە سێ شکڵی جۆراوجۆر خۆیا بووە:

١- قۆناغی پێش دەوڵەت (Per-State). پێش دروستبوونی دەوڵەت و دوای دامەزراندنی کۆمەڵگەی سەرەتایی تا سەدەی نێوەڕاست، کۆمەڵگە مرۆییەکان و ئەنجوومەنە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی دابینکردنی نەزم، ئەمنییەت و یەکگرتوویی جۆربەجۆر خۆیا دەبوون. لەم قۆناغەدا کۆمەڵگەی مەدەنی ژێرخان و دەوڵەتیش سەرخان بوو، و هەموو کات ژێرخان پێش سەرخان جووڵاوەتەوە و هەر ئەم بابەتە هۆکار بووە کە کۆمەڵگەی مەدەنی گەشە بکا و بگرە بانتر لە دەوڵەت جێگای سرنج بێت.

٢- قۆناغی بەرامبەر بە دەوڵەت (Anti-State). لەم قۆناغەدا کۆمەڵگەی مەدەنی بەستێنی هێزی کۆمەڵایەتی و هاوسەنگکردنەوە بووە و ئەم هێزە، بەستێنی شکڵگرتنی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ بەرەنگاری لەگەڵ دەسەڵات دابین دەکرد و کۆمەڵگەی مەدەنی بەرامبەر بە دەوڵەت جێی دەگرت.

٣- قۆناغی دوای دەوڵەت (Post-Stat). دوای قۆناغی مۆدێرن تاکوو ئەمڕۆ، ئەم قۆناغە لە کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژاوا شکڵی گرتوە کە کۆمەڵگەیەکی بێ‌زاڵییەتی دروست بووە و کۆمەڵگەی مەدەنی بەستێنێکە کە ناکۆکییەکان و جووڵە ئابووری، سیاسی، مەزهەبی و کۆمەڵایەتییەکانی لێی بەرهەم دێ و دامەزراوە دەوڵەتییەکان ئەرکیان چارەسەری ئەم ناکۆکییانە و پێکەوەگونجاندنی ئەوانە لەگەڵ یەکتری.

### خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

هەر چەمکێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەلسەفی هەڵگری خەسڵەت و ڕەهەندگەلێکە کە بۆ ناسینی دروستیی ئەم چەمکە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو ڕەهەند و خەسڵەتانە بکەین. کۆمەڵگەی مەدەنییش لەم ڕێسایە بێبەری نییە و لەم دەرفەتەدا هەوڵ دەدەین سەرەتا پێشمەرجەکانی بنەڕەتیی کۆمەڵگەی مەدەنی شرۆڤە بکەین و دواتر

بێینە سەر باسی بناغەکانی. لێرەدا پێویستە پێداگری بکەین کە پێشمەرجەکان و بناغەکان لە هەرکات و شوێنێک ئیمکانی گۆڕینی هەیە.

پێشمەرجەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چین؟ پێشمەرج، بە مانای مەرجی یەکەم و پێشوو دێت، بەو مانایە کە پێش دامەزرانی کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەتمەندییەکان و هەلومەرجەکان دەبێ برەخسێن، کە ئەم مەرجانە، هۆکاری پێویست بەڵام ناتەواو بۆ کۆمەڵگەی مەدەنیین. هەڵبەت دەبێ سەرنج بدەینە ئەوە کە لەنێوان پێشمەرج و بناغە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا جیاوازی هەیە.



### شەش خاڵی بەدیهێنەری کۆمەڵگەی مەدەنی

**دێموکراسی**/ لە گرینگترین بەستێنەکانی بەدیهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەرەپێدان و گەشەی دێموکراسی و خەڵکسالارییە لە کۆمەڵگەدا. یەکەمین چەمکی جێی باس لە دێمۆکراسیش، سەرچاوەی "ڕەوایی" حکوومەتە، کە لە ئەندێشەی دێمۆکراسیدا ئەم سەرچاوەیە "خەڵکن" و مافی گەلە، کە بە دەسەڵات ڕەوایی ببەخشێ یان نا. هەربۆیەشە دێمۆکراسی مافێکە بۆ خەڵک و دەبێ دەنگ و ڕوانگەی زۆرینەی خەڵک سەرچاوەی ڕەوایی یاسا و دەسەڵات بێ.

**ئازادی**/ لە سەردەمی نوێدا، لەبارەی ئازادی و لیبرالیسم بۆچوونی زۆر و جۆراوجۆر هەیە. یەکەم، "ڕاستلیبرالیزم" ئێستاش لە ڕۆژاوا بەدی نەهاتوە، بەڵام هیندێک "ڕاستلیبرالیزم" خۆیان دەرخستوە کە هاوواتای هەموو حەقیقەتەکانی لیبرالیزم نییە.

دووهەم، دەبێ بزانیین کە لیبرالیزم لەگەڵ چەمکی نوێی خۆی کە لە فەرهەنگ و مێژووی ڕۆژاوادا گەشەی کردوە و دەرکەوتوە، چەمکێکی پێشگر و تەواو بۆ ئازادی کە هەزاران ساڵە لە مێژووی فەرهەنگی مرۆڤایەتیدا هاتۆتە بەرباس نییە؛ بەڵکوو لە هەر قوتابخان ەو لە هەر فەرهەنگێک ئازادی چەمکێکی نوێیە و ئەم بڕوایە بوونی هەیە کە ئازادی بەرزترین بەخشینە کە خوا بە مرۆڤی بەخشیوە. کەواتە پێویستە جیا لە ڕەهەندی ئابووری، سیاسی و فکریی لیبرالیزم لە چەمکی ئازادی گشتیشدا قسە بکرێ، هەڵبەت ئازادی پێناسە و مەیدانێکی تایبەتی هەیە و تا ئەو شوێنە ڕێز لێگیراوە کە ئازادیی ئەوانیتر پێشێل نەکات. ئازادی بە نێوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆی یەکێک لە پێشمەرجەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە و سەربەخۆیی کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستیی ئازادی کۆمەڵایەتییە و دەبێ ئازادی لە پەنای یاسا بێ و یاساش پشتیوانی لە ئازادی بکا.

**پلۆرالیزم**/ یەکێک لە پێشمەرجەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەبوون و قبووڵی فرەییە، ئەم ئەسڵە بە مانای قبووڵکردنی فرەیی لە ڕوانگە، بڕوا، دین و... هتد، کە خاڵی بەرانبەری ناوەندێتییە.

بەگشتی لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەوڵەکان لەسەر ئەوە چڕ دەبنەوە کە هێزی سیاسی لە ناوەند بەدوور بێ و بە جۆرێک بڵاو کرابێتەوە کە، هاوسەنگی لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنیدا جێگیر بێت. هەر بۆیە پلۆرالیزم لەسۆنگەی جۆراوجۆریی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، جۆری حیزبە سیاسییەکن، ڕاگەیاندن، ئەنجوومەن و ڕوانگە جۆراوجۆرەکان و فرەیی لە مەزهەبدا یەکێک لە پێشمەرجەکانی پێویست و بناخەی سەرەکی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە، دەتوانێ لەگەڵ خوێندنەوەی دینی دژ یا هاوڕا بێ.

**پێکەوە هەڵکردن و ڕوحی لێبووردەیی**/ پێکەوە هەڵکردن و لێبوردەیی بە مانای پشوودرێژی و هەر وەها سەبر و دان بەخۆداگرتن و لە بەرچاو نەگرتنی ناکۆکییە بچووکەکانە و کاتێک کە دێمۆکراسی، ئازادی و پلۆرالیزم قبوول دەکرێ، لێبووردەیی و پێکەوەحەوانەوەش لەنێو کۆمەڵگە و دەسەڵاتدا جێ دەکەوێ.

بـاوەڕی هاوبەش بە بایەخە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان/ ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا بەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان جێگای پەسندی هەموو تاکەکان نەبن، بە هیچ جۆرێک کۆمەڵگە شکڵ ناگرێ کە مەدەنی یا نامەدەنی بێت.

هەر بۆیە یەکێک لە مەرجەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بڕوامەندی بە بایەخە هاوبەشە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانە و هاوکات کە کۆمەڵگە دەبێ پلۆراڵ بێ و، پێکەوەحەواونەوە و ئازادییەکان قبوول بکا، بەڵام دەبێ پێبەندی کۆمەڵێک ڕێسا و بایەخ کە بەشێک لە فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگەیەیە بێت، کە لە لایەنی زۆرینەی کۆمەڵگەوە قەبووڵ کراوە. هەروەها یەکێکی تر لە مەرجەکانی بەدیهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بڕوامەندی بە کەرامەتی مرۆڤە و ئەو مافەی دەبێ لەهەر بارودۆخێکدا پارێزراو بێت.

### بناخەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

دوای ئەوەیکە پێش مەرجەکان و بنەما سەرەتاییەکای کۆمەڵگەی مەدەنی بەدی هاتن و بە شێوەی سەرەتایی خۆیان دەرخست، کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵگری تایبەتمەندی و بناخە گەلێک دەبێ کە وردەوردە تێیدا دادەمەزرێ و ئەوانێش بریتین لە: "یاسا سەروەری"، "هاوبەشی"، "دادگەری" و "چاودێری" بە سەر ڕەفتار و کاروباری دەوڵەتدا.

ئەو تایبەتمەندییانە کە دواجار بایەخ و شوناسی هۆوییەتی و مەدەنی وەردەگرن، بە بناخە ناسێنەرەوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنرێن.

---

# زیندان بەزێنەکانی ئێمە




**ئا: دیاکۆ دانا**

زیندانبەزینی ئەمجارەی "کوردستان" شاکر بێهروزی‌یە کە لە زیندانی ناوەندیی ورمێدا بەند کراوە و سزای ئێعدامی بەسەردا سەپاوە.

شاکر (فەرهاد) بێهرووزی، کوڕی سەلیم لەدایکبووی گوندی دزەی سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێیە. شاکر قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە گوندەکەی خۆیان تەواو کردوە و پاشان لە تەلاشی زیوە درێژەی بە خوێندنی دواناوەندی داوە و پاشان لە ڕەشتەی "کار دانش"دا بڕوانامەی دیپلۆمی وەرگرتوە. ئەو دواتر بۆ بژێوی ژیانی ڕوو لە کاری چێشتلێنەری دەکا و لە تالارەکانی شاری ورمێدا بەو کارەوە سەرقاڵ دەبێ.

شاکر لە ساڵی ١٣٩٦ هەتاودا هاتۆتە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پاشان لە خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧دا و دوای وەرگرتنی "ئەمان نامە" گەڕاوەتەوە ئێران و خۆی ڕادەستی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری ورمێ کردۆتەوە. ناوبراو پاش ١٤ ڕۆژ دەسبەسەری لە گرتنگەی ئیتلاعات و تەواوبوونی قۆناغەکانی یەکەمی لێپرسینەوە بە شێوەی کاتی ئازاد کرا. بەڵام پاش ٦ مانگ بۆ جاری دوویەم لە ڕێکەوتی ٢١ی ڕەشەممەی هەمان ساڵدا لەلایەن حیفازەت ئیتلاعاتی ورمێوە دەسبەسەر کرایەوە بە تۆمەتی "کوشتنی ئەندامێکی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی" دەستبەسەر و بۆ ماوەی ساڵێک و ٩ ڕۆژ لە گرتنگەی ئەو ناوەندە ئەمنییەتییەی ڕێژیم هەڵکەوتوو لە پادگانی ئەلمێهدیی ئەو شارە خرایە ژێر ئەشکەنجە. حیفازەت ئیتلاعاتی ورمێ بە مەبەستی وەرگرتنی داننانی زۆرەملێ لە شاکر قورسترین و جۆراوجۆرترین شکەنجەی لەسەر تاقی کردەوە.

شاکر دوای ٥ مانگ مانەوە لە گرتنگەی حیفازەت ئیتلاعاتی ئەو شارەدا بەو پەروەندە قورسەی لەدژی دروست کرابوو، لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩٩ هەتاویدا سەرەتا لە لقی ٢ی دادگای شۆڕشی شاری ورمێ و لە دادگایەکی چەند خوولەکیدا بە سەرۆکایەتی قازی "شێخلو" بەتۆمەتی "هەوڵدان دژی ئەمنییەتی نەتەوەیی" لە ڕێگەی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا سزای ٥ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا. بەڵام دواتر حیفازەتت ئیتلاعاتی سپا بە هەڵبەستنی تاوانێکی نەکردوو دوو پەروەندی دیکەی لەدژی کردەوە و لە دادگا بە تۆمەتی "بەغی"ی لە ڕێگای ئەندامەتیی "کۆمەڵە" و هەروەها "کوشتنی" ئەندامێکی سوپای پاسداران سزای ئێعدامی بەسەردا سەپێندرا. ئەو حوکمە لە پووشپەڕی ساڵی ١٤٠٠ لە دیوانی بەرزی وڵاتڕا بۆ پێداچوونەوەی دووبارە نێردرایەوە بۆ دادگای شۆڕشی شاری ورمێ و لە ئاکامدا لە ڕەزبەری هەمان ساڵ (١٤٠٠) سزای ئێعدامی شاکر لە لقی ٣١ی دیوانی بەرزی وڵات لە شاری قوم پشتڕاست کرایەوە.

سەپاندنی حوکمی ئێعدام بە سەر شاکر بە تۆمەتی "کوشتنی" ئەندامێکی سوپای پاسداران و ئەندامەتی لە ڕێکخراوی کۆمەڵە لە کاتێکدایە کە ئەو پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بووە و هیچ پێوەندییەکی بە کۆمەڵەوە نەبووە. هەروەها دوای پشتڕاستکردنەوەی حوکمی ئێعدامی شاکر لە دیوانی بەرزی وڵات، ١٢ کەس لە خەڵکی ئاوایی دزەی مەرگەوەڕ لە نامەیەکدا داوایان لە دەزگای قەزایی کرد ئەو پەروەندەیە بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر وەگەڕ بخاتەوە و دادگەرانە پێیدا بچنەوە. ئەوان شایەتییان دابوو کە شاکر لە کاتی کوژرانی ئەو ئەندامەی سپای پاسداران لە گوندەکەی خۆیان بووە؛ هەروەها بنەماڵەی "مامەل محەممەدی"، پاسدارە کوژراوەکەش لە سکاڵا دژ بە شاکر خۆیان بواردبوو. بەڵام دواتر حیفازەت ئیتلاعات بۆ زیاتر گوشار خستنە سەر شاکر لەسەر بنەماڵەی "مامەڵ محەممەدی" دەکا کە بێتوو بەدژی ئەو (شاکر) سکاڵا بەرز نەکەنەوە و ئەگەر بێتوو لێی ببوورن، مووچەی مانگانەیان لە "بونیادی شەهید"دا دەبڕن؛ بەوەش ئەو بنەماڵەیە مل بۆ بڕیارەکەی سپای پاسداران رادەکێشن.

شاکر بێهرووزی دوای ئاگاداربوون لەو باسە و لەو پیلانەی حیفازەتی ئیتلاعاتی سپا ناڕەزایەتیی توند دەردەبڕێ و لە سەرەتای مانگی خەزەڵوەری ١٤٠٠دا لەد زیندانی ناوەندیی ورمی بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک مان لە خواردن دەگرێ. شاکر پێشتریش لە ڕێکەوتی ٢٣ی جۆزەردانی هەمان ساڵدا بە نیشانەی ناڕەزایەتیدەربڕین لەمەڕ ڕەوتی نادادپەروەرانەی دادگایەکی و سەپاندنی سزای ئێعدام بە سەریدا، مانی لە خواردن گرتبوو. بەڵام لە حاڵێکدا کە پێشتریش ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاویدا ناڕەزایەتیی خۆی لە دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە سەپاندنی سزای ئێعدام بە سەر شاکر بیهرووزی‌دا دەربڕیبوو، هیچ وەڵامێک بە داوای وردبینی و پێداچوونەوەی سەرلەنوێ بە پەروەندەی ناوبراو نەدراوەتەوە.


شاکر لەم دواییانە و لە ڕێکەوتی ١٠ خاکەلێوەی ئەمساڵیشدا بەنیشانەی ناڕەزایەتیدەربڕین بە بەندکرانی لە سللولی ئینفرادیدا مانی لە خواردن گرت و، ڕۆژی شەممە ٢٧ی خاکەلێوە پاش ١٧ ڕۆژ دوای ئەوەی کە بەرپرسانی زیندانی ناوەندیی ورمێ بڕیاری گواستنەوەی ئەویان بۆ بەندی سیاسییەکان دا، کۆتایی بە مانگرتنەکەی هێنا.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش




# هەڵفڕین تا تەشقی ئازادی

## شەهید محەممەدئەمین مەعرووفی


برایم چووکەڵی

خەڵکی کوردستان بە درێژایی مێژوو بۆ وەدەستهێنانی مافە ئینسانییەکانی خۆی بە هەزاران ڕۆڵەی کردۆتە قوربانی، و بگرە لەوەش زیاتر ئاوارە و دەربەدەر و زیندانی بوون. هەرچەند زۆری و بەربڵاویی ئەو هەمووە قوربانییە دڵی هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر دەهەژێنێ، بەڵام مایەی سەربڵیندی و سەربەرزیی نەتەوەی کوردە، چونکی لەگەڵ ئەوەی خوێنی زۆری داوە، بەڵام نەشکاوە، سەنگەری خەباتی ڕەوای جێ نەهێشتوە وسەختییەکانی ژیان و کوێرەوەری و ماندووبوون هەنگاوی بە ڕێبوارانی ئەو خەباتە شل نەکردوە.

زۆر بە زەحمەت دەبینرێ نەتەوەیەک بەبێ قوربانیدانی ڕۆڵەکانی بە ئازادی گەیشتبێ، بەڵام لەسەر ئەو گۆی زەوییەش کەم نەتەوە هەیە بە قەت میللەتی کورد لەژێر ستەم و زۆڵمدا چەوسابێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵنیایی نەتەوەی کورد سەر دەکەوێ، چونکی لاوی تێکۆشەر و خەباتکاری لێ نابڕێ. محەممەدئەمین مەعرووفی یەک لەو سەروەرانەیە کە لەدژی دوو ڕێژیمی پاشایەتی و ئیسلامیدا خەباتی کردوە و لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارەماندا یادی دەکەینەوە.

شەهید محەممەدئەمین مەعروفی ساڵی ١٣٠٥ لە شاری بانە چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. ئەو سەرەڕای کەموکوڕییەکانی ژیان قۆناغی سەرەتایی خوێندنی بە تامەزرۆییەوە بڕی، بەڵام هەژاری و دەستەنگیی بنەماڵەکەی هەر ئەوەندەی بڕ کرد و ئەو ناچار بوو بۆ دەسخستنی بژیوی ژیان شانبەشانی خێزانەکەی کار بکا و ئارەقە بڕێژێ.

محەممەدئەمین لاوێکی ئێسکسووک، ڕووخۆش و جوامێر بوو، قسەی ناحەقی لە کەس قەبوڵ نەدەکرد و زوڵم و ستەمی ڕێژیمی پاشایەتی زۆر زوو بۆ لای کوردایەتی و خەباتی نەتەوایەتیی هێنا. بۆیە لە ساڵی ١٣٣٢دا بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و زۆر ماندوونەناسانە کاروچالاکیی خۆی لە ناوچەی بانە دەست پێ کرد و قۆڵی هاوکاریی لەگەڵ خەباتکارەکانی حیزبەکەی هەڵماڵی. دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینە پڕشکۆکەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ی هەتاوی بۆ بووژانەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب سەردانی کوردستانی عێراقی کرد و لەگەڵ کادرەکانی ئەوکات بەرنامەی بووژاندنەوەی خەباتیان داڕشت و پاش ماوەیەک گەڕانەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام لە درێژەی کار و نەسرەوتنەکانیدا دەست و پێوەندییەکانی ڕێژیمی پاشایەتی پێیان زانین و دەسبەسەریان کردن. بەمجۆرە محەممەدئەمین بۆ ماوەی دوو ساڵ لە شاری ئیسفەهان خرایە زیندانەوە.

شەهید محەممەدئەمین لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران هیوا و گەشبینیی زۆری کەوتە دڵ و بە هاندانی خەڵک چالاکانە بەشداریی لە ڕێکخستنی ڕێپێوانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتیدا کرد و هاوکات پێوەندیی خۆی لەگەڵ تێکۆشەرانی دێمۆکرات کە لە بەندیخانەکاندا بوون یان لە کوردستانی عێراقەوە گەڕابوونەوە، گرێ دایەوە. بە ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزب، پێوەندیی بە بەرپرسان و ڕێکخراوەکانی حیزبەوە گرت و لە ڕێکخستنەوەی و سازماندانی تەشکیلاتی حیزب و لە پێکهێنان و دروستکردنی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی بانە ڕۆلی باشی گێڕا. شەهید حەمەدەمین کە لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا جێی شیاوی خۆی وەرگرتبوو، بەڵێنی دابوو شەوی بخاتە سەر ڕۆژ و هەدا نەدا و نەسرەوێ. ئەو ڕێچکەی خەبات بۆ سەربەستیی مرۆڤایەتی گرتبووە بەر و، نیگای تاسەباری پیرەپیاوانی پشتچەماو، ڕەنجەڕۆیی دایکانی جەرگسووتاوی ڕۆڵە کوژراو، لیزمەی فرمێسکی منداڵانی هەتیوی چاو لە هەتاو، نیگای دڵمەندی دڵدارانی چاوەڕوان هانی دەدا کە کۆڵ نەدا و ورەی هەروا بەرز و چیایی بێ.

شەهید محەممەدئەمین مەعرووفی لە یەکەم کۆنفرانسی کۆمیتە شارستانی بانەدا بوو بە ئەندامی کۆمیتە شارستان. ئەو وەک کادرێکی هەڵسووڕ لەنێو خەڵکدا دەهات و دەچوو و سیاسەتەکانی حیزبی تەبلیغ دەکرد. بە دەستپێکردنی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان لە زۆربەی مەئموورییەت و شەڕەکانی ناوچەی بانەدا بەشداریی کرد. پاشان بەرپرسایەتیی نیزامیی پێ ئەسپێردرا و وەک فەرماندەیەک نەخش و ڕۆڵی خۆی بەجێ گەیاند. عەمەلیاتەکانی سەر جادەی سەقز-بانە، شەڕی گەردەنەی کەلیخان، عەمەلیاتی بەرگری لە شاری بانە و بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ڕێژیم لە گوندی بۆیەن شایەتی هەڵمەت و حەماسەکانی شێرەکوڕانی دێموکرات و ئازایەتی و بەدستوبردیی ناوبراو بوون.

شەهید محەممەدئەمین لەگەڵ هاوسەنگەرانی لەسەرەخۆ و ڕووخۆش بوو، هەمیشە لەسەر سیاسەتە دژیگەلییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆیان دەدوا. لەنێو خەڵکدا فرە خۆشەویست و ئازایەتیی ئەو هەمیشە لەسەر زاری خەڵک بوو. ئەو تایبەتمەندییانە بوونە هۆی ئەوە کە وەک فەرماندەری لک دیاری بکرێ و لەو مەسئوولییەتەش نیشانی دا کە بەڕاستی قارەمانی ئەو خاک و نیشتمانەیە، بە جۆرێک کە دوژمن لە ناوی شەهید محەممەدئەمین زراوی تۆقیبوو.

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٥٩ هێزە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری بانەوە بە پشتیوانیی سێ هێلیکوپتێر هێرشێکی بەربڵاویان بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە نزیک ئاوایی بۆیەن هێنا. پێشمەرگەکان زۆر ئازایانە بەرەنگاری هێرشکەران بوونەوە. لەم شەڕەدا محەممەدئەمینی قارەمان لە سەنگەری پێشەوەدا بوو و لە شەڕێکی ٦ سەعاتەدا جارێکی دیکە سەلماندی کە بەتەواو مانا شۆڕشگێڕە و لە کوورەی خەباتدا قاڵ بووە. لەو شەڕەدا دەیان کەس لە هێزی داگیرکەر کوژران و بریندار بوون و بە دەیان قەبزە چەکوچۆڵ بەدەسکەوت گیرا. بەڵام بەداخەوە محەممەدئەمینی مەعرووفیی زەحمەتکێش لەگەڵ سێ هاوسەنگەری دیکەی بەناوی حەسەن محەممەدپوور (سەرپەل)، مەجید سەرحەدی (پێشمەرگە) و جەلال قادرزادە (پێشمەرگە) کەوتنە بەر گوللەی دژیگەلییەکان و خوێنیان ڕژایە سەر خاکی کوردستان و گیانیان لەپێناو ئازادی و بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمناندا بەخشی.

# بۆچی ڕووسیە ئەو جەنگە دەدۆڕێنێ؟


و: کەماڵ حەسەن‌پوور

لەپێشدا باس لەوە دەکەم کە بۆ ڕووسیە دەدۆڕێ. پاشان باسی بۆچوونی خۆم لەمەڕ چۆنیەتیی ڕوودانی ئەو دۆڕانە دەکەم. شاکلیلی ئەمە تێگەیشتن لە دۆکترینی سەربازیی سۆڤیەت/ڕووسیەیە. ئەوە چوارچێوەی ڕووداوەکانی هەنووکەیی شی دەکاتەوە و یارمەتیدەر دەبێ بۆ پێشبینیکردنی کردەوەکانی ڕووسیە.

وێنەکانی ئاژانسی هەواڵدەریی ڕووسیەی فیدڕاڵ پاشەکشەی بەربڵاو ئاشکرا دەکەن. بەئاشکرا دیارە کە ڕووسیە وازی لە پلانە سەرەتاییەکانی بۆ داگیرکردنی کییەڤ و بەدەستەوەگرتنی کۆنترۆڵی ئوکراین هێناوە. بۆیە ئامانجە سیاسییەکانی ئۆپەراسیۆنی Z دەستەبەر ناکرێن. گۆڕینی ڕێژیم و داگیرکردنی (ڕێژەیی؟) ئوکراین ڕوو نادا. ئەوەی کە هێندەی دیکە سەرنجڕاکێشە، شێوەی باسکردنەکەی گۆڕاوە. وەک دەبینن، تا ٢ی ئاپریل ئەوان نەخشەی "سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی"یان بڵاو دەکردەوە. لە ٢ی ئاپریل بەولاوە، باس لە "جێبەجێ"کردنەکەی دەکەن. بەڕاستی، ئەو پاشەکشە خێرایە جێگایەک بۆ ئیدیعای سەرکەوتن ناهێڵێتەوە.

ڕووسیە چۆن پاشەکشەکەی شی کردەوە؟ ژەنراڵ فۆمین گوتی: "ئێمە بڕیارمان داوە کە بە شێوەیەکی بەرچاو، بە چەند وەجبە چالاکییە سەربازییەکانمان لە کییەڤ و چەرنیهیڤ کەم بکەینەوە. ئێمە گریمانەی ئەوە دەکەین کە کییەڤ بڕیاری لەو جۆرە بدا و مەرجەکانی هاوکاریی داهاتوو دروست بکا." بەڵام ئەوە بە مانای ئاساییکردنەوە نییە. سەرگەئی شۆیگو کە لە پڕۆپاگانداکردندا دەستێکی باڵای هەیە گوتی کە یەکەم قۆناخی ئۆپەراسیۆنە تایبەتییەکە "بە سەرکەوتوویی کۆتایی هاتوە." تواناییەکانی هێزی سەربازیی ئوکراین لاواز بوە، بۆیە ڕووسیە دەتوانێ هەوڵەکانی لە سەر ئامانجی سەرەکی، "ڕزگار کردنی دۆنباس" چڕ بکاتەوە.

**ئۆپەراسیۆنەکانی Z و دانوب چ شتێکی هاوبەشیان هەیە؟ یەکەم، ئامانجە سیاسییەکانیان. لە هەردوو دۆخدا مۆسکۆ لە ڕێبەریی سیاسیی وڵاتێکی خۆرهەڵاتی ئورووپا و ژیانی سیاسیی ئازاد و بێ بەربەست نارازی بوو. ئەوە قبووڵنەکراو بوو و دەبوو پێشی پێ بگیرێ. لە چێکوسلۆڤاکی و هەروەها لە ئوکراین، مۆسکۆ بەتەمای وەستاندنی "پشێوی" (واتە ژیانی سیاسیی بێ بەربەست) لە وڵاتێک کە وەک وڵاتی سەر بە موسکۆ سەیر دەکرێ، بە زۆر و بە ئۆپەراسیۆنێکی پۆلیسی بوو. ئەو ئۆپەراسیۆنە پۆلیسییە دەبوو سوپا جێبەجێی بکا، بەڵام گەلێک خێرا، بە کەمترین بەرگریی و تەقە کردن. بۆ دابەزاندنی بەرگریی بۆ نزمترین ئاست، داگیرکارییەکە دەبێ چاوەڕواننەکراو بێ. بۆیە ئامادەکارییەکان لە هەردوو دۆخدا بە "مانۆڕ" حەشار درابوون.**

هێندێک لایەن هەر ئێستا پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەیان لە ڕووسیە کردوە و ئاکامگیرییان کردوەوە کە "ئامانجەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت زۆر لەوەی بیرمان لێ دەکردەوە سنووردارتر بوو." ئەوە وەک کۆپیەی کتێبێک دەچێ. ئامانجە سەرەتاییەکەی Z دەستەبەر نەکراوە، بۆیە هەر دەسکەوتێکی وەدەست هاتبێ، وەک ئامانجی سەرەکی وێنا دەکرێ. زۆر لەو چاودێرانەی لایەنگری ڕووسیەن دەڵێن پاشەکشە لە باکوور، هەنگاوێکی ڕاستەقینەیە: ڕووسیەکان بۆ هێرشێکی مەزن لە خۆرهەڵات خۆ ڕێک دەخەوە. ئەوە هەڵە نییە. بە ڕاستی، ڕووسیەکان هێرش "دەکەنە" سەر خۆرهەڵات، لە دۆنباس. بەڵام، ئەو لێکۆڵەرەوانە وێدەچێ ناچاریی بکەنە چاکە.

پاشەکشەی ڕووسیە لە باکوور وا نایەتە بەرچاو کە ڕاهێنانی بۆ کرابێ. من زانیاریی تەواوم لەبەر دەستدا نییە بەڵام بە وێنەکانی ئامێرەکانی گواستنەوەی بەجێماوی ڕووسی ڕا دیارە ئەوان ڕا دەکەن و هەرچی خێرا نەبێ جێی دەهێڵن: تۆپخانە، مووشەکهاوێژ، سیستەمی بەرگریی ئاسمانی. چۆن ئەو شتە قەوما؟ بۆ جوابی ئەو پرسیارە، پێویستە بزانین چۆن "پێش" پاشەکشەی ڕووسیە دوژمنایەتییەکان بەڕێوە دەچوون. کام ناوچەیە لەژێر کۆنترۆڵی ڕووسیەدا بوو؟ لێکۆڵەرەوەکان گاڵتەیان بەو نەخشانە کرد کە "تەنیا جادەکانی" ئەو شوێنانەی نیشان دەدا کە لە ژێر کۆنترۆڵی ڕووسیەدا بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، "نەخشەی "جادەکان بە تەنیا" زۆر ڕاست بوون و لێکۆڵەرەوەکان لەهەڵەدا بوون. ستریلکۆڤ ئەفسانەی "خاکی پێکەوەگرێدراو" لەقاو دەدا و دەڵێ لانی کەم لە باکوور ڕووسیە تەنیا کۆنترۆڵی "ناوچەیەکی درێژ و باریکی دەوروبەری جادەکانی" بەدەستەوە. ڕووسەکان بەڕاستی "تەنیا جادەکانیان" لەژێر کۆنترۆڵدا بوون. بە گوتەی ستریلکۆڤ، ڕووسەکان کۆنترۆڵی ناوچەی نێوان شارێیەکانی باکوور و شاری وەک چەرنیهیڤ و سومی‌یان بەدەستەوە نەبوو. بۆیە مەترسیی دووپاتبوونەوەی دۆخی جەنگی زستانی ١٩٤٠ هەیە، کاتێک هێزی گەلێک بچووکتری فینلەندی، داگیرکارە سۆڤیەتییەکانیان گەمارۆ دا و زۆریان لێ کوشتن. فینلەندییەکان بە کەڵکوەرگرتن لە تاکتیکی پارتیزانی لە زستاندا، هێزەکانی سۆڤیەتیان لەنێو بردن. ئوکراینییەکان بەو زووانە دەستی باڵایان لە کەڵکوەرگرتن لە تاکتیکی ئەوتۆ لە هاویندا دەبێ، کاتێک "وڵات شینە." کاتێک کە دارەکان بە گەڵایان داپۆشراون پارتیزانە ئوکراییەکان لە بەرانبەر هێزی ڕووسیەدا باڵادەست دەبن.

ستریلکۆڤ ئەو ئاکامگیرییە دەکا کە ڕووسەکان هیچ ڕێگا چارەیەکیان نییە مەگەر ئەوە کە لە باکوور پاشەکشە بکەن تا خۆ ڕێک بخەنەوە و دیسان هێرش بکەنەوە سەر دۆنباس. ئەو دەڵێ، "بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ من گومانم هەیە کە دوای لەکیسچوونی هەلی زێڕینی یەکەم مانگی جەنگ، هێزەکانمان بتوانن هێزەکانی ئوکراینی لە دۆنباس گەمارۆ بدەن و لە نێویان بەرن. بەداخەوە دەبینم کە فەرماندەیی هێزی سەربازیی ئوکراین گەلێک لێهاتووتر لە هی ڕووسیە دەجووڵێنەوە."

ئەوە چۆن قەوما؟ چۆن هێزی سەربازیی ڕووسیە کە وێدەچێ گەلێک بەهێزتر بێ وەها خراپ لە ئوکراین شکستیان هێنا؟ بێگومان، زۆر کەس دەڵێن شکستی نەهێناوە. بە هەڵکەوت، هەر ئەو کەسانە زۆر جار پێشبینی هەرەسهێنانی ئوکراینیان لە ماوەی چەند ڕۆژ یان چەند حەوتوویەکدا دەکرد. هەڵبەت ئێستا ئەوان لەبیر خۆیان بردۆتەوە. شکستی بەشێکی بەرچاو لە لێکۆڵەرەوەکان لە پێشبینی دروستی جەنگی Z، لەبەر سێ هۆکار بوو. یەکەم، ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر هێزی سەربازیی ڕووسیە-سۆڤیەتیان بەرز دەنرخاند (یان باشترە بڵێین بەهەڵە لێی تێگەیشتن). دووهەم، ئەوان هێزی سەربازیی ئوکراینیان بە کەم گرت. سێهەم، ئەوان ئامانجە سیاسییەکانی ڕووسیەیان پاشگوێ خست.

چاکسازی لە هێزی سەربازیی سۆڤیەت تەنیا بە شێوەی ڕووکەشی بووە و هێزی سەربازیی سۆڤیەت کەرەستەیەکی فرە چالاکی بوو کە بۆ: "بردنەوەی جەنگی ناوکی"، "هەڵگرتنەوەی پەتاتە" و "دامرکاندنی دەوڵەتانی سەر بە خۆی" دروست کرابوو. بڕوانە کە کەرستە فرە کارەکان زۆر جار لە هیچکام لەواندا "هێندە" لێهاتوو نین. بۆیە سەرجەم لقەکانی هێزە سەربازییەکان بۆ جەنگێک گەشەیان پێ درابوو کە ڕێژەیەکی زۆر چەکی ناوکی کەڵکی لێ وەرگیرێ، کە بەتەواوی لەگەڵ جەنگێکی ئاسایی جیاوازی هەیە. ڕێگام بدەن جیاوازییەکە بە نموونە هێنانەوە لە کەرەستەی ڕاگواستنی هێزی پیادەی سەردەمی سۆڤیەت، بی ئێم پی-١، شی بکەمەوە.

ئەو کەرەستەیە ئاساییترین کەرستەی ڕاگواستنی هێزی سەربازیی سۆڤیەت/ڕووسیە بووە. ئەو هەروەها یەکێک لە قیزەوەنترینیان بووە. لە کاتێکدا ناوەکەی کورتکراوەی کەرستەی ڕاگواستنی جەنگیی هێزی پیادەیە، سەربازانی بەرەی پێشەوەی جەنگ ناویان نابوو گۆڕی بە کۆمەڵی هێزی پیادە. لە ئەفغانستان و هەروەها لە چیچان سەربازەکان پێیان باشتر بوو لە سەر کەرەستەکە سوار بن نەوەکوو بچنە ناویەوە. بۆچی؟ چونکە ئاسنی قەراخەکانی هێندە ناسک بوو کە زۆر جار بە گوللەی تفەنگ و پڕینچکی تۆپ کون دەبوو. ئەوەی لە هەموو شتێک خراپتر بوو ئەوە بوو کە بی ئێم پی-١ هیچ خۆڕاگرییەکی لە بەرانبەر تەقینەوەی بەهێز یان مینی دژی تانک نەبوو. لە کاتی تەقینەوەی مین، سەربازەکان نەیاندەتوانی بێنە دەر و بە زیندوویی لە ناویدا دەسووتان. بۆچی؟ چونکە ناوەوەی لە ڕوانگەی ئەرگۆنۆمییەوە (شیاوی بۆ جەستەی مرۆڤ) بێکەڵک بوو. ناوەوەی لە ڕادەبەدەر تەنگەبەر بوو. لە سەردەمی سۆڤیەتدا زۆر گوێیان نەدەدایە ئەرگۆنۆمی. باشە بۆچی سۆڤیەت گەشەی بە کەرەستەیەکی گواستنەوەی وەها ناسک دا و ڕێژەیەکی زۆری لێ دروست کردن؟ ئەوان بۆچی نزیکەی ٢٠٠٠٠ بی ئێم پی-١ یان دروست کرد؟ چونکە ئەوان خۆیان بۆ جەنگی ناوکی ساز کردبوو و بی ئێم پی-١ بە تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە دروست کرابوو. کەرەستەیەکی گواستنەوەی تایبەتی جەنگی ناوکی، لە کاتی جەنگی ئاساییدا زۆر بێکەڵکە.

با باسی پلانەکانی جەنگی ناوکی یەکیەتی سۆڤیەت بکەین. جەنگی ناوکی قەرار بوو بە هەوڵی هاوئاهەنگیی هەموو لقەکانی هێزی سەربازیی بەڕێوە بچێ. ئەو قەرار بوو بە لێدانی چەکی ناوکیی ستراتێژیک کە "بەشی سەرەکیی ئۆپەراسیۆنەکەیان پێک دێنا" دەست پێ بکا و دوای هەڵمەتە ستراتێژیکە ناوکییەکە، هێزی سەربازی هێرشی زەوی و ئاسمانی دەست پێ بکات. لە جەنگی ئاساییدا، هێرشی سۆڤیەت قەرار بوو بە ئاگری تۆپخانەی سەر سەکۆی گەڕۆک جێبەجێ بکرێ. لە جەنگی ناوکی، بە ئاگری مووشەکی تەیارکراو بە کڵاوی ناوکی سەر سەکۆی گەڕۆک. ئاگری تۆپخانەی سەر سەکۆی گەڕۆک دیوارێکی گەڕۆکی ئاگری تۆپخانەیە کە دوژمن لەنێو دەبا و وەک پەردەیەکی بەرگریی بۆ هێرشی خاکیی کار دەکات کە بە دوایدا دێ. ئەوە لە جەنگی جیهانیی یەکەم و دووهەم بە شێوەیەکی بەربڵاو کەڵکی لێ وەردەگیرا و لە جەنگی جیهانیی سێهەمیش بەکار دێ، بەڵام ئێستا بە چەکی ناوکیی تاکتیکی. هێزەکانی سۆڤیەت قەرار بوو بە ئاگری مووشەکی تەیارکراو بە کڵاوی ناوکیی سەر سەکۆی گەڕۆک بچنە پێشەوە. بۆیە ئەوان بە تایبەتی بۆ ڕۆیشتن بە نێو شوێنی وێرانکراو بە چەکی ناوکی دروست کرابوون. بی ئێم پی-١ بەرگرییەکی زۆری بەرانبەر بە تیشکی ناوکی هەبوو. بەڵام لەوحی دەورەکەی تەنک بوو تا بتوانێ لە ڕووباران بپەڕێتەوە. هێزەکانی سۆڤیەت قەرار بوو بە نێو وڵاتی وێرانکراو بە چەکی ناوکیدا بڕۆن. بۆیە کەرستەکانی ڕاگواستن پارێزگارییەکی زۆریان دژی تیشکی ناوکی هەبوو و زرێی کەم. هەرچۆنێک بێ لە وڵاتی وێرانکراو بە چەکی ناوکی بەرگرییەکی کەم دەبێ. بڕواننە بی ئێم پی-١ لە خزمەت ئەسەدی سووریە.

تۆ دەتوانی لە گوگڵ هەزاران وێنەی کەرستەی گواستنەوەی ڕووسی ببینیەوە کە لە ئوکراین شتیان لێ قایم کردوون تا "کەمێک" بەرگرییەکەیان بەرز بکەنەوە. بەشێک لەوانە گەلێک خراپن و ئەوە ئاشکرای دەکات کە ڕووسیەکان کەوتوونە ناو جەنگێکی ئاسایی کە بۆی ئامادە نەبوون. لە ڕوانگەیەکەوە پێم‌وایە ئەو چارەنووسەی هێزی سەربازیی سۆڤیەت/ڕووسیە گەلێک شاعیرانەیە. ئەو بۆ ماوەی دەیان ساڵ بۆ کۆمەڵکوژیی ناوکی دروست کرابوو بەڵام قەت هەلی ئەوەی بۆ هەڵنەکەوت تا ئەزموونی بکا.

بێجگە لە جەنگی ناوکی، هێزی سەربازیی سۆڤیەت ئەرکی دیکەشی هەبوو. یەکێک لەوان هەلگرتنەوەی پەتاتە بوو، مەبەستم لەوە هەم بە شێوەی ڕاستەقینە و هەروەها مێتافۆرییە. هێزی سەربازی قەرار بوو هەموو بۆشاییەکی ئابووری و بازاڕی کاری سۆڤیەت پڕ بکاتەوە کە داوایان لێ کردبان. ئەوان پەتاتەیان هەڵدەگرتنەوە، چونکە لە بەهار تا درەنگانێکی پاییز، هێزی سەربازیی سۆڤیەت سەرقاڵی کاروباری کشتوکاڵ بوو. ئەوان زەوییان دەکێڵا، ئاودێرییان دەکرد، ڕووبەری زەبەلاحی سیبری و ئوزبەکستانیان درووێنە دەکرد. کەس نەیدەتوانی لەو ئەرکانە ڕا بکا. تەنانەت هێزی ئاسمانیی سۆڤیەت کە لە مەجارستان جێگیر کرابوو، ناچار بوو لە کێڵگەکانی کوبا کار بکا. کارمەندانی مووشەکی ناوکی، مەلەوانەکانی هێزی دەریایی، هێزی ئاسمانی، ئەو هێزانەی لە ئورووپا جێگیر کرابوون، هەموویان ناچار بوون کەرەستەکانی ڕاگواستن و هێزی کار بنێرن بۆ کێڵگەکان. بەکردەوە دەتوانین بڵێین تواناییە سەربازییەکانی سۆڤیەت لە وەرزی کشتوکاڵدا گەلێک نزم بوو.

ئەو کاریگەریی لەسەر بەرز کردنەوەی پلە

و پایەش هەبوو. چونکە هێزی سەربازی ناچار بوو لە کێڵگەکان کار بکات، ئەوە بەڕێوەبەرە لێهاتووەکان لە بواری کشتوکاڵدا بوون کە پلەیان بەرز دەکرایەوە، نەوەکوو ئەفسەرە باشەکان. ئەوە هەروەها هۆی بێهەڵوێستیی هێزی سەربازی لە کاتی هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤیەتدا شی دەکاتەوە. ئەوە لە ئاگوستی ١٩٩١ قەوما، کاتێک کە زۆربەیان لە کێڵگەکان بوون. لە کۆتاییدا، هێزی سەربازیی سۆڤیەت/ڕووسیە ناچار بوو دەوڵەتانی سەر بە یەکیەتیی سۆڤیەت دامرکێنێتەوە. ئەوە نێوەرۆکی ئەقڵانیی ئۆپەراسیۆنیZ شی دەکاتەوە. ئەوە وەک جەنگ پلانی بۆ دانەڕێژرابوو. ئەوان ئەو ئۆپەراسیۆنەیان وەک ئۆپەراسیۆنی دانوب، هی ١٩٦٨، دارشتبوو. سەرچاوەکانی ڕووسیە بەئاشکرا ئەوە دەڵێن.

"ئۆپەراسیۆنەکە وەک هی چێکۆسلۆڤاکیا لە ١٩٦٨ دارێژرابوو. لە هەموو لاوە بێنە ژوورەوە و دەوڵەتی نوێ دامەزرێنن. بەڵام نەیانتوانی جێبەجێی بکەن. مانگێکی تەواو ئێمە وامان نواند کە هەموو شتێک بەباشی دەچێتە پێش و بە هێزێکی بچووک کە بۆ جەنگێکی هەمەلایەنە ئامادە نەکرابوو هاوکات لە هەشت لاوە هەوڵمان دا." ئەوە گوتەی دیمیرتییەڤە. ئوکرایینییەکی لایەنگری ڕووسیە کە دواتر بۆ ڕووسیە ڕای کرد و خۆی بۆ تۆڵە ئامادە کرد. ئەو یەکێک لە کادرە سیاسییەکانی هێزی سەربازی بوو کە دەگەڵ سوپای ڕووسیە کەوتبوو، بەو هیوایە کە دوای داگیرکرانی ئوکراین لە لایەن ڕووسیەوە، بەڕێوەبەرایەتیی نوێ دامەزرێنێ. ئەو ئێستا دەزانێ کە ناسەرکەوتوو بوون. لە کاتێکدا کە چاودێرە ڕووسیەکان بەئاشکرا باسی ئەوە دەکەن کە ئۆپەراسیۆنی Z وەک هی دانوب لە ١٩٦٨ دارێژرابوو، تەنیا تاقمێکی بچووک لە لێکۆڵەرەوانی خۆراوایی دەناسم کە بەئاشکرا باسی وێکچوونی ئۆپەراسیۆنی Z و دانوب دەکەن. یەکێک لەوان ئێدوارد لوتواکە کە پێشبینیی شکستی ڕووسیەی دروست لەبەر ئەو هۆیە کردبوو. لە کاتێکدا کە ڕووسیەکان بە تەمای سەرکەوتنێکی خێرا لە ئوکراین بوون، ئەو ئۆپەراسیۆنە قەرار بوو جەنگێکی فرە خێرا بێ. ئەو کۆپیەی "دانوب" بوو کاتێک یەکیەتیی سۆڤیەت سەرهەڵدانی چێکۆسلۆڤاکیی سەرکوت کرد و کۆتایی بە بەهاری پراگ هێنا. لێرە مەبەستم دەقاودەقە نەوەک بە شێوەی مێتافۆر.

ئۆپەراسیۆنەکانی Z و دانوب چ شتێکی هاوبەشیان هەیە؟ یەکەم، ئامانجە سیاسییەکانیان. لە هەردوو دۆخدا مۆسکۆ لە ڕێبەریی سیاسیی وڵاتێکی خۆرهەڵاتی ئورووپا و ژیانی سیاسیی ئازاد و بێ بەربەست ناڕازی بوو. ئەوە قبووڵنەکراو بوو و دەبوو پێشی پێ بگیرێ. لە چێکۆسلۆڤاکی و هەروەها لە ئوکراین، مۆسکۆ بەتەمای وەستاندنی "پشێوی" (واتە ژیانی سیاسیی بێ بەربەست) لە وڵاتێک کە وەک وڵاتی سەر بە موسکۆ سەیر دەکرێ، بە زۆر و بە ئۆپەراسیۆنێکی پۆلیسی بوو. ئەو ئۆپەراسیۆنە پۆلیسییە دەبوو سوپا جێبەجێی بکا، بەڵام گەلێک خێرا، بە کەمترین بەرگریی و تەقە کردن. بۆ دابەزاندنی بەرگریی بۆ نزمترین ئاست، داگیرکارییەکە دەبێ چاوەڕواننەکراو بێ. بۆیە ئامادەکارییەکان لە هەردوو دۆخدا بە "مانۆڕ" حەشار درابوون. داگیرکاریی Z بە "بڕیاری یەکیەتی" لە بێلاڕووس، لە "دانوب" بە مانۆڕی "نێمەن" کە هەلی بۆ کۆکردنەوەی هێزێکی زەبەلاح لە سنووری چێکۆسلۆڤاکی ڕەخساند. لە ١٩٦٨ و هەروەها ٢٠٢٢ سەربازەکان نەیاندەزانی بۆ کوێ دەچن. تەنانەت فەرماندەکانیان نەیاندەزانی. دروست پێش داگیرکارییەکە، فەرماندەکان بڕیارێکی ڕادیۆییان پێ گەیشت "ڤلتاڤا-٦٦٦" کە بە مانای ئەوە بوو پاکەتێکی سەر بەمۆر هەڵپچڕن کە فەرمانێکی نهێنیی تێدابوو کە دەبوو دەستبەجێ جێبەجێی بکەن.

لە هەردوو دۆخی چێکۆسلۆڤاکیی ١٩٦٨ و ئوکراینی ٢٠٢٢ دا، داگیرکارەکان گیروگرفتی لێک جیاکردنەوەی کەرستەی ڕاگواستنی خۆیان و هی ئەوانی داگیریان کردووەیان هەبوو. بۆیە لە ٢٠٢٢ کەرستەکانی خۆیان بە "O"، "V"، "Z"، تاد نیشانە کردبوون و لە ١٩٦٨ بە هێڵێکی سپی. ئەوە بۆ لێکجیاکردنەوەی "ئێمە" لە "ئەوان" بوو. لە چێکۆسلۆڤاکی بڕیاریان دا هەموو کەرەستەیەکی ڕاگواستنی سەربازیی کە هێڵی سپی پێوە نەبوو لە کار بخەن و ئەگەر بەرگریان کرد، لەنێویان بەرن. لە هەمان کاتدا، هێزەکانی سۆڤیەت ئێزنی هێرش بۆ سەر هێزەکانی ناتۆیان نەبوو، ئەگەر تووشیان بان. وێدەچێ هەمان فەرمان لە ٢٠٢٢ درابێ. هەردوو ئۆپەراسیۆنەکانی دانوب و Z بە هێرشی هێزی ئاسمانیی بۆ سەر فڕۆکەخانەکان دەستی پێ کرد. لە ١٩٦٨داوا کرا لەبەر "ڕووداوێک" ئێزن بە فڕۆکەی ڕاگواستنی سۆڤیەت بدرێ تا لە فڕۆکەخانەی پراگ بنیشێ. فڕۆکەکە نیشت، هێزی ئاسمانی دابەزی و دەستی بە سەر فڕۆکەخانەکە داگرت و ڕێگای بۆ داگیرکەری دیکە کردەوە تا بەهاسانی دابەزن. ئۆپەراسیۆنی Z بە هەمان شێوە دەستی پێ کرد. ئۆپەراسیۆنەکە بە بۆمبارانی هێزی ئاسمانی و دابەزین لە فڕۆکەخانە سەرەکییەکان دەستی پێ کرد، لە فڕۆکەخانەی هۆستۆمەل لە نزیک کییەڤ ویستیان ئەو کارە بکەن، بەڵام ئوکرایینییەکان دەستبەجێ تەقەیان لێ کردن. لە گرتە ڤیدیۆییەکدا کە هی دەستپێکی هێرش بۆ سەر فڕۆکە خانەیەکی ئوکراینە، یەکەم قۆناخەکانی ئۆپەراسیۆنی Z زۆر وەک ئۆپەراسیۆنی دانوب دەچێ، بە کەڵکوەرگرتنی بەربڵاو لە هێلیکۆپتەری ڕاگواستن: کۆنتڕۆڵی فڕۆکەخانەکان بەدەستەوە دەگرن و پاشان هێزێکی زۆر هەر بەو هێلیکۆپتەرانە دێن بۆ ئەوێ. بەڵام هێرشی ئاسمانی ئۆپەراسیۆنی Z چارەنووسێکی زۆر خراپتری لە هی دانوب بۆ مۆسکۆ هەبوو. ئوکرایینییەکان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ هێزی ئاسمانیی ڕووسیە زۆر ئامادەتر بوون. هەرچۆنێک بێ، سەربازی پەڕەشووتدار تا ڕادەیەکی زۆر وەک پۆلیسی مەزنکراون کە ناتوانن لەدژی سوپای ئاسایی بوستنەوە. بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە کە لەنێو چوون. ئەگەرچی داگیرکارییەکەی ٢٠٢٢ لە شێوەی ١٩٦٨ بوو، ئامادەکاریی خراپتری بۆ کرابوو. لە هێرشی ١٩٦٨ بۆ سەر چێکوسلاڤاکی، هێزێکی زەبەلاحی ٥٠٠٠٠٠ کەسی لە دوو شەپۆلدا هاتن. لە یەکەم شەپۆل ٢٥٠٠٠٠ کەس هێرش دەبا بەرەو پێشەوە و ئەوی دیکە بە دوایدا دێ، وڵات داگیر دەکا و هێڵی دابینکردنی کەلوپەل دەپارێزێ.

ئۆپەراسیۆنی Z بە ڕێژەیەکی گەلێک کەمتر دەستی پێ کرد. تەنیا ١٩٠-١٦٠ هەزار سەربازی ڕووسی لە کۆتاییەکانی فێبریواری سنووری ئوکراینیان بەزاند. وەک ١٩٦٨، ئەوان بەرە پێشەوە هاتن. بەڵام هیچ شەپۆلێکی دووهەم نەهات تا وڵات داگیر بکا و هێڵەکانی دابینکردنی کەلوپەل بپارێزێ، چونکە شەپۆلی دووهەم لەگۆڕێدا نەبوو. پوتین چاوەڕوانی بەرگریی ئوکرایینییەکان نەبوو و پێی وابوو ئەوان تەسلیم دەبن. پوتین و بەشێک لە لێکۆڵەرەوە خۆراواییەکان کاریگەریی کولتووری کارەساتی دۆنباسیان بە کەم گرت کە هاوسۆزیی دەگەڵ ڕووسیەیەی لە خۆرهەڵاتی ئوکراین لەنێو بردبوو. دەسەڵاتداریی ڕووسیە لە دۆنباس مۆتەکەیەکی ڕاستەقینە بوو. تەنانەت دامودەزگای پڕۆپاگاندای فەرمیی ڕووسیەش دانی بە لێکدانەوەی هەڵەی ڕووسیە لەمەڕ هەڵوێستی جەماوەریی ئوکرایینییەکان دانا. ئەوان بەهەڵە پێیان وابوو ئوکرایینییەکان وەک خەڵکی ڕووسیەن و سەربەخۆیی ئوکراین تەنیا شتێکی گاڵتەیە. لە هەمان کاتدا ئەوان بەرەوڕووی خۆڕاگرییەکی سەخت و بڕوابەخۆ بوونەوە.



داگیرکاریی لە شێوەی دانوب بە هێزێکی گەلێک کەمترەوە، هەڵە بوو. بۆ؟ چونکە ئوکرایینییەکان چاوەڕوانیان دەکرد. ئەوان خۆیان بۆ شەڕی پارتیزانیی و بۆ جەنگ لە نێو جەرگی دوژمندا ئامادە کردبوو. سەرجەم چەمکی هێزەکانی پیادە لە شێوەی لەهستان بۆ ئەو جۆرە جەنگە ئامادە کرابوو. پێشڕەوی سوپای Z و جێهێشتنی خاکێک لەدوای خۆیان کە داگیریان نەکردبوو دەرفەتی بەڕێوەبردنی ئەو شێوە جەنگەی بۆ ئوکرایینییەکان ڕەخساند کە خۆیان بۆ ئامادە کردبوو. لە ئاکامدا، شەڕێکی بەربڵاوی پارتیزانییان دەست پێ کرد کە ستوونی دابینکاری کەلوپەل و سوپای ڕووسیەیان کردە ئامانج. سورپرایزێکی دیکە دژواریی هێرش بۆ سەر هێندێک خاڵ لە شارەکان و بە تایبەت ناوچەی پیشەسازییە، کاتێک بەرگریکارەکان لەسەر خۆڕاگری سوورن. تەنانەت لە چڕترین بۆمبارانەکانیشدا هێندێک کەس زیندوو دەمێننەوە تا بجەنگێن. ماریوپۆل ئەوەی بە باشترین شێوە سەلماندوە.

ڕووسییەکان وێنەیەکی مەترسیدار لە شەڕی هاوشێوەی جەنگی جیهانیی یەکەم لە خۆرهەڵاتی ئوکراین دەدەنە دەست. بەرەی پێشەوەی سوپای Z پەیتا پەیتا هێرش دەکەنە سەر مەتەرێزە قایمەکانی ئوکرایینییەکان. ڕووسییەکان زیانێکی زۆریان بەر دەکەوێ بێ ئەوەی بتوانن بچنە پێش، بەڵام فەرماندەکان ئەوان دیسان دەنێرنەوە تا هێرش بکەنەوە. وەک ستێرێلکۆڤ ئاماژەی پێ دەکا. ئێستا ئەوان کێ بۆ ئەو هێرشانە دەنێرن؟ خەڵکی دۆنباس. ئەوان "سوپاگیریی تەوایان" لە دۆنباس و لوهانسک ڕاگەیاندوە و ئەو خەڵکە دەنێرن بۆ هێرش. ئەوە کارێکی زۆر ژیرانەیە. ئەوان سەربازی ڕووسیە نین، بۆیە دەتوانی ڕێژەی فەرمیی کوژراوان لە ئاستێکی نزمتردا ڕاگری.

بڕوانە سەربازەکانی دۆنباس، مرۆڤ بەزەیی پێیاندا دێ. ئەوان ئەرکی قورسی جەنگی خۆرهەڵاتی ئوکراینیان لە ئەستۆیە. دەگەڵ وێنەی چەکدارە پڕ چەککەکانی قەدیرۆڤ لە تیک تۆک بەراوردیان بکە. لەبیرتان بێ، ئەوانی لە وێنەکاندا زۆر جوان دەردەکەون، شەڕ ناکەن. ئەوانەی شەڕ دەکەن لە وێنەکاندا جوان نین. توانایی هێزە سەربازییەکانی ڕووسیە، زۆر زێدەڕۆیی تێدا کرابوو. لە هەمان کاتدا، هێزی ئوکرایینییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بە کەم گیرابوون. تەنانەت سترێلکۆڤ بێمەیلانە دانی پیادا نابوو کە "فەرماندە ئوکرایینییەکان فرە لێهاتووتر لە هی ڕووسیەکان دەجووڵێنەوە."

ئوکراین بەئاشکرا مەزنتر لە قەبارەی خۆی دەجەنگێ. ئەو هێزێکی پیادەی جەنگاوەری هەیە کە وەرەی بەرزە و دژی سوپای ڕووسیە کە پشتی بە هێزی تۆپخانە ئەستوورە، وەستاوەتەوە. ئەو هێزێکی ئاسمانیی هەیە کە یارمەتی بە شارێکی گەمارۆدراو دەکا بێ ئەوەی کە ڕووسیەکان پێ بزانن و هێرش دەکاتە سەر سوپای ڕووسیە. لە کۆتاییدا، ئوکراین فەرماندەییەکی سەربازیی هەیە کە نە تەنیا ئاگاداری داگیرکاریی ڕووسیە بوو، بەڵکو هەروەها بە دروستی پێشبینی شێوەی هەڵسوکەوتی ئەوانی کرد (هەڵبەت بە گوێرەی مودێلی ڕووسیە) و بەرپەرچدانەوەی کاریگەری ئامادە کردن کە ڕووسیەکان چاوەڕوانییان نەدەکرد. ئێستا کە دەڕوانینە دواوە، هەموو شتێک ماقووڵ دێتە بەرچاو. ئوکرایینییەکان لە ٢٠١٤ تووشی شکستێکی بەژان بوون بەڵام تێک نەشکان و هەر شتێک کە لە ناوت نەبا، بەهێزترت دەکا. هیچ شتێک وەک شکستێکی سەرشۆڕانە و هەڕەشەیەکی ژینەکی کە پشتی نەشکاندبێ نابێتە هۆی شۆڕشێکی دامەزراوەیی. دیسان، بە ئاوڕدانەوە بۆ دواوە، لاوازیی سوپای ڕووسیە زۆر ماقووڵ دێتە بەر چاو. بۆچی ڕووسیەکان ناتوانن هێزێکی پیادەی باشیان لە ئوکراین هەبێ؟ تا ڕادەیەکی زۆر لەبەر ئەو هۆیە کە هێزێکی پیادەی ئەوتۆ هەڕەشەیەکی سیاسییە بۆ سەر کرێملین. پوتین ئێزن بە سەرهەڵدانی هێزێکی پیادەی خاوەن وەرەی بەرز و لێهاتوو نادا.

هەروەها ئەو هەواڵگریە خراپەی پوتین لەمەڕ ئوکراین پێی گەیشتبوو (واتە هەموویان لایەنگری ڕووسیەن)، بە زۆر گرتنی توانایە سەربازییەکانی ڕووسیە، ماقووڵ دێتە بەرچاو. فەرمانبەرەکان خۆ لە دانی هەواڵی ناخۆش بە دیکتاتۆرێک دەبوێرن و ئەو شتانەی پێ دەڵێن کە دەیهەوێ بیانبیستێ. ئەو لە بڵقێکی تەواودایە. گیروگرفتی زانیاریی هەڵە لەو بەری جیاوازیی دیکتاتۆریی و دێموکراسییەوەیە. هۆی بەشی هەرە زۆری زانیاریی هەڵە دەگەڕێتەوە بۆ نەریتی هەڵە. ئەفسەرەکان بڕیار و دوکترینە داپەسپاوەکان ناهێننە ژێر پرسیار و بێگومان داکۆکییان لێ دەکەن تا لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە نەیەنە ژێر پرسیار.

جێگای سەرسوڕمانە لێکۆڵەرەوە خۆراواییەکان چەندە سوپای ڕووسیەیان بە زۆر گرت، تەنانەت سەرسوڕهێنەرتریشە کە ئەوان چەندە سوپای ئوکراینیان بە کەم گرت. دنیا هەڵسەنگاندنی سوپای ئوکراینی لە ٢٠١٤ بەولاوە بە تەواوی پاشگوێ خستبوو.

**تویتەر-کامیل گالییەڤ**

دارسمە
دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# سووکە ڕێگەی دابینکردنی کەرەستەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی

لەم ئێرانەی خۆمان یانی ئەو ئێرانەی فرێ بەسەر ئێمەوە نییە و لەو کاتەوە ناوی ئێرانیان بۆ هەڵبەستوە، بۆ تاقانە جارێکیش دەستەڵاتدارانی تەنانەت هەرزنیشیان بە کڵاوی ئێمە نەپێواوە، بەڵام ئێمە هەر دەڵێین ئێرانی خۆمان؛ دەسەڵاتدارانی تازەپێگەیشتووی ئێران لە دوای ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی، لە جیات سەوهانی قوم و گەزی ئیسفەهان و حەلوای ورمێ و فەرشی کاشان و پێڵاوی تەورێز و چەقۆی زەنجان و نانبرنجیی کرماشان و شەرابی شیراز و زرشک و زەعفەرانی مەشهەد و پستەی ڕفسەنجان و تۆی حسێنتەڵایی سەقز، تەنیا بیریان لە هەناردەکردنی شۆڕش کردەوە.

ئەلحەق و ئینساف دوای ئەوەی شۆڕشەکە هەناردەی سووریە و لوبنان و بەتایبەت یەمەن کرا، خەڵکی ئەم وڵاتانە بە تێروتەسەلی لە داهاتی ئەم شۆڕشەیان خوارد، بۆیە بەردەوام بەدەم لستنەوەی پەنجە و دەمولەوسیانەوە قرپی وایان دێتێ، دەڵێی شەمەندەفەری هەڵگری "ڕەزمەندە""گان" بە تەپ و تۆز و دوکەڵەوە لە قووڵایی گەدەیانەوە بە سورێنچکیاندا بە تەقوهۆڕەوە بەرەو قوڕگیان هەڵدەکشێ.

دەسەڵاتی ئێران بۆ زیاتر هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی پێویستی بە خەڵکی مێشکبەتاڵە و ئێستایشی لەگەڵدا بێ، ئەوانی مێشکیان بەتاڵ نەبێ نەک هەر دەسەڵات لایان لێ ناکاتەوە، بەڵکوو تووشی زیندان و ئەشکەنجە و لێدان دەبن و کوشتوبڕیشیان تێدەکەوێ. ئەو بەمێشکانەی دەکەونە بەر غەزەبی دەسەڵاتەوە، زۆری وایان تێدایە ئەوەندە پڕن لێیان دەڕژێ. زۆر جار ئەمانە بێ سێ و دوولێکردن ڕوو دەکەنە هەندەران و لەوێ دەبن بە مامۆستای زانکۆ و مانکۆ و یان دەبن بە فەرمانبەری وڵاتان و هەندێکیشان دەبن بە دکتۆر و ئەندازیار و جاروبارە وەزیر و گزیر و نوێنەری پەرلەمانیش.

بەرپرسانی هەناردەکاری شۆرشی ئیسلامی دوای هەناردەکردنی شۆڕش بۆ وڵاتانی دەرودراوسێ و ڕاکردنی زانا و پسپۆر و شارەزا بۆ هەندارانی دوور و وەستانی کارگە و کارخانە و شتی وا هەستیان بە بێپارەیی کرد و ئابووریزانانی شڕ و شەپڕێویان وەخۆ کەوتن. ئەم ئابووریزانە شەق و شڕانە بیریان کردەوە لە بەرانبەر وەرگرتنی پارەیەکی باشدا مافی نیشتەجێبوون بدەن بە خەڵکی وڵاتانی ئورووپا و ئەمریکا و بە مەرجی دانانی ٢٥٠ هەزار دۆلار، بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە ئێران ئێزنی مانەوەیان پێ بدەن. دوای ماوەیەک چاوەڕوانی کەس ملی نەدا لە ئورووپا و ئەمریکای بەهەشتئاساوە بچێتە دۆزەخی کۆماری ئیسلامی. بۆیە ٢٥٠ هەزار دۆلاری گۆرین بۆ ٩٠ هەزار یۆرۆ کەم کرایەوە و دیسانیش کەس نەهات. دوای ئەوەی ئەم پیلانە سەری نەگرت، چازانان و لێزانانی شەق و شڕ دەستەوەستان دانەنیشتن و ڕێگەیەکی دیکەیان گرتەبەر، ئەویش ئەمە بوو لەسەر یەکێک لەو فێڵانەی ساڵانی بەرێ بەردەوام بن. ئەم فێڵەش زۆر پێچەڵپووچ نییە و تەنیا کەمێک سەبر و چاوەڕوانیی دەوێ. هیچ پێویست ناکات ئەوەند چاوەڕوانی بێگانان بی و بۆ پێنج ساڵان مانەوە ٩٠ هزار یۆرۆ بدەن.

ئەوەی لە کۆتاییدا بیری لێ کراوەتەوە زۆر ئاسانترە و پلانەکە بەم جۆریە ئەوانەی چەند ساڵ لەمەوبەر بە خواستی خۆیان چوونەتە دەرەوە و بوونەتە هاووڵاتیی وڵاتانی دیکە، ئێستا هەوای کەونەلان لەسەریان دەدا و بەرەبەرە بە مەبەستی سەردانی کەسوکاریان دەگەڕێنەوە. هەر چوارپێنج کەس لەمانە بکرێنە نێچیر و بخرێنە زیندانەوە کار تەواوە.

دوای ئەوەی ئەو دۆلارانەی لەگەڵ خۆیان هێناویانە ئێران هەموویان خەرج کرد و خەریک بوون بگەڕێنەوە، دەکرێ لە فرۆکەخانە بەربینگیان پێ بگری و بە تۆمەتی سیخوڕی و دژایەتیکردنی وڵات بەرەو زیندان گلیان بدەیەوە و چاوەڕوان بی هەواڵی گیرانیان بە جیهاندا بڵاو بێتەوە. بە دوای ئەمەدا دژبەرانی هاووڵاتی لە نێوخۆ و دەرەوە سەریان قاڵ دەبێ و خێرا خێرا هەواڵی گیرانیان بڵاو دەکەنەوە. ئەو وڵاتانەی لێیانەوە هاتوون، داوای ئازادکردنیان دەکەن و دەکرێ لەبەرانبەردا داوا لەم وڵاتانە بکەی لە ئاست هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی نەرمتر بن و نێونێوە تۆمەتی ئەم گیراوانەش قورستر بکەی و جاروبار دەرفەتیان پێ بدەی هەواڵی گیران و ژیانی نێو زیندانیان دزە بکاتە دەرەوە و میدیاکان بە خۆیەوە سەرقاڵ بکا و ئاگایان لە زۆر شتی دیکە نەمێنێ. دوای یەک دووساڵ دانووستان و گفتوگۆ لە گەڵ ئەو وڵاتانەی لێیەوە هاتوون، ساتوسەودایەک دەکرێ و ئەوان ڕازی دەبەن بۆ ئازادکردنی ئەم هاووڵاتیانەیان پارەیەکی باش بدەن. ئەو پارەی ئەوان دەیدەن هیچ نەبێت چەندین هیندەی ئەو پارەیەیە دەکرا لەوانە دەست بکەوێ کە دەبوایە بە ٩٠ هەزار دۆلار بۆ مانەوەی پێنج ساڵە بێنە ئێران.

ئەم شێوازە سوودی بێئەژماری هەیە و بەشێک لەم سوودانەش بریتین لە :

١- ئەوانەی دەگیرێن هاووڵاتیی ئێران و وڵاتانی دیکە بە هاووڵاتیی خۆیانیان دەزانن.

٢- وڵاتانی جیهان ئەوەندە پێیەوە سەرقاڵ دەبن، لەنێوخۆ کەڵ و وشتران بخنکێنە و لە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامییش بەردەوام بە، چاوی لێ دەنووقێنن

٣- هەرکەس لەنێوخۆ دژایەتیی دەسەڵاتی کرد، بیگرە و بیخنکێنە، هەواڵی ئەوان لە پەنا هەواڵی جەماعەتی "دوو تابعییەتی"دا شرت و گوم دەبێ.

٤- ئەو پارەیەی لە فرۆشتنەوەیان بە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەست دەکەوێ زۆر لە دەستمایەی دابینکردنی کەلوپەلی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ وڵاتانی دراوسێش زیاد دەبێ.

# شوێنی ئێران لە هاوکێشەکانی چین و ڕووسیەدا، هەرهەمان سووچی مێزەکەی پوتین


شۆڕش شاباز



شەڕی ئۆکراین و بۆنبەستی سەردەمی دنیای تەکجەمسەری وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکای نەک تووشی بەرگژەیەکی سەخت، بەڵکوو ئاوقای ئاریشەیەکی جدی لەپێناو پاراستنی پرێستیژی خۆیاندا کردوە. ئێستا بێتوو ئەو شەڕە سەرەتایەک بۆ شەڕێکی خوێناویی درێژخایەن یان سەردەمێکی نوێ لە شەڕی سارد بێت، پێویستە لەودا بۆ گەیشتن بە هاوسەنگی، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە باڵانسی هێزەکاندا ڕوو بدات.

لە ئێستای شەڕی ئۆکراین‌دا بە دەستپێشخەریی ئەمریکا هاوکێشەکان بەلای دوو جەمسەریدا شکاوەتەوە، هاوکات وڵاتانی ئورووپا بەو تێگەیشتنە هاوبەشە هاتوونەتە نێو زۆرانەکە، کە نەهێڵن کێشەکە بگاتە شەڕی ئەتومی. هەر ئەوەشە کە ماکرۆن، سەرۆککۆماری فەڕانسە لە کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی وڵاتەکەیدا دەڵێ: ئورووپا کەوتۆتە دۆخی شەڕەوە و فەڕانسە دەبێ بەبێ تێوەگلان ئەو شەڕە بوەستێنێ. بوریس جانسۆن، سەرۆکوەزیرانی بریتانیاش سەرەڕای گەیاندنی یارمەتیی لۆجستیکی و چەکوچۆڵ بە ئۆکراین -و ناوهێنانی زلینسکی وەک هاوڕێیەکی باش- خۆ لە هاتنەنێو شەڕی ڕاستەوخۆ دەبوێرێ.

بە سەرنجدان بە ئامادەیی ڕووسیە بۆ هەڵگیرسانی شەڕی سێهەمی جیهانی ئەوجۆرە خۆبواردنی دوو وڵاتی ئورووپایی وەک فەڕانسە و بریتانیا کە هەم مافی ڤیتۆ لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیان هەیە و هەم خاوەنی بۆمبی ئەتومی و چەکی کۆمەڵکوژی دیکەن، سروشتی و مەنتیقییە و تەواو لەجێی خۆی‌دایە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە دەستڕاگەیشتنی ئاسانی ڕووسیە بە خاکی ئەو دوو وڵاتە و مەترسییەکانی گۆڕەپانی شەڕ لەم دوو وڵاتە زۆر نیزیکترە هەتا ئەمریکا و، هەرئەوەش وا دەکا ئەوان نەیانەوێ ڕاستەوخۆ بگلێنە نێو شەڕی ئۆکراینەوە.

لە ئێستادا ئەگەر وای دابنێین لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دوو جەمسەری یان چەند جەمسەری‌بوونی جیهان خەریکە دێتە ئاراوە و نیشانە و فاکتەکان ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن، پێچەوانەی شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی -کە دوو بەرەی وڵاتانی هاوپەیمانان و وڵاتانی میحوەر لە بەرانبەر یەکتریدا بوون- وێنایەکی نوێ لەو جەمسەربەندییە دەکرێ. واتە جۆرێک هاووێژمانی لە بەرەی ڕۆژاوادا دەبینین کە لە ئاخاوتنەکاندا خۆ لە وەرێکەوتنی شەڕێکی جیهانداگر دەبوێرن، لە حاڵێکدا کە ئۆکراین بەئاشکرا یەکەم سەنگەر و هێڵی پێشەوەی ڕۆژاوایە و یارمەتی و پاڵپشتییەکانیان بۆ ئۆکراین لە پشتی بەرەکانی شەڕەکەش شتێک نین کە بتوانن لە ڕووسیەی بشارنەوە. لە تەنیشت گرتنەبەری ئەو سیاسەتە لەلایەن ڕۆژاواوە، دەنگی چین وەک زلهێزێکی دیکەی سیاسەتی نێودەوڵەتی بۆ گەمارۆخستنە سەر ڕووسیە یان "نا"یە یان "بێلایەن"، کە ئەوەش نیشانەیەکی دیکەی ئینتیمای نەرمی ئەو وڵاتە بۆ ڕاگەیاندنی جەمسەرێکی دیکەی دژ بە ئۆرووپایە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە پێش هەڵگیرسانی شەڕی ئوکراینەوە خۆی لە بەرەی چین و ڕووسیە هاویشتبوو. هاوکاریی توندوتۆڵ و پێوەندیی چڕی ئێران و ڕووسیە بەتایبەت دوای کشانەوەی کۆمپانیای زیمنس لە نیروگای ئەتومیی بوشێهر و پڕکردنەوەی جێگای ئەوان بە کۆمپانیا ڕووسییەکان لە بەرنامەی ئەتومیی ئێران چووە قۆناغێکی دی. دواتر هاوپەیمانی لە شەڕی سووریە و تەنانەت ئیزندان بە ڕووسیە بۆ بەکارهێنانی خاکی ئێران -بنکەی ئاسمانیی نوژەی هەمەدان- بۆ مووشەکتێگرتن لە دژبەرانی دیمەشق ئێرانی بەتەواوی لە باوەشی ڕووسیە هاویشت. پێوەندییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و وڵاتی چینیش لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقدا بە کڕینی چەکوچۆڵ دەستی پێ کرد و دواتر بە ناردنی هێزەکانی سپای پاسداران لە دەیەی ٧٠ بۆ فێرکارییە سەربازییەکان چووە قۆناغێکی دی و بە ڕێککەوتنە ئابوورییەکان و گرێبەستی پڕ باس و پرسیار و شوورەیی ٢٥ ساڵەی هاوکارییەکانی دوولایەن -شوورەیی بۆ ئێران- گەیوەتە ترووپکی خۆی.

مانەوەی ئێران لە بەرەی چین و ڕووسیە بۆ دژایەتیی ئەمریکا بەتایبەت ڕۆژاوا تێچووی زۆر و دۆخی کارەساتباری بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا سەپاندوە. بە سەرنجدان بەوە کە نیزامی سیاسیی چین و ڕووسیە لە فۆڕمی مۆدێڕنی خۆیدا بەدوور لە پارادایمی دینیی ڕیئاڵپۆلۆتیک تەوەرە و، هەروەها لە هەموو هاوکێشەکاندا ئەمنییەتی نیشتمانی، سەقامگیریی نێوخۆیی لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆیان پێش هەموو شتێکە، کۆماری ئیسلامی ناتوانێ ستاتۆیەکی لەو بەرەیەدا هەبێ و پتر وەک ڕەعیەت و مانگاشیرییەکە سەیری دەکرێ هەتا هاوبەش و هاوپەیمان. لە نیزامی سیاسیی چین و ڕووسیەدا بەپێی بۆچوونەکانی "ویلیام گلاسێر" کە دەڵێ مرۆڤی مۆدێڕنی نابەپرسیار دەبێ ئەرک و بەرپرسایەتیی خۆی یان هەڵبژێرێ یان ملی بۆ ڕاکێشی، هەندێ ئەرک و دەروەستی لە چوارچێوەی وڵاتەکەیاندا بۆخۆیان دیاری دەکەن و لە هەمبەر ئەوانی دی و لە بوارەکانی سیاسەتی دەرەکیدا هەرهەمان نوێنگەی مرۆڤی مۆدێڕنی ئەرکوەخۆنەگریان هەیە. دەرەنجامی ئەوەش دەسەڵاتی خۆسەپێنانە و سەرەڕۆیانەی ئەو دوو وڵاتە بەسەر ئێران و عەبدایەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی لێ کەوتۆتەوە.

بیرکردنەوەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەو بارەوە کە خۆهاویشتنە بەرەی چین و ڕووسیە بەو پێیە کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش و خاوەنی مافی ڤیتۆن و ئەمە دەتوانێ ڕێ لە سەپاندنی گەمارۆی نێودەوڵەتی و تەنانەت دەستێوەردان و هێرشی سەربازی بۆ ئەو وڵاتە لە سۆنگەی بەرنامە ئەتومییەکانی بگرێ؛ هەر لەجێدا چەوت و هەڵەیە. چونکی نەزمی جیهانی لەسەر بنەمای ئەو پێوەرانەی زلهێزەکان لە چوارچێوەی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا دایدەڕێژن و باسکی جێبەجێکاری ئەو نەزمەش لە فۆڕمی مافی ڤیتۆدا کە لە پاوانی خۆیان‌دایە؛ ئیدی دەرفەتی خۆڕانان و ئیمتیازوەرگرتن بە وڵاتانێکی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران نادا کە بەدوای چەکی ئەتومییەوەن. هەر ئەو لاڕێچوونەی کۆماری ئیسلامی وایکردوە ئێران لە بواری ئابووری و لە هاوکێشە جیهانییەکاندا بە تەواوی بەستراوە بە چین و ڕووسیە بمێنێتەوە و تێچووی قورسی ئەو بەستراوەیی و عەبدایەتی و تێگەیشتنە چەوتەی لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا بەسەر خەڵکی ئێراندا بسەپێنێ.

کۆماری ئیسلامی ئەگەر سیلەی چاوی لە هەندێ وڵاتی دیکەی خاوەن چەکی ناوکی وەک هیندوستان، کۆرەی باکوور و پاکستان بێت، دیسانەکەش هەر ڕەنجبەخەسار چووە. کۆرەی باکوور کە بەهۆی ئیزۆلەبوونی و کاریگەریی سزا قورسەکان بۆتە کاولاشێک و خەڵکەکەی نوقمی هەژاری و داماویین و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش کە هەر لە ئێستادا بە گرتنەبەری سیاسەتی هاوشێوە بێ‌ئەوەش کە دەستی بە چەکی ئەتومی ڕابگا وەها دۆخ و چارەنووسێکی بەسەر وڵاتدا سەپاندوە. قەیرانە کەڵەکەبووە ئابوورییەکان لە هیندوستان و پاکستان و دۆخی کارەساتباری ژیانی خەڵک لەو دوو وڵاتەش بۆتە هۆی ئەوە کە خاوەنێتیی چەکی ئەتومی هیچ شانازییەکی بۆ ئەوان نەبێ و بیانەوێ بە سازان و پتەوکردنی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ڕۆژاوا لەو دۆخە ڕزگاریان بێت. هۆکاری ئەمەش بۆڵدبوونی ڕاستییەکە کە ئەتومی‌بوون بەبێ خاوەنێتیی مافی ڤیتۆ لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هیچ ئیمتیازێکی زیادە و ستاتۆی دیار و بەرچاوتری بەو وڵاتانە تەنانەت بە کۆرەی باکووریش نەداوە.

پوختەی مەبەست ئەوەیە کە سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی کە لەسەر دوو تەوەری دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان و دەستڕاگەیشتن بە بۆمبی ئەتومی پێناسەی دەکەن و تێچوویەکی ئێجگار قورسی بووە، هەر لەجێدا هەوڵێکی چەوت و لەخۆڕایی و خیانەتێکی گەورە بە وڵاتە کە بە دڵنیاییەوە خەڵک لێیان خۆش نابن. بۆیەشە نیزامی کۆماری ئیسلامی کە دەزانێ هیچ ڕەواییەتێکی لە هەناوی کۆمەڵگەی ئێراندا نییە، بە بەردەوامی لەسەر ئەو ڕێچەکەیە دەڕوا و دەیەوێ بە خەیاڵی خۆی مانەوە و دەسەڵاتەکەی وەک ئەمری واقع لە هاوکێشە جیهانییەکاندا بە ئەندامەتی لە باشگای ناوکیدا مسۆگەر بکا؛ ئەوەش لە دۆخێکدا کە وەک نیزامێکی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ کە لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا خەریکە هەرەس دێنێ. بەڵام ئەو ڕێژیمە قەت ناتوانێ وەک زلهێزێکی ناوچەیی یان هاوپەیمانێک خۆی لە ڕیزی وڵاتانی چین و ڕووسیەدا ببینێتەوە و پتر وەک کارتێک لە گەمەی ئەو دوو وڵاتە لەگەڵ ڕۆژاوادا و بۆ بەرژەوەندیی ئەوان سەیری دەکرێ. هەروەک چۆن لە چاوپێکەوتنی ڕەسمیی پوتین لەگەڵ ڕەئیسی‌دا شوێنی ئێران سووچی مێزە پان و درێژەکە بوو کە پوتین بە زمان و جووڵەی دیپلۆماتیک دەری بڕی.

## کۆڕی پەردەلادان لە چوار بەرهەمی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات



لە کۆڕێکی ئەدەبیدا کە ڕۆژی چوارشەممە، ٣١ی خاکەلێوە لە کتێبخانەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا بەڕێوەچوو، پەردە لە چوار بەرهەمی نووسین و وەرگێڕانی کاک هێمن تەروال، پێشمەرگەی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکرات لادرا.

لەو کۆڕە ئەدەبییەدا سەرەتا کاک مەنسوور مروەتی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی باسێکی لەسەر سیاسەتە بنەماییەکانی حیزب دێموکراتی کوردستان لەمەڕ پاراستن و پەرەپێدانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و کولتووری نەتەوایەتیی کورد کرد و بە سەرنجدان بە شەپۆلی بەربڵاوی ڕووناکبیری و کار و بەرهەمی چاپکراوی چەند دەیەی ڕابردووی نووسەرانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باسی لە گەیشتنی پەیامە مێژووییەکەی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان بە هەموو سووچێکی ئەو نیشتمانە کرد.

لە بەشێکی دیکەی کۆڕەکەدا کاک هێمن تەروال باسێکی گشتیی لەسەر سیاسەتی دوو ڕێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر نووسین، داهێنان و ئافراندنی سەربەخۆ و شوێندانەر لە بیرکردنەوە و جووڵەی سیاسیی کۆمەڵگە کرد. دواتر بەکورتی بەرهەمە چاپکراوەکانی خۆی بە بەشدارانی کۆڕەکە ناساند و لە بڕگەی کۆتاییدا بەرهەمەکانی نووسەر لەلایەن دوو ژنە شەهید، خاتوو خەدیجە پوورمەند و خاتوو سورەییا پەیرەوان پەردەیان لەسەر لادرا.

"دیرۆکی ئافراندن" و "هۆنراوەکانی خەییام" وەرگێڕانی نووسینەکانی سادق هیدایەت، لەگەڵ دوو کورتە چیرۆکی "دەڵەسەگ" و "گۆڕەوجیو" ناونیشانی ئەو چوار بەرهەمەی کاک هێمن تەرواڵ بوو کە لەو کۆڕەدا پەردەیان لەسەر لادرا و پێشکێش بە کتێبخانەی کوردی کران.

## کۆڕی پەردەلادان لە کتێبی "دیداری قاسملوو لە گێڕانەوەی زارەکی‌دا"

لە ئێوارە کۆڕێکی ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی کۆیەدا پەردە لەسەر کتێبی "دیداری قاسملوو لە گێڕانەوەی زارەکی‌دا" لە نووسین و ئامادەکردنی د. هۆشمەند عەلی لادرا.


لەم کۆڕی ناساندنەدا کە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە، ١٨ی خاکەلێوە بەبەشداریی دەیان نووسەر و کەسایەتیی سیاسی و ئاکادیمی و ڕێکخراوەیی گیرا، د. هۆشمەند بە کورتی لەسەر گرینگی و بایەخی زانستی و مێژوویی ئەو تازەترین بەرهەمەی بۆ بەشداران دوا.

د. هۆشمەند لەبارەی هۆکاری هەڵبژاردنی دوکتور قاسملوو بۆ ڕێکخستنی ئەو کۆمەڵە دیمانەیە گوتی: ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ تۆمارکردنی مێژووی ژیان و تێکۆشانی سیاسیی د. قاسملوو لە چوارچێوەی گێڕانەوەی زارەکی‌دا. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە مێژووی نیزیکی جووڵانەوەی کورددا د. قاسملوو ڕۆڵ و کاریگەریی شوێندانەر و ڕچەشکێنی بووە لە خەبات و تێکۆشانی ڕێکخراوەیی و سیاسی و ڕێبەری‌کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

"دیداری قاسملوو لە گێڕانەوەی زارەکی‌دا" سەرجەم نۆ دیمانەی درێژی لەخۆی گرتوە کە کاتی خۆی د. هۆشمەند بۆ سەرچاوە بۆ نووسینی ماستەرنامەکەی لەژێر ناونیشانی "عەبدولڕەحمان قاسملوو، ژیان و ڕۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورددا" لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسیی کورد و بیانی کردوونی، وەک: کریس کۆچێرا، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، ڕەوانشاد جەلیل گادانی، سەلاحەدین موهتەدی، هێلێن قاسملوو، مستەفا هیجری، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ و چەند کەسایەتییەکی دی.

لە بەشی کۆتایی کۆڕەکەشدا کۆمەڵێک لە بەشداران ڕا و سەرنج و پرسیاری خۆیان خستە ڕوو کە د. هۆشمەند بە وردی هاتەوە سەریان و وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.






## پێشەکیی شێرکۆ هەژار بۆ کتێبی:

# کوردبوون

## (بەشێک لە بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودە چرچی)

کتێبی "کوردبوون" بەشێک لە بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودە چرچی"، لە نووسین، کۆکردنەوە، ساغکردنەوە و بەڵگەمەندکردنی وریا مامڵیوە لە دووتوێی ٥٢٢ لاپەڕەدا چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەم کتێبە کە بەشێکە لە بیرەوەرییەکانی نەمر کاپیتان محەمەد مەولوودیان، یا حەمەدی مەولوودی "چکاوەند"ە کە ٥١ ساڵ دوای نووسینەوەی بڵاو دەکرێتەوە.

"کاپیتان حەمەد" شایەدی شەڕی نێوان قەیسەری ڕووس و سوڵتانی عوسمانی لە سابڵاخ و ڕەشەکوژیی خەڵکی ئەو شارە لەلایەن قەزاقەکانی ڕووسەوە بووە. ئازادکردنی سابڵاخ لەلایەن سمایل ئاغای سمکۆی بە چاوی خۆی بینیوە. لەگەڵ کۆمەڵێک لە لاوانی سەردەمی خۆی لە ساڵی ١٩٣٩ز یەکەم حزبی مۆدێڕنیان لە ڕۆژهەڵاتیی کوردستان بنیات نا بە ناوی "حزبی ئازادیی کوردستان" کە پاشان کرا بە "کۆمەڵەی ژ.ک" و لە ئاکامدا بوو بە "حیزبی دیموکراتی کوردستان". ئەو لە ساڵی ١٩٤١ وەک سەرۆکی شارەوانیی مەهاباد خزمەتی ئەو شارە دەکا و لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا پلەی کاپیتان وەردەگرێ.

مامۆستا شێرکۆ شەرەفکەندی (هەژار) کە پێشەکیی بۆ ئەو کتێبە نووسیوە، دەڵێ: بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودە چرچی کارێکی مێژوویی بێوێنەیە. "کوردستان" بۆ ناساندنی ئەو بەرهەمە بەنرخە لە پێشەکییەکەی مامۆستا شێرکۆی باشتر شک نەبرد، بۆیە دەقی ئەو نووسینە بۆ خوێنەرانی خۆی بڵاو دەکاتەوە.

***

بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودە چرچی کتێبێکە لە سنفی خۆیدا بێوێنەیە و، سامانێکی ئێجگار زۆر هێژایە. تۆمارێکی گرینگی مێژووی کۆمەڵگەی کوردە کە دەکرێ ڕۆژێک ببێتە سەرچاوەی زۆر بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی کورد و میللەتانێکی تریش.

ئێمە تابلۆی دواکەوتوویی و چەوسانەوە لە هەموو ڕوویەکی ژیانی مرۆڤی کورددا دە ئەم کتێبەدا دەبینین: باوک لە هەر دوژمنێک بێبەزەییتر، زڕدایک دەیەوێ منداڵی فرێ بداتە تەندوورەوە، هەر منداڵێکی چینی هەژار دەبێ ڕۆژانە تێهەڵدان و جنێو بچێژێ و، تەنیا بە ڕادەی جەربەزەیی و بێحەیایی و زبریی خۆی دەتوانێ جێگەی خۆی لە ژیاندا بکاتەوە، وێرانە و زبڵدان و توونی حەمامەکان پتر وەخۆی دەگرن تاوەکو ماڵ و حاڵ و کەسوکارێکی خۆی. چینایەتیی دزێو و، تەعەسوب و بێعەقڵیی لە ئاست تابیعانی ئاینی تردا، خورافات و قۆڵبڕی و نیفاق... هەمووی لە وێنەی نووسینەکانی کیپلینگ لەبارەی هیندستان لێرەدا دەبینین. کاپیتان حەمەد خۆی بە منداڵی لە مەیدانی گشتیدا ڕەگەڵ جەماوەر کەوتوە و لە مەیدانی مەنگوڕان، شەق شەقانێی بە کەللەسەری مرۆڤێک کردوە (هەمان شتی کە لە ڕۆمان و فیلمی «زەلامێ ویستی ببێت بە پادشا»دا دەیبینین). کوشتاری گشتی لەدووی کوشتاری گشتی، هەتکی کچ و ژن لەدووی هەتک... بێبڕانەوە.

باوکی کاک حەمەدیش لە خەزای فەلەی ئاسووریدا بارگینێک و بارێک و «کچێک»-ی هێناوەتەوە تا بیکا بە مسوڵمان بۆ حەمەدی کوڕی، وێڕای ئەو هەمووە تاڵانەی خشڵ و بەرگی ژنانی مەسیحی تا سەری بەرز بێ و دەر و دراوسێ پێی بڵێن « خەزا پیرۆز، خەزا پیرۆز» و بەڵکوو ئەوانیش شتێکیان لەو دزی و جەردەییەی ئەو وەحشیگەرییە پێ ببڕێ.

ئەو کچە ئاسوورییە هەژارەی کە دەیکەن بە مسوڵمان و ناوی دەکەن بە حەبیب، ئەگەر وەکوو کاک حەمەد بیرەوەریی ژیانی خۆی بنووسیبایە، ئەویش چ ڕۆمانێکی لێ دەردەچوو، بەڵام لە ئەو هەمووە کارەساتەشدا دەبینین دڵی چاکی دوو چەوساوان کاک حەمەد و حەبیب چۆن ڕێز لە یەکتر دەگرن و وەک برا و خوشکی نموونەیی دەبن بە دڵدانەوەیەک لەو چەوسانەوانە بۆ یەکتر.

خەمی گەورەی سابڵاغ لەوەدا بووە چۆن لە تاڵان و بڕۆی عەشیرەتی کوردی بپارێزن. پادشای فارس کەسێکی ناردوە کە خەڵک کڕنووشیان بۆ بردوە و، کە فارسەکە تەماحی کردبێتە ژنێکی کورد و، ژن و مێردەکەی ڕووبەڕووی بووبنەوە، ئاغای کورد دە هانای فارسەکەوە چوون و ماڵی ژن و مێردیان بەسەر تەپڵی سەریاندا وێران کردوون و لەناویان بردوون. کاتێک کوردێکی شار ویستبێتی «ئەمیر تومان»-ی حاکمی ئێران دەربکا، ئاغای کورد ئەو کوردەیان گرتوە و قاچیان لەبەر زگی وڵاخەکەی بەستوە و، بە کووچە و کۆڵانی سابڵاغیاندا گێڕاوە تا خەڵکی پێ بترسێنن.

دەکرا ئالیکساندر دوما یا ستاندال یا هوگۆ، بە خەیاڵ، دیمەنی سەگێکیان بکێشایە کە توتکەکانی خۆی و منداڵێکی ساواش بلێسێتەوە و، خەڵکێک تێدا بهاتنایە منداڵیان هەڵبگرتایەتەوە و بۆ باب و زڕدایکیان ببردایەتەوە، دەکرا، بەڵام کە بەڕاستی ئەوە ڕووی دابێ و، ئەو منداڵە ساوایە گەورە بووبێ و بۆیان گێڕابێتەوە و خۆی ڕووداوەکەی نووسیبێتەوە ... ئەوە شتێکە من قەت لە هیچ سەرچاوەیەکی ئەدەبیاتی دنیادا نەمدیتوە. یا دیمەنی کەسانێکی هەژاری چینی چەوساوە، کە هەمیشە ئامادەی قوربانی بۆ ئیدیئالی نەتەوە و نیشتمان، لە مەیداندا بن، ئازا و قارەمان بن و، چارەنووسیان بەدەست چینی تری سەرووی خۆیانەوە بێ و، نەزانن بە چ قەڵبەیەکیاندا دەدەن، بەڵێ ئەوە لە ئەدەبیاتی فەرەنسیدا لەبارەی ڕووداوانی ١٧٩٣ و ١٨٧٠ کەم نین، بەڵام هەمووی لەلایەن نووسەرانی ئەو چینانەی تری سەرووەوە نووسراون. ئەوە کە یەکێک لە ئەو چەوساوانە خۆیان، لە ئەو شەقام و کۆڵانانەوە، چەقۆکەی دەستی یا دەمانچە یا تفەنگەکەی بخاتە لاوە و قەڵەمێک بگرێتە دەست و ئەو خۆی چیرۆکەکە بە کتێب بگێڕێتەوە؟ نا، من نموونەیم نەدیتوە. ڕەنگە ماکسیم گۆرکی لێرەدا بە بیریدا بێ، بەڵام نا، ئەویش نە ئەوەی بەسەر هاتوە کە بەسەر کاپیتانی ئێمە هاتوە و، نە نووسینەکەی بە ئەو کراوەیی و ڕاستگۆیی و جورئەت و ڕاستەوخۆییەی بە زمانی ئەو چینە چەوساوە خۆی نووسیوە.

ئەوجا چەوسانەوەکە بەگوێرەی تەمەن دەگۆڕێ و تا چەوساوە بە تەمەن گەورەتر دەبێ، چەوسێنەرانی گەورەتری جەغزی گەورەتر بۆ بەرژەوەندی خۆیانی بەکاردەهێنن: فڵانە بکوژە، فڵانە شت بشێوێنە، بە خەڵک بڵێ لە هەڵبژاردندا بۆ مەجلیس دەنگم پێ بدەن ( ئەوە چەند ڕۆژێک دوای ئەوە کە گرتوویەتی و ئەو هەمووە جنێو و تێهەڵدانەی پێ چێشتوە، تا ڕووس فریای کەوتوون و ڕزگاریان کردوە). کاک حەمەد دەبێتە ئەندامی ژێکاف، بەڵام دەبینێ ژێکاف «سەتی نەوەدوپێنجی ئاغاوەت و توجار و سەید بوون، ئەوانەش بێزیان لە خەڵکی کاسب و زەحمەتکێش دەبۆوە». ژێکاف ئاغاوەتی عەشیرەتانی بە ئەندام وەرگرتوون بەڵام چەند نەفەر لە هەڤاڵەکانی کاک حەمەد (دەڵێت: «کە لە خۆم دڵسۆزتر بوون»)ی بە ئەندام قەبووڵ نەکردوون. ئیدی کاک حەمەد و هەڤاڵانیشی گوێ بە مەرکەز نادەن و، لە خۆیانەوە باڵێکی چینی هەژار ڕێکدەخەن و، دوای مانگێک داوایان لێدەکەن تێکەڵ ببنەوە و، دەبن. ئەو باڵە جیاوازانەی ژێکاف لە هیچ سەرچاوەیەکی تردا بەوجۆرە باس نەکراوە.

کاتێک دەچێتە خزمەت قازی محەممەد لە مەحکەمە، قازی محەممەد پێی دەڵێ کە شەو لە پاراستنی شاردا بەشدار بێت نەوەکا مەنگوڕ بێن و شار تاڵان بکەن. کاک حەمەد یەک دنیا قێزی لەو دەوڵەمەندانە دەبێتەوە کە وا لە ترسی تاڵانی مەنگوڕان هەڵدەلەرزن، بەڵام ئیدی فەرمانی قازی محەممەدە و ناکرێ بەجێی نەهێنێ. چەند جوان باسی ئەو دەوڵەمەندانە دەکا کە ئەوەندە بە بێڕێزی باسی کەسانی وەک کاک حەمەدیان کردوە، پێیان گوتوون: عەمباڵی کوڕی عەمباڵ، بڕۆ لاچۆ هەی ڕەجاڵەی سەگباب، «وەک ئەوان لە زێڕ دروست کرابن و ئێمە لە قوڕ»، ئێستا کە کاریان پێیان هەیە تا لە تاڵانی مەنگوڕانیان بپارێزن، «دەهاتنە لام و پێیان‌دەگوتم کە ئەوشۆ بانگ کراوی بۆ ماڵی کێ و کێ، منیش گونم نیشان دەدان و نەدەچووم»! یاخوا هەر شاد بیت کاک حەمەد گیان، کە من ئەوە دەخوێنمەوە وەک شەراب پێی مەست دەبم، ئەسڵەن ئەوە بۆ من قسە نییە، ئەوە «مووسیقایە، بەستەیە، گۆرانییە»، ئەرێوەڵڵا هەموویان بە قوربانی گونت بن! چ ڕێیان دەکەوێ بە گونت بن.

چەوساوە بە عاتیفەیەکی کە هەیەتی و چاوی لە دەستی قسەبەدەستانی قەومەکەیەتی فەتوای بۆ بدەن، لە هیچ درێغی ناکا و ژیانی خۆی لەسەر دەستی خۆی پێشکەش دەکا. باسی شەڕەکانی نێوان پێشمەرگە و دوژمن لە بەڵەجەڕ، لە مەکڵاوی، کەسایەتیی مستەفا خۆشناو بەرانبەر وەهابی بلووری (گوایە وەزیری کۆمار)، ئەو هەمووە قارەمانییانە لە شەڕدا و، ئەو هەمووە هەستە پیرۆزەی دێهاتییان کە چۆن هاتوون و ئاڵای کوردستانیان ماچ کردوە... هێندە- هێندە لاپەڕەی گرنگی مێژووی کورد دە ئەو بیرەوەرییانەدا دەخوێنینەوە.

بۆ باسی غەفوری مەحموودیان، ئەم کتێبە بۆ من تاقە سەرچاوەیەکی گرنگە، کە چۆن سەرەتا مەحموودیان، بە دروشمی چەپی، کاک حەمەد و هەڤاڵە ڕەشوڕووتەکانی خستوونەتە ژێر باڵی خۆیەوە و، بەرنامەکەی هەمان بەرنامەی «ژێکاف» بووە بەڵام چەند شتێکی تری وێخراوە، وەک: ئێمە خیانەت بە مەعمورەکانی سیاسیی شووڕەوی ناکەین. مەحموودیان زۆر چالاک بووە، پێیەکی لە سابڵاغ و پێیەکی لە تاران بووە، ڕەقیبی قازی محەممەد بووە و، ویستوویە کۆبوونەوەی گشتی لە پێشەوا تێکبدا. بەڵام کاک حەمەد دوایی قەناعەتی هێناوە کە مەحموودیان پیاوی ئینگلیس بووە و خۆی و هەڤاڵانی دیارە لێی دوورکەوتوونەتەوە و، تەنانەت کاک حەمەد بە فەرمانی پێشەوا مەحموودیانی خستووەتە زیندانەوە و، ئەوجا لە وڵاتیان دەرکردوە و چووەتە ورمێ. بەڵام مەحموودیان وازی نەهێناوە، لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستاندا هاتووەتەوە مهاباد و، چەند ناوێک لەو بۆنەیەدا خوێندراونەتەوە کە بە دوژمن ناسێندراون، مەحموودیان یەکێکیان بووە و ئەوە بووە کوژراوە.

زۆر حەیف کە هێندێک بەشی ئەو بیرەوەرییانە لەنێو چوون. ئەوەی بەسەر ئەم بیرەوەرییانە هاتوە، چۆن چەند کەس ویستوویانە ڕێگە لە دەرچوونی بگرن و لەناوی بەرن، فەسڵێکی نوێ دەخاتە سەر فەسڵەکانی ئەم ڕۆمانە واقیعییەی ژیانی چەوساوەیەکی قارەمانی کورد، کە هەمان دەردەکانی کارەساتی چینایەتیی ئەم قەومە چۆن دوای ئەوەندە ساڵەش هەر درێژەی هەبووە.

کاک وریا مامڵێ، بە ساغکردنەوە و ئامادەکردنی ئەم بیرەوەرییانە بۆ چاپ کارێکی ئێجگار زۆر پیرۆزی مێژوویی کردوە. ئەگەر من دەسەڵاتی دەستگاکانی نەتەوایەتیی کوردم هەبوایە، نەک هەر خەڵاتی کتێبێکی ساڵێک، بگرە خەڵاتی گرنگترین بەرهەمی سەد ساڵی ڕابردووی کتێبی کوردم بۆ ئەم کارەی پێشکەش دەکرد.

درێژەی لاپەڕەی ٤

# چەند وێستگەیەکی مێژوویی حیزبی دێموکرات لەدوای شۆڕشی ١٣٥٧

شیمیایی بۆردومانی کردن و هەر ئەوکات حیزبی دێموکرات زۆر بوێرانە و بەڕوونی ئەم کردەوەی ڕێژیمی عێراقی مەحکوم کرد. دوای ئەوەیکە شاری هەڵەبجە لە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەشەمەی ١٣٦٦ لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە کیمیاباران کرا، دوکتور قاسملوو کە تەنیا سەرکردەیەکی کورد بوو کە لەدەرەوەی وڵات دەنگی دەبیسرا دەستبەجێ لە ڕێگای ڕاگەیاندنە نێونەتەوەییەکان و هەروەها لە پرێس کۆنفرانسێکدا لە درەوەی وڵات، ئەم جینایەتەی ڕێژیمی عێراقی لەقاو دا و هەروەها زۆر بە توندی ئەم کردەوەی ڕێژیمی مەحکووم کرد.

### ڕاپەڕینی باشووری کوردستان و هەڵوێستی حیزبی دیموکرات

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق، دەوڵەتی عێراق هەدادانی نەبوو و لە هێرشێکی کتوپڕدا دەستی بەسەر خاکی کوێت‌دا گرت.

ئەو داگیرکارییەی دەوڵەتی سەدام، تووڕەیی نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا، و شەڕێکی پڕخەسار و ماندووکەری جارێکی دیکە تووشی سپای عێراق کرد و ئەمجارەیان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی گورزی سەربازی لەسپای عێراق وەشاند.

ئاکامی ئەو لەشکرکێشییە بوو بە هۆکاری ڕاگەیاندنی ناوچەی دژەفڕین ( هێڵی ٣٦ دەرەجە). ئەمە دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بە ئاواتەکانی خۆی بگا.

ئەوکات بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی باشوور لە چیاکان دەرفەتێکی مێژوویی چارەنووسسازیان بۆ هەڵکەوت، وەک ڕێبەران و فەرماندەکانی ئەوکاتی شۆڕشی کوردی باشوور دەیگێڕنەوە، بزووتنەوەکەیان لەوپەڕی دەسکورتیدا بوو کە پەنا بۆ حیزبی دێموکرات دەبەن و حیزبی دێموکراتیش سەرجەم سەرمایەی خۆی دەخاتە خزمەتی ڕاپەڕینی باشووری کوردستان.

### تێرۆری ڕێبەرانی حیزب لە ئورووپا و باشووری کوردستان

حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی خەباتی خۆیدا هەوراز و نشێوی زۆری دیوە و هەوڵی داوە کە پرسی کورد لە ڕێگای ئاشتییانەوە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی چارەسەر بکا، بەڵام مخابن دەوڵەتی ئیسلامیی تاران هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت باوەڕی بە چارەسەری ئاشتییانە نەبووە.

ئەم ڕێژیمە لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە تا ئێستا وتووێژی وەک دەرفەت بەکارهێناوە هەم بۆ خۆڕێکخستنەوە و هەمیش بۆ زەربە لێدان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. ئەم ڕێژیمە بە بیانووی دیالۆگ بۆ چارەسەری پرسی کورد، ساڵی ١٣٦٨ دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لەسەر مێزی وتوویژ تێرۆر کرد، ساڵی ١٣٧١ و بۆ جارێکی دیکە دوکتور شەرفکەندی و هاوڕێیانی لە ڕێستورانی میکۆنووسی ئاڵمان تێرۆر کرد. جیا لەوانە تێرۆری دەیان کادر و پێشمەرگە و ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان بە نیازی سڕینەوەی حیزبی دێموکرات، هەمیشە لەبەرنامەی کاری ئەو ڕێژیمەدا بووە.

ئەم ڕێژیمە بێ ئەوەی بۆ جارێک بە خەیاڵیدا بێ ئاوڕێک لە چارەسەری پرسی کورد بداتەوە، تەنیا لەبیری پیلانگێڕێ و تێرۆر و سڕینەوەی ئەم حیزبەدا بووە و بەردەوام ڕێبەرانی بزووتنەوەی کردۆتە ئامانج.

دوایین جار ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی، سپای پاسدارانی ڕێژیم بە نییەتی کۆتاییهێنانی یەکجاریی بە ویست و داوا ڕەواکانی کورد، قورسترین چەکی لەدژی حیزبی دێموکرات بەکار هێنا و لە ڕێگای مووشەک و درۆن پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردە ئامانج کە بەداخەوە ١٦ تێکۆشەری دڵسۆز شەهید و بەدەیان کەسیش بریندار بوون کە شەش کەس لە شەهیدەکان ئەندامی ڕێبەری حیزب بوون.

لەوەڵامی ئەم جینایەتەی کۆماری ئیسلامی‌دا، خەڵکی کوردستان ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ بە مانگرتنی گشتیی وەک ناڕەزایەتیی دەربڕین بەم کارەی سپا، جارێکی دیکە بە ڕێژیمیان سەلماند کە حیزبی دێموکرات حیزبی گەلی کوردە و گەلی کورد خاوەندارییەتی لە ڕۆڵەکانی خۆی دەکا.

لە ڕاستیدا مانگرتنی خەڵکی کوردستان دوای مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات، لە نەوعی خۆیدا ڕێفراندۆمێک بوو کە جارێکی دیکەش خەیاڵپڵاویی کۆماری ئیسلامیی بۆ لەناوبردنی حیزبی دێموکرات تاهەتایە لە گۆڕ نا.

لەکۆتاییدا ئەوە حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی ئەو حیزبەن کە بە یەکیەتیی و یەکگرتوویی خۆیان ئەو ڕێژیمە ڕادەماڵن و داهاتوویەکی گەش بونیات دەنێن.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:821 20 April 2022

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312

# پێناسی ژین

کچێک ڕێگای بەرەو ئاسۆ و چەک و سەنگەر هەتاوێتی
کوڕێک ژان و خەمی خاکە و پەڵەی داوە بە لاوێتی
بەهاری تۆ دەبم گەر بێی سروودی سەوزی ساڵم بی
لەگەڵ ئەو شاخە وا پێشمەرگە پێناسەی گراوێتی
گەلاوێژ میسرەعی شێعرێکە ڕێبەندانە سەرواکەی
لە ئاڵای پێشەوایەکدا، کە ژین پێناسی ناوێتی
برینێک پووشپەڕی خوێنی هەتا دنیابەدنیایە
بەخوڕ دێ و داری ئازادی کەچی هاواری ئاوێتی
هەزاران شاخە ئیمانم، ئەگەرچی گوللەئاژن بووم
بە پاییزدا مەڕۆ، وەرزی بەهاری تۆڵە ماوێتی
دەپەیڤێ چۆم بە ڕوونی، تا شەپۆلێکت بەدوودا بێ
لەنێو خەونی بەهارێکدا، کە سەرکەوتن دەراوێتی
گەرووم بن ئەی هەموو ئاسۆگەکان، ببمە سروودێکتان
کە کۆتر ڕەمزی شاباڵ و فڕین ئاوازی چاوێتی



ڕەسووڵ سوڵتانی

# ماسییەک بە دەم شۆڕەکاتەوە




خشت بە خشت بخوێنەوە، ژانی قەڵا و ئێوارەکانم
با بچێژی چرکەیەک؛ ون بوونی ناو ئاوارەکانم
دێڕ بە دێڕ ئاور بدە، هەرچی کە چیرۆکی شەوم بێ
بەشکوو سارێژ بێ، هەموو کۆڵان و ڕێی سووری ژیانم
سوێندی زام ناخۆم، کە هاوڕێی هەر دەمێکی سەنگەرم بوو
نەمدی قەت هاوارێ، هاوسەروای تەنیایی شەوانم
سەد وەرز تاریکی هاتە چاومەوە، من بۆیە لێڵم
سەد شێعر داگیرسێ! تا ببیە هەواڵی بەربەیانم
بەو زمانەت بمدوێنە، تاکوو زاراوەم چیا بێ
من لە ناو ڕاوێژی خەنجەردا، بە گڕ دەدوێ زمانم!
بۆتە فەرهەنگی هەموو چاوێک، نیگات بن زاری خۆرە
بوومە واتایەک لە دوای جوانیت، کوڕی ئەفسانەکانم
ڕێبوار! خۆم شارەزای دەریام، لە پاڵ شاخێکی دوورە
بوومە ماسی، بوومە ماسی، ئەی شەپۆلانی زەمانم!

(ڕابوون ڕۆژهەڵات)

## بەر لە ماڵاوایی

# وەفایەک بۆ وەفاداریٚ

**تاهیر قاسمی**



کاری ئامادەکردنی بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی کوردستان گەیشتبووە کۆتایی کە خەبەر گەیشت بە داخەوە شەوی ٢٨ی خاکەلێوە، هونەرمەندی بواری موزیک و گۆرانی کاک قادر سەیاحی لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا لە شاری خۆی کۆچی دوایی کردوە. کاک قادر لەو هونەرمەندانە بوو کە ئەگەرچی ڕادەی گۆرانییەکانیان زۆر لە ژمارەی پەنجەکانی دەست زیاتر نین بەڵام هەرمانن. بەشی هەرە زۆری گۆرانییەکانیشی ئەو کاسێتە بوو کە ساڵی ١٣٥١ لە رادیۆ مەهاباد بە هاوکاریی ئۆرکێسترای موزیکی ئەو ڕادیۆیە تۆماری کرد. ئەو گۆرانییانەش کە بە گۆرانی هەڕەتی لاوەتیی هونەرمەند دێنە ئەژمار، بەرهەمی کوڵ و کۆی دەروون و ئاگری ئەوین بە کیژێکی کورد بوو. ئەوینێک کە بە ئاکام نەگەیشت. ئەو گۆرانییانە بەرهەمی ئەو ئەوینە ناکامە و گۆرانیی دڵی هونەرمەندن و وەک دەڵێن ئەوەی لە دڵەوە بێ لە دڵیش دەنیشێ.

دوای ئەوە قۆناغی دووهەم لە ژیانی هونەریی هونەرمەند دەست پێ دەکا. قۆناغێک کە لەودا ئۆگرانی دەنگی ئەو هونەرمەندە زۆر گۆرانی لێ نابیستن. دەکرێ بڵێین غەیبەتێکی درێژماوە لە گۆرانیگوتنی هونەرمەند دێتە ئاراوە. لەوە بە دوا ئەو زیاتر وەک وەک ژەنیاری کلارنێت، وەک ئاوازدانەر یان دابەشکاری موزیک لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەدا جێ پەنجەی دیارە. لەوانە هاوکاری لەگەڵ کاک عەزیز شاڕوخ بۆ وێنە لە خوڵقاندنی مەقامی «تۆ دەریامی» یان دابەشکاریی موسیقای بەشێکی بەرچاو لە گۆرانیەکانی شەهید جەماڵی مفتی کاری نەمر قادر سەیاحین. هەر لەو قۆناغەدا بە بەشداریی لە بۆنە و کۆبوونەوە سیاسی و حیزبیەکانی دوای شۆرشی ٥٧ و ئەو دۆخە ئازادەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتە ئاراوە، هونەرەکەی بۆ خزمەت بە ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەکەی بە کار هێنا.

کاک سەعید بەگزادە کە ئەو سەردەم یەک لە کادر دیارەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی مەهاباد بوو، بۆی گێڕامەوە کە؛ «پاش ئینشعابی کۆنگرەی چوار، ئێمە هەوڵمان دا زیاتر بە کاری هونەری خەڵک لە دەوری لاوان و حیزب کۆ بکەینەوە. کاک قادر خۆی و دەنگی و کلارنێتەکەی هەمیشە دەگەڵمان بوو. لە شاری مەهاباد، بۆکان، دێهاتەکانی مەنگوڕایەتی چ کاری هونەریمان بووبێ (شانۆ) چ سوخەنرانی، کاک قادر لە بەرنامەکاندا دەگەڵمان بەشدار بوو.»

کاک قادر سەیاحی کە دوای ئینقلابی ١٣٥٧ پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرتبوو، و وەک پێشمەرگە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا خەباتی دەکرد، ساڵی ١٣٥٩ بە هۆی ئاستەمتربوونی خەبات و پێشمەرگایەتی گەڕایەوە مەهاباد. ئەوەش ئەو سەردەمە بوو کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئەوپەڕی توانای خۆی بۆ ترساندنی خەڵکی کوردستان و سەرکوتی خەباتەکەی تەرخان کرد. لەم قۆناغەدا تا ساڵی ١٣٦٦ جموجۆڵێکی هونەریی زۆر لە هونەرمەند قادر سەیاحی نابیندرێ. بەڵام لەو ساڵەدا کارەساتی شیمیابارانی هەڵەبجە هەم لە بەر قورسیی کارەساتەکە و قووڵی ئەو برینە لە جەستەی خەڵکی کورددا و هەمیش دوژمنایەتیی دوو داگیرکەری ئێران و عێراق لەگەڵ یەکتر، تا ڕادەیەک بواری بۆ هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش خوڵقاند تا هونەرەکەیان بکەن بە زمانی هاواری نەتەوە زۆر لێکراوەکەیان. قۆناغی سێهەمی تێکۆشانی هونەریی نەمر قادری سەیاحی لەو سەردەمەدا هاتە ئاراوە. ئەو جار ئەو وەک مامۆستایەکی موزیکی کوردی گەڕایەوە نێو گۆڕەپانی هونەر. وەک ئەندامی کارای کۆڕی موسیقای سروە، بە گوتنی گۆرانی و ژەنینی ئامێری کلارنێت لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کۆنسێرتی بۆ لە قاودانی کارەساتی هەڵەبجە و کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ لێقەوماوانی ئەو شارە شیمیایی لێدراوە بەڕێوە برد. هەر لەگەڵ ئۆرکێسترای سروە کاری ئاوازدانان و دابەشکردنی مۆسیقای بۆ گۆرانیی کۆمەڵێک لە گۆرانیبێژان لەوانە عەلی زەندی و ئەحمەد لاوە کرد. ترۆپکی تێکۆشانی هونەریی هونەرمەند قادری سەیاحی لەو قۆناغەدا خوێندنی گۆرانی و سازکردنی بەشێک لە موزیکی فیلمی بووکی هەڵەبجە بوو.

ساڵی ١٣٧٨ بە کەلکوەرگرتن لەو دۆخە ئازادەی لە باشووری کوردستان هاتە ئاراوە، هونەرمەند قادر سەیاحی سەردانی شاری هەولێری کرد و لە بەرنامەی ڕاستەوخۆی تەلەڤیزیۆنیدا بەشداری کرد و گۆرانیی گوت. هەر لەو دەرفەتەشدا جارێکی دیکە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێیانی سەردەمی پێشمەرگایەتی دیداری نوێ کردەوە و وەفاداریی خۆی بۆ حیزبەکەی دووپات کردەوە. کاک مستەفا مەولوودی کە لەو دیدارەدا بەشدار بوو، گێڕایەوە کە لەو دانیشتنەدا «باسی پێشمەرگایەتیی خۆی، حیزبایەتی و ئۆگریی زۆری خۆی بە حیزبی دێموکرات و بە تێکۆشانی حیزبی دەربڕی و سۆز و خۆشەویستیی زۆری بۆ حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە.»

تەرمی پیرۆزی نەمر قادری سیاحی لەنێو ئاپۆرای ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان و هونەردۆستانی کورد، لە گردی شاعیرانی شاری مەهاباد تەسلیم بە خاکی پیرۆزی کوردستان کرا و ئۆگرانی بە گوتنەوەی گۆرانیی «هەر ئەمنم ئەو کەسەی ژینی بۆ تۆ ماوە» وەفا و خۆشەویستییان بۆ ئەو هونەرمەندە نەمرە دووپات کردەوە.